# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا | سێشەممە ٣١ی خەرمانانی ١٣٩٤ _ ٢٢ی سێپتامبری ٢٠١٥ | ژمارە: ٦٦٤ | www.kurdistanukurd.com


### ساڵی تازەی خوێندن لە تامەزرۆیانی زانست و پێشکەوتن پیرۆز بێ

به بۆنەی کرانەوەی ساڵی تازەی خوێندن و دەسپێکردنی خولێکی دیکەی خۆپێگەیاندن، گەرمترین پیرۆزبایی لە قوتابیان و خوێندکارانی ئێران و بەتایبەتی فێرخوازانی کورد دەکەین. بەو هیوایەی ساڵی تازەی خوێندن ببێتە ساڵی سەرکەوتنی هەرچی زیاتری کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا و، بەتایبەت لە بەزرکردنەوەی ئاستی زانستی و مەعریفی و وشیاری منداڵان و لاوان کە سامانی داهاتوو و بنیاتنەری دوارۆژی گەلن.



## ئوروپا و جیهان

# باوەشکردنەوەی مرۆڤدۆستانە یا کۆت و بەند دانان لە سەر ڕێگای کۆچبەران؟



ڕەوتی کۆچکردن لە سووریە، ئەفغانستان، عێراق، کوردستان ولاتانی دیکەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و شیمالی ئەفریقا بەرەو ئورووپا و ولاتانی دیکەی ڕۆژاوا تا دێ بەرینتر دەبێ. لەم مانگانەی دوایی دا ئەم ڕەوتە شێوەی کۆڕەو و شەپۆلی گەورەی ئینسانیی بە خۆیەوە گرتوە. سنوورەکانی ژمارەیەک ولاتی ئورووپایی بە تایبەتی مەجارستان، کرۆواتی، سێربستان، ئوتریش، ئاڵمان و هتد، هەر ڕۆژەی هەزاران پەناخواز ڕوویان تێ دەکا. پەناخوازانێک کە هەتا ئێستا سەدان کەسیان تاک تاک و زۆرجاریش بە کۆمەڵ لە ڕووداوە دڵتەزێنەکانی ڕێگای گەیشتن بە ولاتێکی ئەمن دا، بە هۆی شەپۆلە سەرکەشەکانی دەریا، یا خنکان لە کانتینێرە داخراوەکاندا گیانیان لە دەست داوە.

شەڕی نێوخۆیی، توندوتیژیی تاقمە توندڕەوەکان، هەژاری و باری خراپی ئابووری، سیستەمی سیاسیی دیکتاتۆر و گەندەڵ بەشێک لەو هۆکارەکانی کۆچکردنی خەڵکی ئەو ولاتانە بەرەو ڕۆژاوان. ئەم ڕەوتە ئێستا بووە بە کێشەیەکی گەورە بۆ ئورووپا بە تایبەتی و جیهان بە گشتی. بیرورای گشتیی دنیا خوازیاری بە دەنگەوە چوونی لافاوی پەناخوازانە و، داوا لە دەوڵەتان دەکەن بۆ وەرگرتنیان هاسانکاریی پێویست بکەن. بەڵام زورلە دەوڵەتان و حیزب و ڕێکخراو و گرووپەکانیش نیگەرانی ئاکام و شوێنەوارە ئەمنیەتی، سیاسی و ئابوورییەکانی هاتنی ئەو لافاوە بۆ نیو کۆمەڵگەی خۆیان.

## حدک، زیندووکەرەوەی نەریتێکی شۆڕشگێڕانە

قادر وریا

ئەم هەواڵانەی ئەم ڕۆژانە و لەو مانگانەی دوایی دا بڵاو بوونەوە وەبیرهێنەرەوەی نەریتێکی شۆڕشگێڕانەی دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی هەتاوین.

شەوی ٣٠ لە سەر ٣١ی خەرمانان(٢١ لە سەر ٢٢ی سێپتامبر)، لە ناوچەیەکی هەڵکەوتوو لە نێوان شارەکانی نەغەدە، مەهاباد و پیرانشار، پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، چوونە نێو ئاوایی گەرگوولی خوارێ و لە بڵیندگۆی مزگەوتی ئاوایی قسەیان بۆ ئەو خەڵکە کرد کە بەو پەڕی خۆشییەوە باوەشیان بۆ کردبوونەوە.

چەند شەو پێشتر و ڕاست لە ٢٣ ساڵەی شەهیدبوونی د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دا، دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە نفووزیان کردە نێوشاری شنۆ و لە گەڕەکەکانی سەیدابات و تاچیناوێ، چاویان بە خەڵک کەوت و قسەیان بۆ کردن. لە تاچیناوێ لە ڕێگای بڵیندگۆی مزگەوتی ئاوایی بۆ ماوەی نیو کاتژمێر سروودی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەیان بە دەنگی خەڵکی تاچیناوێ و گەڕەکەکانی دیکەی شار و گوندەکانی ناوچە گەیاند. جگە لە سەدان کەس لە خەڵکی ئەو گەڕەکانە کە بۆ شادبوون بە دیتنی پێشمەرگەکان لە ماڵەکانیان هاتبوونە دەر ولە ئامێزیان دەگرتن، سەدان ماشێن و ماتۆڕسکلیت بە چراخانی و بووقلێدان و خۆشی نواندنی سەرنشینانیان، هاتنی پێشمەرگەکان بۆ نێو شاری خۆیان کردبووە جێژن.

هەر لەم مانگە دا، ئەم جۆرە دیمەنانە لە قووڵایی چەندین ناوچەی جیاجیای دیکەش دووپات بوونەوە. لە ناوچەی گەورکایەتیی مەهاباد، پاش تێپەڕینی نزیکەی ١٥ ساڵ، خەڵکەکە بۆ یەکەم جار پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتیان لە دەستەی گەورە دا دەدیت.

لە ناوچەی ڕەبەت، لە مەلبەندی قارەمانەتییەکانی فەرماندەی ڕەچەشکێن هەمزە سارتکەیی، هەر لەم مانگە دا پێشمەرگەکانی حیزب لە کاتێک دا لە نیو ئاوایی سیسێر بوون و بەرپرسانیان لە مزگەوتی ئاوایی لە گەڵ پیاوان و لاوانی گوند خەریکی قسەکردن و گۆڕینەوەی بیرورا بوون، کەوتنە بەر پەلاماری جاش و پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی.

ل ٢

## ڕاپۆرتی مەیدانیی هەواڵنێری کوردستان وکورد لە ناوچەی نەغەدە لە دیداری خەڵک و هێزی پێشمەرگەی دیموکرات

کوردستان وکورد: پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەر گەشت و هەڵسووڕانیان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوامن و هەر جارەی دانیشتوانی گوندێک و ناوچەیەک بە دیداری خۆیان خۆشحاڵ دەکەن.

لە پێوەندییەک لە گەڵ ناوەندی هەواڵی کوردستان وکورددا، پەیامنێرمان لە ناوچەی نەغەدە و لە ئاوایی گەرگوولی خوارێ، پێی ڕاگەیاندین: کاتژمێر ٨ی ئەمشەو( دووشەمە لە سەر سێشەمە) ٢١ لە سەر ٢٢ی سێپتامبر(٣٠ خەرمانانی ٢٠١٥)،هێزێک پێکهاتوو لە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چوونە نێو ئاوایی گەرگوولی خوارێ لە ناوچەی لاجان هەڵکەوتوو لە نیوان شارەکانی نەغەدە، پیرانشار و مەهاباد. خەڵکی گەرگوولی خوارێ کە ماوەیەکی زۆر بوو تامەزرۆی دیداری ڕۆڵە پێشمەرگەکانیان بوون بە ئاگادار بوون لە حزووری هێزی پێشمەرگە لە نێو دێیەکەیان، بۆپێشوازی لە ڕۆڵەکانیان لە ماڵیان هاتنە دەر. بە هۆی زۆریی ژمارەی ئەو ژن و پیاوانەی هاتبوونە پێشوازی، هاوڕێی بەرپرس و فەرماندەری ئەم هێزەی دیموکرات لە بڵیندگۆی ئاوایی،




قسەی بۆ خەڵکەکە کرد. ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان، وێڕای ڕاگەیاندنی سپاسی خۆی و هاوڕێیانی لە پێشوازی و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە و نیشتمانپەروەرانەی خەڵک، دڵنیایی پێدان کە هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لێ بڕاوە جار بە جار و ساڵ بە ساڵ حوزوورێکی کاریگەرتریان لە نیو خەڵک و نیشتمانی خۆیان دا هەبێ. ئەم ئاواتە دێرینەی خەڵک و پێشمەرگەش تەنیا بە هاوکاری و پشتیوانیی هەر چی بوێرانەتری خەڵک لە ڕۆڵەکانی خۆیان، مسۆگەر دەبێ. بەرپرسی ئەو هێزەی دیموکرات،لە سەر سیاسەتەکان و کۆمەڵێک هەڵوێست و بڕیاری حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ خەڵکەکە دوا و بۆی ڕوون کردنەوە کە حیزبی دیموکرات، خەبات لە پێناوی ئامانجەکانی نەتەوەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شێلگیرانە و بە هەموو شێوەیەکی مومکین بەرەو پێش دەبات. بە دوای دیدارنوێکردنەوەی خەڵک وپێشمەرگە لە کەشوهەوایەکی حەماسی و شۆڕشگێڕانە دا نیشتمانپاریزانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێشمەرگەکانی دیموکرات بە خۆشی و سلامەتی ماڵاواییان لە خەڵکی بەڕیزی گەرگوولی خوارێ کرد.

جێگای وەبیر هێنانەوەیە کە هێزی پێشمەرگەی دیموکرات، ئەمساڵیش بە هاوڕێیەتی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چەندین ناوچەی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ وێنەی ناوچەکانی سەردەشت، رەبەت،شنۆ، بانە، مەهاباد، پیرانشار، نەغەدە، هەورامان، مەریوان و سەقز دیداریان لە گەڵ خەڵک نوێ کردەوە. چوونی پێشمەرگەکانی دیموکرات بۆ نێو شاری شنۆ لە ٢٣ساڵەی شەهیدکرانی د.سادق شەرەفکەندی لە حەوتووی ڕابردوودا، بووە هۆی جێژن و شادمانیی خەڵکی ئەو شارە، و ترس و نیگەرانییەکی زۆریشی خستە دڵی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.



تیرۆری میکونوس و دەرەنجامەکانی
٤


کۆڕەوی کۆچبەران بەرەو ڕۆژاوا و پرسیارێکی جیددی!
٥


ئەو دەرفەتانەی لە کیس دەچن
٥


پەروەردەی سەقەت، لە ژێر دەسەڵاتی سەقەتدا
٦


یازدەی سێپتامبر و ئاکامی شەڕ لەگەڵ تێرۆریزم
٩

# نامەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ جێرمی کۆربین



دۆست و برای خۆشەویستم کاک جێرمی کۆربین
لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە جوانترین پیرۆزبایتان لێ دەکەم بەبۆنەی .هەڵبژاردنتان بەسەرۆکی حیزبی کارگەری بریتانیا
هیوادارم کە حیزبی کارگەر لەژێر ڕێبەری جەنابتان دا نەخش و ڕۆلی باشتر بگێڕێت لە پەوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤ لە ئێران بەگشتی و مافی دێموکراتیکی نەتەوەکانی دیکە و کوردستانی ئێران بەتایبەتی.
داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم لە رۆل و بەرپرسایەتی تازەتاندا.

**لەگەل ڕێزم دا**
**خالید عەزیزی سکرتێری**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**١٥ی سپتامبری ٢٠١٥**

## درێژەی: حدک، زیندووکەرەوەی نەریتێکی شۆڕشگێڕانە

پێشمەرگەکان گورج لێیان وەدەست هاتن و وەها ڕاویان نان کە هەتا نێو شاری رەبەت خۆیان نەگرتەوە. جارێکی دیکە حوزووری پێشمەرگە ترس و دڵەخورپەی خستەوە نێو هەناوی بەکرێگیراوانی سوپای پاسداران و ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی.

ناوچەی سەردەشت کە سالانی ڕابردووش خانەخوێی یەک بە دوای یەکی دەستەکانی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە، ئەمساڵیش پێی پێشمەرگەکانی لێ نەبڕا. دەستەکانی پێشمەرگە وێرای سەردانی چەندین گوند کە هێندێکیان لە پەنا شاری سەردەشت بوون، لە دێیەکانی باغی، قەلەڕەشێ، بناوێ، زووران، ... و.... قسەیان بۆ دانیشتوان کرد و لە بارەی هەلۆیست و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە قسەیان بۆ کردن. هەر لەم ناوچەیەش بوو کە سالێ رابردوو پێشمەرگەکانی دیموکرات، کەمینێکی جاش و پاسدارەکانیان لە سەر ڕێی خۆیان تێک شکاند ودەستێکی باشیشیان لێ وەشاند.

ئەم ساڵ هەڵسووڕان و حوزووری پێشمەرگە پەلی بۆ ناوچەکانی دیکەش هاویشت. لە ناوچەی بانە پاش سالانێکی زۆر خەڵکی پێشمەرگە پەروەر و پێشمەرگەپارێز، بە دیداری ڕۆڵەکانی خۆیان شاد بوونەوە. دەسپێکی ئەم حوزوورە، نفووزی تیمێک لە تێکۆشەرانی دیموکرات بۆ نێو شاری بانە و ئامادەبوونی سەمبولیک و واتادارییان لە سەر گڵکۆی کۆمەڵێک لە شەهیدان و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکانی شارلە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا بوو.

حوزووری دووبارەی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێو خەڵک و لە قووڵایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، ئەمساڵ هەم لە ڕووی پانتایی و ڕووبەری ناوچەکانی شوێنی هەڵسووڕان، هەم لە ڕووی زۆریی تیم و دەستەکانی پێشمەرگە، لە سالانی پێشوو بەرچاوتر بوو. ئەم ئامادەیی و حوزوورە، درێژەی حوزووری سالانی ڕابردووە. درێژەی ئەو هەڵسووڕان و چالاکیانەی پێشمەرگەکانی دیموکراتە کە لە دوای کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبەوە دەستی پێکردوە و لەو کاتەوە هەتا ئێستا ژمارەیەک ناوچەی وەک هەورامان ، کامیاران ، مەریوان و سەقزلە پاریزگەی سنە و زۆر ناوچەی کوردستان لە نێو پارێزگەی ورمێی گرتوەتەوە. زیندووکردنەوەی ئەم نەریتە شۆڕشگێڕانەیە لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستان، قوربانیی بە نرخی لەم حیزبە ویستوە. شەهیدان شێخ غەریب حەسەنی، هەمزە سارتکەیی، قادر نەزمی، قادر قادری، بێهرووز ڕەزانـەژاد، محەممەد نەدیمی وهـەژار قاسمی، کە خوێنیان خاکی ڕۆژهەڵاتی ڕەنگاند و نەمامی هیوای لە دڵی خەڵکی کوردستان دا ڕواند، بە نرخ و تێچووی تەخت کردنی ئەم ڕێگایە دەژمێردرێن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەم ساڵ ناوچە سنوورییەکانیشی لە بیر نەکرد و هەوڵی دا هێزی پێشمەرگەی خۆی بگەڕێنێتەوە چیاکانی سەر سنووری باشوور و ڕۆژهەڵات. پەیامی جێگیرکردنەوەی هێزی پێشمەرگە لە چیاکان و تێکۆشانی دەستەکانی هیزی پێشمەرگە لە قووڵایی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، ڕوونە. حیزبی دیموکراتی کوردستان، نزیک بوون لە خاکی نیشتمانەکەی و بوونی تێکۆشەرانی لە سەر خاکی ڕۆژهەڵات و لە نیو خەڵکی خۆیان، نەک هەر بە مافی خۆی، بەڵکوو بە ئەرکی خۆی دەزانێ و لەداهاتووش دا لە سەری بەردەوام دەبێ.

زیندوو کردنەوەی ئەم نەریتە شۆڕشگێڕانەیە، دوای شەهیدەکان، قەرزداری ئەو تێکۆشەرانەیە کە لەم حەرەکەت و چالاکیانەی پێشمەرگە لە نێو قووڵایی ڕۆژهەڵات دا بەشدار بوون. هەر وەها قـەرزداری هاوکاری و پشتیوانیی»پارێزەری ڕۆژهەلاتی کوردستان»ە، ئەوکەسانەی کە بە کردەوە پێشمەرگەکانی نێوخۆن. با خۆشەویستیی خەڵکەکەشمان بۆ پێشمەرگە و پێشوازی و باوەشی گەرمیان بۆ ڕۆڵەکانیان لە بیر نەکەین کە بە دڵنیایەوە هاندەری حیزبی دیموکرات و هێزی پێشمەرگەی دیموکراتە لە بەردەوامبوون لە زیندوو ڕاگرتنەوەی نەریتی دەستەملانێ بوونی خەڵک و پێشمەرگە دا.

# یادی شەهیدانی میکۆنۆس بەرز راگیرا

## کۆیە - بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ٢٣ ساڵەی تێرۆری مێکونوس‌دا سمیناڕێکی پێکهێنا.**



لەو سمینارەدا کە پێشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٦ ی خەرمانان بەبەشداریی کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرێوەچوو، کاک عومەر باڵکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و یای خەج مەعزووری، ئەندامی کۆمیتەی ناوندیی حیزب دوو باسیان بەو بۆنەیە پێشکێش کرد.

ئەو سمینارە بە ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ٢٦ ی خەرمانانی بێرلین دەستی پێکردو دواتر کاک عومەر باڵکی باسێکی لە سەر چۆنیەتیی ئەو ڕووداوەو کاریگەری‌و ئاکامەکانی پێشکێش کرد.

کاک عومەر باڵکی باسەکەی بە سەرەتایەک لە مێژووی تێرۆر لە کۆماری ئیسلامی‌دا دەست پێکردو گوتی تێرۆر وەک چەکی لەنێوبردنی فیزیکیی نەیاران هەر لەگەڵ هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بە دەستی کاربەدەستانی ڕێژیمەوە بووەو ڕێژیم بەردەوام لە چەکی تێرۆر لە نێوخۆی وڵات‌و دەرەوەی وڵات کەلکی وەرگرتوە.

باڵەکی دواتر هاتە سەر ئەو باسەی کە بۆ حیزبی دێموکڕات‌و لەبەرچی سکرتێرەکانی ئەو حیزبە هەمیشە نیشانەو ئامانجی تێرۆر بوون، پاشان بە وردی مەبەستەکانی ڕێژیم لە پلاندانان بۆ تێرۆری مێکۆنووسی شی کردەوە.

باسکردن لە چۆنیەتیی بڕیاری تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی، ئامادەکارییەکانی تیمی تێرۆر، کۆبوونەوەکەی مێکۆنوس، ڕووداوی تێرۆرەکەو پاشان بەدواداچوونی پۆلیس‌و دەزگای قەزایی ئاڵمان، بڕیاری دادگاو کاریگەریی لە پێوندییەکانی ئێران لەگەڵ دنیای دەرەوەو ئاڵوگۆڕەکانی دوای ئەو ڕووداوە چەند تەوەرێکی دیکەی باسەکەی کاک عومەر باڵکی لەو سمینارەدا بوون.

کۆڕگێڕێکی دیکەی ئەو سمینارە خاتوو خەدیجە مەعزووی بوو، باسەکەی بۆ دوان لە سەر هەندێ تایبەتمەندییەکانی دوکتور شەڕەفکەندی تەرخان کردبوو.

باسکردن لە هەندێ تایبەتمەندییە گشتییەکانی دوکتور شەرەفکەندی وەک پێداگریی لەسەر پاراستنی ئوسولی حیزبی‌و نەزم‌و دیسیپلین، بوێری لە هەڵویست گرتن لە کاتی تەنگانەدا، رووحییەی بەرز و بە هێزی نەتەوایەتی‌و پەرەپیدانی ئەو هزرە، قاتع‌و قانع و سادق و خاکی بوونی ئەو قسەی کردو کۆمەڵێک بیرەوەریی خۆی لەگەڵ دوکتور شەڕەفکەندی گێڕاوە.

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئاماژە بە قۆناغی وەرگرتنی پۆستی سکرتێری لەلایەن دوکتور شەڕەفکەندی بە دوای تێرۆری دوکتور قاسملوو گوتی: کۆماری ئیسلامی چاوەڕوانی بە چۆکداهاتنی حیزبی دیمۆکرات بوو، بەڵام دوکتور شەرەفکەندی بە ئیمانی پۆڵایین‌و ورەی چیاییەوە رێبەریی حیزبی دێموکڕاتی وەئەستۆ گرت‌و، نەهێشت بێ قاسملوویی بە حیزبی دێموکراتەوە دیار بێ.

## نۆروێژ

**ڕۆژی شەممە، ٢٨ ی خەرمانان ( ١٩ی سێپتامبری ٢٠١٥)و لە ٢٣ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور شەرەفکەندی و هاورێیانی بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان سمیناڕێکی سیاسی بۆ کاک عەبدوڵڵا حیجاب، چالاکی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هێنا.**

ئەو سمینارە کە لە ژێر ناوی « کۆماری ئیسلامی و تێرۆری میکۆنۆس بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەرانی حیزب‌و ڕێکخراوەکان، ئەندامان لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیب‌و خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان کورد و کوردستان دەستی پێکرد. پاشان ڕامان مەعروفی، ئەندامی کۆمیتەی نۆروێژ باسێکی کورتی لەسەر پێکهێنانی ئەو سمینارە پێشکەش کردو لە دەسپێکی سمینارەکەدا شاعیری هەست ناسک، کامران شافعی چەند کۆپلە شێعری بەرگریی بەو بۆنەیە خوێندەوە.

لە بڕگەی سەرەکیی سمینارەکەدا کاک عەبدوڵڵا حیجاب باسەکەی بە پێناسەیەکی کورت لە سەر تێرۆرو لە نێوبردنی دژبەران‌و جیابیران لە لایەن دەوڵەتانی دیکتاتۆرو، بە تایبەتی کۆماری ئیسلامی دەست پێکرد.

بەڕێزیان لە باسەکەی‌دا ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی تێرۆری ڕێبەری



شەهید دوکتور شەرەفکەندی‌و هاورێیانی بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاڵمان شی کردەوەو وێرای باس لە ڕۆڵ و نەقشی شەهید دوکتور شەرەفکەندی لە نێو حیزبی دێموکرات بە گشتی‌و لە ڕێبەریکردنی ئەو حیزبەدا بە تایبەتی دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوو، گوتی دوکتور شەڕەفکەندی کە نەیهێشت حیزبی دێموکرات بێ دوکتور قاسملوویی پێوەدیار بێ، هەر بەو هۆیەش بوو کە سەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران بیریان لە تێرۆرو لە نێوبردنی ئەو ڕێبەرە مەزنەی حیزبی دێموکرات‌و جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران کردەوە کە بەداخەوە تێیدا سەرکەوتوو بوون.

بەرێز حیجاب لە بەشێکی دیکەی باسەکەی‌دا وێرای ئاماژە بە ئاڵوگۆرەکانی ئەمڕۆی جیهان‌و ئێران بە گشتی‌و کوردستان‌و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، باسی لە پێویستیی یەکریزی‌و یەکگرتوویی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردو یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانی بە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرو هەنووکەیی زانی و ئاواتی خواست کە هەر دوو بەشی حیزبی دێموکرات بە لە بەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئێستای ئێران‌و ناوچەکەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زیاتر هەوڵ بۆ چارەسەری ئەو پرسە گرینگە بدەن‌و جارێکی دیکە دڵی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و دۆستانی شاد بکەنەوە.

## کانادا

**لە سالیادی تێرۆری دوکتور شەڕەفکەندی‌و هاورێیانی لە بیرلین سمیناڕێک بۆ ڕیزلێنان لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی میکۆنوس لە کانادا بەڕێوەچوو.**

کومیتەی ڕۆژئاوای کانادای حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی هەینی، ٢٧ی خەرمانان ( ١٨ سیپتامبری ساڵی ٢٠١٥ی زایینی) سمیناڕێکی بە بەشداریی نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکان لە کاناداو بەشێک لە کوردانی دانیشتووی ئەو وڵاتە بەڕێوەبرد.

ئەو سمینارە بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب‌و قسەکانی خەلیل



ئەشکانی، ئەندامی کومیتەی حیزب لە ڕۆژئاوای کانادا دەستی پێکرد. دواتر ئەنوەر کەریمی، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە ڕۆژئاوای کانادا باسێکی لە سەر پێگەی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی شەهید دکتور سادق شەڕفکەندی‌و؛ ڕۆڵی ئەو لە ڕێبەریی حیزبی دیموکڕات‌و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا پێشکەش کرد.

باسکردن لە تایبەتمەندییەکانی دوکتور شەڕەفکەندی لە ژیانی سیاسی‌و حیزبی‌داو ئەو پێگەو قورساییەی ئەو وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە نێو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیدا هەیبوو، هەروەها کاریگەریی تێرۆری دوکتور شەڕەفکەندی لەسەر ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامی‌و باس لە دادگای مێکۆنوس‌و بڕیارەکانی بەشێکی دیکە لە قسەکانی بەرپرسی کومیتەی حیزب لە ڕۆژئاوای کانادا لە کۆبوونەوەیە بوو.

## پاریس

ڕێوڕەسمێک بۆ بەرزڕاگرتنی بیرەوەریی شەهیدانی مێکۆنوس لە سەر مەزاریان لە پێرلاشێزی پاریس بەڕێوەچوو.

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٩ ی خەرمانان ژمارەیەک لە ئەندامان‌و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دانیشتووی پاریس بە ئامادەبوون لەسەر گڵکۆی شەهیدان دوکتور شەرەفکەندی، هۆمایون ئەردەڵان‌و فەتاح عەبدوڵی



پەیمانی وەفایان لەگەڵ شەهیدانی ٢٦ ی خەرمانان نوێ کردەوە.

لەم کۆبوونەوەیەدا دوای دانانی چەپکە گوڵی ڕێزو وەفاداری لەسەر گڵکۆی شەهیدی نەمر دوکتور شەڕەفکەندی‌و هاوڕێیانی، کاک جەلیل گادانی بە نوێنەرایەتیی کۆمیتەی فەرانسە وێڕای سپاس‌و بەخێرهاتنی بەشداربووان باسێکی کورتی لەسەر کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندی‌و چۆنیەتیی ڕوودانی کارەساتی تێرۆری مێکۆنووس‌و هەروەها ماهییەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌و سیاسەتی تێرۆری ڕێژیم پێشکەش کرد.

کاک جەلیل لە قسەکانیدا پێی لەسەر زەروورەتی دەرس‌وەرگرتن لەم تیرۆرەو هەروەها پێویستیی وشیاری‌و لێکنزیکبوونەوەو، یەکڕیزیی هێزەکانی ئۆپۆزیسۆن بۆ بەرەنگاربوونەوە کۆماری ئیسلامی‌و پیلانەکانی داگرتەوە.

# کار و چالاکیی کومیتەکانی حدک لە دەرەوەی وڵات

## ئوتریش

**کۆمیتەی ئوتریشی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سمینارێکی بۆ کاک مستەفا شەڵماشیو کاک عەزیز میران پێکهێنا.**

لە درێژەی کاروچالاکییەکانی کومیتەی ئوتریشی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٢ی سێپتامبری ٢٠١٥ی زایینی، بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب، نوێنەری حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکانو کۆمەڵێک لە کوردانی دانیشتووی وڵاتی ئوتریش، سمینارێک بۆ مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیو بەرپرسی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانو، کاک عەزیز میران، نوێنەری حیزبی سوسیال دیموکراتی ئوتریش بەڕێوەچوو.



لەو سمینارەدا کاک مستەفا شەڵماشی باسێکی سیاسیی لە سەر دۆخی ئێرانو کوردستان پێشکێش کردو پاشان چەندین پرسیاری گرینگ لە سەر بارودۆخی، سیاسەتی حیزب لە سەر ڕێککەوتنی ئێرانو وڵاتانی پێنج کۆ یەک، بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران، شەڕی داعش، دەور و کاریگەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە پەرەپێدانی تیرۆریزم لە ناوچەداو، چەند پرسیاری دیکە بەرەورووی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کران کە بەڕێزیان بە وردی وەڵامی دانەوە.

لەو سمینارەدا کۆمەڵێک پرسیاریش لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی پشتیوانی وڵاتانی دەرەوە بە تایبەت ئوتریش لە کورد، ئاراستەی نوێنەری حیزبی سوسیال دیموکراتی ئوتریش کران، کە بەڕێزیان وڵامی دانەوە.

شایانی باسە کە نوێنەری زۆر حیزبو ڕێکخراوی کوردستانی بەشداری ئەو سمینارە بوون.

## پاریس

**هەیئەتێکی کۆمیتەی فەرانسەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی دوکتور فوئاد حوسێندا بەشداری کرد.**

ڕۆژی پێنجشەممە ١٠ی سێپتامبری ٢٠١٥ (بەرامبەر بە ١٩ی خەرمانانی ١٣٩٤) نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان لە فەرانسە کۆبوونەوەیەکی بۆ دوکتور فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان پێک هێناو نوێنەرانی حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکانی بۆ ئەم مەبەستە بانگهێشت کرد.

کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە فەرانسە یەکێک لەو لایەنانە بوو کە بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەکە بانگهێشت کرابوو، بۆ ئەم مەبەستەش هەئیەتێکی حیزب بە سەرپەرستیی کاک جەلیل گادانی، ئەندامی ڕاوێژکاری دەفتەری سیاسیو هاوڕێیەتیی مەسعوود ڕەواندوست ئەندامی ڕێبەریو ئارەش زەمانی بەرپرسی کۆمیتە بەشدارییان لەو کۆبوونەوەیەدا کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا دوکتور فویاد حوسێن باسی لە بارودۆخو دوایین پێشهاتەکانی هەرێمی کوردستانو باسی ئەو قەیران و گرفتانە کرد کە لە چوار لایەنی سیاسیو نیزامیو مرۆڤیو داراییەوە تووشی هەرێمی کوردستان بۆتەوە. ئەو وێڕای ئاماژەیەکی خێرا بە



هۆکارەکانی دروستبوونی هەر کام لەم قەیرانو گرفتانە، باسی لە هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم بۆ چارەسەریی قەیرانەکان کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا کە بۆ وەرگرتنی ڕاو و بۆچوونی بەشداران تەرخان کرابوو، کاک جەلیل گادانی گرفتی گەندەڵی لە ئیدارەی هەر وڵاتو حکومەتێکی بە بابەتێکی هەستیار زانیو داوای لە بەڕێوەبەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد بەرەنگاری ئەو دیاردەیە ببنەوە، چونکی لەم هەلومەرجەدا جگە لە زەبرێکی قورسی ئابووریو هێنانەژێرپرسیاری ئیعتباری حکوومەت، دەبێتە هۆی بێ هیوایی خەڵک.

شایانی باسە هەیئەتی حیزبی لە پەراوێزی ئەو کۆبوونەوەیەدا لەگەڵ کۆمەڵێک لە نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانو کەسایەتییە سیاسیو ئاکادیمییەکانی کورد دیدارو چاوپێکەوتنی نوێ کردەوە.

## ئوتریش

**شاندێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سەردانی دەفتەری سەرۆک کۆماریی ئوتریشی کرد.**

لە درێژەی دیدار و سەردانەکانی هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئوتریش، ڕۆژی پێنجشەممە، ١٩ ی خەرمانان (١٠ی سێپتامبری ٢٠١٥ی زایینی)، بە سەرپەرستیی کاک مستەفا شڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیو بەرپرسی کومیتەی بەڕێوەبەری دەرەوەی وڵاتو بە هاوڕێیەتی کاک خدری هەمزە نیژاد، بەرپرسی کومیتەی ئوتریشو دکتور عەلی مازوجی بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لەو وڵاتە، سەریان لە دەفتەری سەرۆک کۆماری ئوتریش داو و لەگەڵ دوکتور فرۆیدن شوس، سەرۆکی کابینەی سەرۆکایەتیی کومارو خاتوو کاترین بەرپرسی کاروباری نێونەتەوەیی پارلمانی ئەو وڵاتە دیدارو وتووێژیان کرد.

لەو دیدارەدا کاک مستەفا شەڵماشی باسێکی لە سەر بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست، کوردستانو ئێران پێشکەش بە هەیئەتی خانەخوێ کردو لەو باسانەدا مەسەلەی پێشیلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێرانو کوردستان بەهۆی ڕێژیمی کوماری ئیسلامی، پرسی کورد بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بە تایبەت لە ئێراندا، شەری دژە تێرورو ڕۆڵی هێزەکانی ناوچەو جیهان هاتنە بەرباس.

بابەتێکی دیکە کە لەو دیدارەدا هاتە بەرباسو ماوەیەکی دوورودرێژە بە هەڵپەسێراوی ماوەتەوە، پەروەندەی تێروری شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری ئازەر بوو کە داوا لە نووسینگەی سەرۆکایەتیی کۆماری ئوتریش کرا یارمەتیدەر بێ لە زیندوکردنەوەی ئەو پەروەندەیەو بەرێوەبردنی عەدالەت لەو پێوەندییەدا.

دوابەدوای قسەکانی کاک مستەفا شەڵماشی، هەردووک ئەندامی هەیئەتی ئوتریش سپاسی هەیئەتی حیزبیان کردو چەندین پرسیاریان سەبارەت بە دۆخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڕاستەی وەفدی حیزب کردو پاش وەڵام دانەوەی پرسیارەکان ئەو هاوکارانەی سەرۆک کۆماری ئوتریش باسی سەفەری سەرۆک کۆماری ئوتریش بۆ ئێرانیان کردو ڕایانگەیاند کە سەرۆک کۆماری ئوتریش لەو سەفەرەدا مەسەلەی

مافی مروڤی لە گەڵ کاربەدەستانی باڵای ئێرانی هێناوەتە بەرباسو داوای کردوە کە قانوونەکانی ئێران ئاڵوگۆرێکی ئەوتۆیان تێدا بکری کە لەگەڵ یاساو ڕێسا نێودەوڵەتییەکان یەک بگرنەوە. لە سەر پەروەندەی تێرۆری شەهید دوکتور قاسملۆش ئاماژەیان بەوەکرد کە ئەوە پەروەندەیە بابەتێکی قەزاییەو پێویستە وەزارەتی داد پێ رابگا.

هەر هەمان ڕۆژ هەیئەتی حیزب سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لە ئوتریش کردو و لە لایەن دوکتور مستەفا ڕەمەزانەوە پێشوازیی لێ کرا.

لەو دیدارەدا باس لە سەر پرسی کورد بەگشتیو پێوەندی هێزو لایەنە کوردستانییەکان بە تایبەتی کراو هەردووک لا بوچۆنیان ئەوە بوو کە پێویستە هێزە کوردستانییەکان هاوکاری یەکتر بکەنو بە تایبەتی لە دەرەوەی وڵات بۆ ناساندنی مەسەلەی کوردو لۆبیگەری بۆ مەسەلەی نەتەوە یی بەیەکەوە هەنگاو هەڵێنن.

لە درێژەی دیدارو چاو پێکەوتنەکانی هەیئەت دا، لەگەڵ دوو ڕۆژنامەی بەناوبانگی ئوتریشی، واتە ڕۆژنامەی کۆریر و دی پریسە، وتووێژێکی ڕۆژنامەنووسی بۆ کاک مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێکخرا.

### سەردانی شاندێکی حدک لە ئوتریش لە پاڕلمانی ئەو وڵاتە

**شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی دیدار لەگەڵ پاڕلمانتارانی ئوتریش سەردانی پاڕلمانی ئەو وڵاتەی کرد.**

ڕۆژی چوارشەممە، ١٨ی خەرمانان ( ٩ی سێپتامبری ٢٠١٥ی زایینی) هەیئەتێک لە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک مستەفا شڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیو بەرپرسی کومیتەی بەڕێوەبەری دەرەوەی وڵاتو بە هاوڕێیەتی کاک خدری هەمزە نیژاد، بەرپرسی کومیتەی ئوتریشو

ماوەیەکی دوورودرێژە بە هەڵپەسێراوی ماوەتەوە، پروەندەی تێروری شەهید دوکتور قاسملوو، بوو کە داوا لە ئەندامانی پارلمانی ئوتریش کرا یارمەتیدەر بن لە زیندوکردنەوەی ئەو پەروەندەیەو بەرێوەبردنی عەداڵەت لەو پێوەندییەدا.

لەو دیدارەدا هەر دوو ئەندامی پارڵمانی ئوتریش پشتوانیی خۆیان بۆ مەسەلەی کورد بە گشتیو داواکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان راگەیاندو بەڵێنیان دا کە یارمەتیدەر بن لە هینانەوە بەرباسی پروەندەی تێرۆری شەهید دوکتور قاسملوو.

هەیئەتی حیزب دوای ئەو دیدارو چاوپێکەوتنە لەگەڵ خاتوو کریستینە مۆتونن، ئەندامی پارڵمانی ئوتریشو وتەبێژی حیزبی سوسیالیست بۆ سیاسەتی دەرەوەو کاروباری پێوەندیدار بە یەکیەتیی ئورووپا، سیپاستیان لوکینگ، راوێژکاری خاتوو مۆتۆننو، سیپاستیان شوبلاخ، پسپۆر لە سیاسەتی نێونەتەوەیی‌دا دیدار و وتووێژیان کرد.

لەو دانیشتنەش دا جگە لە هێنانە بەرباسی کێشەی مافی مرۆڤ لە ئێرانو کوردستان، باسێکی تێروتەسەل لەبارەی زیندووکردنەوەی پەروەندەی شەهیدکرانی دکتور عەبدوڕەحمانی قاسملووو هاوڕێیانی لەلایەن تێرۆریستەکانی ڕێژیمی تارانەوە هاتە بەرباس، کە ئەو ئەندام پاڕلمانو کەسایەتییە سیاسییەنەی ئوتریشیش بەڵێنیان دا بۆ هێنانە بەرباسی ئەو بابەتە لە پارلمانو لە دامودەزگا پەیوەندیدارەکاندا.

هەر هەمان ڕۆژ هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەردانی بەڕێز خاتوو بێریڤان ئەسڵان، ئەندامی پارلەمانی ئوتریش لە سەر لیستی حیزبی سەوزەکانیان کردو باس و خواسێکی تێروتەسەلیان سەبارەت بە دۆخی نالەباری کوردستان، پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێرانو ڕۆژهەڵاتی کوردستانو هەروەها خەباتی کورد لە دژی کۆماری ئیسلامی بۆ مافەکانیان کرد.

لەو دیدارە هەیئەتی حیزبی داوایان لە خاتوو بێریڤان کرد کە لای خۆیەوە ئەویش هەوڵ بۆ وەگەڕخستنەوەی









دکتور عەلی مازوجی، بەرپرسی پێوەندییەکانی کۆمیتەی حیزب سەریان لە پارڵمانی ئوتریش داو لەگەڵ «ڕۆمان هایدیر» و «گرێگۆر ئەمهۆف»، ئەندامانی پارڵمان لە سەر لیستی حیزبی لیبراڵی ئوتریش، دیدار و وتووێژیان کرد.

لەو دیدارەدا پرسە گرینگەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کوردستانو ئێران کرد. بابەتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێرانو کوردستان لە لایەن رژیمی کوماری ئێسلامیەوە، پرسی کورد بە گشتی لە رۆژهەڵاتی نێوەراست، شەڕی دژە تێرور و ڕۆڵی هێزەکانی ناوچەو جیهان لەلایەن شاندی حیزبەوە هاتنە بەرباسو دوو لایەن ئاڵوگۆری بیروڕایان لەسەر کردن.

بابەتێکی دیکە کە لەو دیدارەدا کە هاتە بەرباسو

پەروەندەی تێرۆری شەهید دکتور قاسملوو لە پارلمان و دامو دەزگا قەزاییەکانی وڵاتی ئوتریش بدا.

بێریڤان ئەسڵانیش، وێڕانی خۆشحاڵی دەربڕین لەو دیدارو باسو خواسەکانی ئەو چاوپێکەوتنە هاوڕایی خۆی لەگەڵ بۆچوونە دروستەکانی حیزبی دێموکڕات لە سەر پرسە سیاسییەکانی ناوچەکە دەربڕیو بەڵێنی دا لەسەر پەروەندەی تێرۆری شەهیدانی وییەنو دروست کردنی لابییەکی بە هێز پێک هاتوو لە دۆستانی کورد کار بۆ وەگەڕخشتنەوەی ئەو پەروەندەیەو ڕاکێشانی تاوانباران بۆ بەردەم دادگا بکا.

# پشتگیریی کوردانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای کوردستان لە پەناخوازانی کورد

### سوئیس

لە خۆپیشاندانی کوردانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژاوای کوردستان لە زوریخی سوئیس پشتیوانی لە داوای پەناخوازان بۆ وەرگیرانیان لە وڵاتانی ئورووپایی کرا.

لەو خۆپیشاندانەدا کە ڕۆژی یەکشەممە، ١٤ی خەرمانان لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانو گرووپ“ئارارات“ەوە ڕێکخرابوو، دەیان کەس بەشدارییان تێداکردو بە بیرهێنانەوەی تراژیدیی مەرگی ئالانی سێ سالان، پشتگیرییان لە داوای پەناخوازانی ڕۆژاوای کوردستان بۆ وەرگیرانیان لە وڵاتانی ڕۆژاوایی کرد.

لەو خۆپیشاندانەدا پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن خوسرەو مستەفانەژاد، ئەندامی کۆمیتەی سوئیسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان خوێندرایەوەو لە پەیامەکەیدا وێڕای مەحکومکردنی پشگیریی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەسەڵاتی بەشار ئەسەد، باس لە سیاسەتی دژەکوردانەی ئێرانو تورکیە لە ئالوگۆرەکانی ئێستای ناوچەکەدا کرابوو.

هەر لەو پەیامەدا ڕەخنەی ئەوەش لە وڵاتانی ئورووپایی گیرابوو کە لە ماوەی ٤ ساڵی ڕابردوودا بە سیاسەتی ناکارای خۆیان بواری ئەوەیان بۆ بەشار ئەسەدو گرووپە توندرەوە ئیسلامییەکان لە سووریە ڕەخساندوە خۆراوای کوردستان بکەنە مەیدانی شەڕو ئەوەش شالاوای پەناخوازانی کوردی لێکەوتۆتەوە.

# بەشداری هەیئەتێکی حدک لە ئەمریکا لە کۆبوونەوەیەکی نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان

بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە نووسەری کتێبی ڕێنوێنیی گەشتیاری لە کوردستان بەڕێوەچوو.

نوێنەرایەتی حکومەتی هەریمی کوردستان لە واشینگتۆن بۆ ڕێزگرتن لە دوکتور داگلاس لینتون، نووسەری بە ناوبانگی ئەمریکی کە لەو ماوەیەدا کتیبی «ڕێنوێنیی گەشتیاری لە کوردستان»ی نووسیوە، کۆبۆنەوەیەکی لە سالۆنی ٣٣٩ی بینای روبین، سەر بە ئیدارەی کونگرەی ئەمریکا پێکهێنا.

ئەو کۆبوونەوەیە بە قسەکانی خاتوو بەیان سامی عەبدوڕەحمان، نوینەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشینگتون دە ستی پێکردو دواتر سیناتور خاتوو بلەک بورگ، دوکتور داگلاس لینتون، ژێنیراڵ جیم جونزو گونگریسمەن جەرید پۆلس لە سەر پێگەی کوردستان لە هاوکێشە جیهانییەکاندا قسەیان کرد.

ئەوان بە گشتی لە باسەکەیان‌دا بە ڕێزەوە باسیان لە خەباتی گەلی کورد بۆ مافەکانیان کردو وێڕای باس لە چۆنیەتیی ئاشنابوونو تێکەڵاوییان بە پرسی کورد، ڕۆڵی هێزە کوردییەکانیان لە سەقامگیریی ئاشتیو هێمنایەتیی ناوچەدا بەرز نرخاند.

لەو کۆبوونەوەیەدا هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە لە کامەران باڵنوور، نوێنەری حیزب لە ئەمریکاو خەبات ئیبراهیم پوور، بەرپرسی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو وڵاتە پێکهاتبوو، لە پەڕاوێزی کۆبوونەوکەدا توانییان لەگەڵ کۆمەڵێک لە بەشداراندا باسو دیداریان هەبیو لەسەر بارودۆخی کوردستان بەگشتیو ئێرانو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەن.

# تێرۆری میکۆنۆس و دەرەنجامەکانی



عومەر باڵەکی

نیزامی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای بە دەسەڵاتگەیشتنی پایەکانی دەسەڵاتداری خۆی لەسەر ترس و تۆقاندن دامەزراند و هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و تێکچوونی شیرازەی ئەمنییەتی وڵات، خومەینی و دارو دەستەکەی لە ڕێگەی دامەزراندنی کومیتەکانی ئینقلاب و دادگای بەناو شورش بە سەدان کەسیان لە کار بەدەستانی ڕێژیمی پیشوو و تەنانەت خەڵکی بێتاوان لەو دادگایانەدا محاکەمە کرد و حوکمی ئیعدام و لەناوچوونیان بەسەر داسەپا لە حاڵێکدا ئەو دادگایانە هیچ پێگەیەکی قانوونی و یاساییان نەبوو و تەنانەت ئەوانەی حاکمی شەرع و بەڕێوەبەری حوکم و بڕیارەکانی ئەو دادگایانە بوون نە هیچ پێشینەیەکی یاسایان لە دادگا و دادوەری دا هەبوو و نە لەلایەن هیچ دەزگایەکی سەلاحیەتداری یاساییەوە سەلاحییەتی دادوەری و بەڕێوەبەری حوکمی ئیعدامیان پێدرابوو، بەم جۆرە نیزامی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی ڕەشی خۆی بەسەرگەلانی ئیران داسەپاند، بەڵام ئەو شێوە بەڕێوەبەری و کارکردنە تەنیا تایبەت نەبوو بەناوخۆی وڵات بەڵکوو زۆر زوو سنوورەکانی بەزاند و دەستی تێرۆری کۆماری ئیسلامی هەتا ئەوپەڕی قارەو وڵاتە دوورەدەستەکان ڕۆیشت و هەموو پرنسیپە نێودەوڵەتییەکان لەلایەن تێرۆریستانی هەناردەکراوی کۆماری ئیسلامی پێشێل کرا.

یەکەم قوربانی بەدەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهریار شەفیق بوو کە ١٦ی سەرماوەزی ١٣٥٨ (دێسامبری ١٩٧٩) لە پاریس تێرۆر کرا کە هێشتا تەمەنی دەسەڵاتدارییەتی کۆماری ئیسلامی ساڵێکی پڕ نەکردبووە. لەبەر ئەوە نیزامی کۆماری ئیسلامی بۆ دەوڵەتان و دنیا نەناسرابوو و تێرۆریستانیش کەمتر نیشانە و جێپێیان لە دوای خۆ بەجێهێشت کەمتر قامکی تاوان و تاوانباری بۆ لای دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی رادەکێشرا، هەر بۆیە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵەکانی دوایەشدا لە ڕێگەی تێرۆرەوە لە دەرەوەی وڵاتان بەتایبەتی ئوروروپا دەستیان لە کوشتنی دژبەرانی خۆیان هەڵنەگرت کە بەداخەوە دەستی تێرۆری کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی ئوروروپایی دوو جار گەیشتە جەستەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و برین و زامی گەورەی تێکرد. جاری یەکەم ٢٢ پووشپەڕی ١٣٦٨ لە وییەن پێتەختی ئوتریش دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لەسەر مێزی وتووێژو دانوستان شەهید کران و جاری دووهەم ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ (١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢) لە برلینی پێتەختی ئاڵمان دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بەدەستی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی شەهید بوون. بەڵام تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی کە بە ڕووداوی میکونوس ناوبانگی دەرکرد لەگەڵ تێرۆرەکانی دیکە جیاوازی هەبوو، چونکە ئەو جار وەک جارەکانی دیکە نەبوو، دەزگای قەزایی و بیرورای گشتی ئاڵمان سوور بوون لەسەر ڕوونبوونەوەی ڕووداوی میکونوس کە چوار کەسی تێدا تێرۆر کرابوون کە سێ کەسیان کورد بوون و لە ڕێبەرانی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون و کەسی چوارەم لە چالاکانی سیاسی ئوپوزیسیونی ئێران بوو.

پۆلیس و دەزگای قەزایی ئاڵمان دەست بەکاربوون و پەروەندەیەک کراوە کە سێ ساڵ و نیوی کێشا و ٢٤٧ جەلەسەی هەبوو کە لە حەوتوودا دوو جەلەسە ڕۆژانی پێنجشەممە و جومعە لە ژێر چەترێکی ئەمنییەتی توندا بەڕێوەدەچوون و جەلەسەکانی دادگا زۆربەی زۆریان بە ئاشکرا بوون و هەموو دەزگاکانی راگەیاندن ئازادبوون لە بڵاوکردنەوەی راپۆرت و هەواڵ سەبارەت بە بەڕێوەچوونی دادگا. هەتا تەواوبوونی دادگا و راگەیاندنی حوکمی کۆتایی لە بواری ماڵییەوە نزیک بە ٩ میلیون مارکی ئاڵمانی بۆ دەوڵەتی ئاڵمان تێچووی هەبوو.

ئەگەر ئەو پرسیارە بکەین کە بۆچی ئاڵمان لەگەڵ ئەوەدا شەڕیکیکی گەوری تیجاری ئێران بوو و ساڵانە لە معامڵات لەگەڵ ئێران داسوود و قازانجێکی زۆری دەست دەکەوت، بەوشێوەی پێگیرو قورس و قایم بەدوای روونکردنەوەی ڕووداوی میکونوس دابوو، لە وڵامی پرسیارێکی ئەوتۆدا دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە:

–ئاڵمان وڵاتێکی گەورەی ئابووری و دێموکراسییە لە ناوەندی ئوروروپا و بە درێژایی مێژووی خۆی هەموو کات ویستوویەتی ڕێبەری ئوروروپا بکا و ڕووداوی لەو بابەتە کە هۆکاری سیاسی لە پشت بێ و کاری دەوڵەت یاریکخراوێکی سیاسی بێ بە ئاشکرا پێشێل کردنی سەروەری دەسەڵاتی سیاسی ئاڵمانە و لە هەمان کات دا دەستدرێژییە بۆ خاکی ئەو وڵاتە.

– تاوانی چوار قەتڵ لە یەک کات و شوێندا بۆ بیرورای گشتی ئاڵمان جێگەی قبووڵ نەبوو و ئەگەر تاوانبارانی میکونوس تەحویلی دادگا نەدرێن و هۆکاری تاوانەکە ئاشکرا نەبێ و تاوانباران بەسزا ی خۆیان نەگەن، دەبێتە هەرەشەیەک لە سەرئەمنییەتی ناوخۆی ئاڵمان.

– سێ کەس لە تێرورکراوەکان « دوکتور سادقی شەرەفکەندی، کاک فەتاحی عەبدولی، کاک هومایونی ئەردەڵان» بە ڕەسمی میوانی کۆنگرەی ئینترناسیونالسوسیالیست بوون کە لە رۆژی ١٤ تا ١٧ی سێپتامبر لە شاری برلین پێتەختی ئاڵمان بەڕێوەدەچوو و پۆلیسی ئاڵمان بەرپرسی پارێزگاری ئەمنی کۆنگرەکە و پاراستنی گیانی میوانەکان بوون.

ئەوانە هەموویان هۆکاربوون بۆ ئەوەی دەزگای قەزایی ئاڵمان زۆر بە جیددی و بێ دردۆنگی بە دوای تاوانباران و هاندەرانی تاوان دا بگەڕێ. دیارە لەو ماوەیەدا کە دادگای برلین زۆر شێلگیرانە بە دوای هۆکار و پاڵنەری تاوانباران بۆ کردنی ئەم تاوانە دادەگەڕا، کۆماری ئیسلامی زۆری هەوڵ دا پێش بە ڕەوتی دادگا بگرێ، یەکەمجار بە ڕەسمی لە ڕێگەی وەزارەتی ئیتلاعات واتە «علی فلاحیان» وەزیر هەوڵی دا وەزیری موشاوێر بۆ هەماهەنگی دەزگای ئیتلاعاتی و ئەمنییەکانی ئالمان»ئەشمیت باونر» رازی بکا کە دادگا و پەروەندەیەک پێک نەیە و لە بەرامبەردا ئێران دەتوانێ لە پێگە و نفوزی خۆی لەلای حیزبوڵڵای لوبنان کەڵک وەربگرێ بۆ بەردانی هێندێک بارمتەی ڕۆژئاوایی و کاتێک لەوەدا سەرنەکەوتن هەوڵیان دا مەسەلەی بازرگانێکی ئاڵمانی کە بەتاوانی پێوەندی بە ژنێکی مسوڵمان لە تاران دەست بەسەربوو بیکەن بە سات و سەودا، بەڵام هەموو جارێ ئەو وڵامەیان لە کاربەدەستانی ئاڵمان دەبیست کە دەزگای قەزایی ئاڵمان سەربەخۆیە و دەوڵەت ناتوانێ دەستێوەردانی تێدا بکا و لە ڕاستیشدا وا دەرچوو و دەزگای قەزایی ئاڵمان سەر بە خۆیی خۆی نیشانی هەموو دنیا دا.






کۆماری ئیسلامی بێجگە لەوە کە هەوڵی دەدا دەوڵەتی ئاڵمان بە قەناعەت بگەێنێ لە ڕێگای دیکەشەو لە هەوڵ و تێکۆشاندا بوو بە هەر جۆرێک بێ، لە هێنانی ناوی ئێران لەو پەروەندەیەدا پێشگیری بکا و بۆ ئەوەی هەڕەشەی لە یوسف ئەمین یەکیک لەتاوانباران بە ڕەگەزی لوبنانی کردبوو کە ئەگەر دان پێداهێنانەکەت لە دادگا وەرنەگرێەوە لەلوبنان بنەماڵەکەت تێدا دەچێ، هەرچەند یوسف ئەمین لە ترسان وتە و دانپێداهێنانەکەی خۆی وەرگرتبووە بەڵام دوای ئازاد بوون لە زیندان و گەڕانەوەی بۆ لوبنان لە لایەن دام و دەزگای ئیتلاعاتی ئێرانەوە بێ سەر و شوێن کرا و بێجگە لەوانە مەئمورینی وەزارەتی ئیتلاعات کەوتنە هەڕەشە و گوڕەشە لە هێندێک لە شاهیدەکان کە دەبێ وازبێنن لە شاهیدیدان و هندێکیشیان بە پووڵ ڕازی کردن کە شاهیدیدانی خۆیان وەربگرنەوە. بەڵام بەوحاڵەش دیتمان کۆماری ئیسلامی ئەوجار نەیتوانی خۆی لەو تاوانە گەورەیە کە کردوویەتی دەرباز بکا و حوکمی دادگای میکۆنۆس دەرچوو و تاوانباران دەستنیشان کران و دەسەڵاتدارانی باڵای کۆماری ئیسلامی وەک تاوانباری ئەسڵی و بڕیاردەری تێرۆرەکە ناسێندران.

دادگای میکۆنۆس بێجگە لەوە تاوانبارانی بەڕێوەبەری تاوانەکەی دەستنیشان کرد و بە زیندانی ماوە جۆراجۆرسزای بە سەردا سەپاندن ،لەهەمان حاڵدا دەسەڵاتدارانی بەرزی کۆماری ئیسلامیشی بەبریاردەری سەرەکی ئەوتاوانەیان ناساند. گرینگی لەوەدا بوو کە لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا یەکەم جاربوو پەردە لە سەر ڕوخساری دزێو و تیرۆریست پەروەری ئەو حکوومەتە و دەسەڵاتە ئیسلامییە لادەدراو ناوەرۆکی دزێوودەژە مرۆڤایەتی بۆ هەموو جیهان ئاشکرادەبوو. دوای دەرچوونی حوکمی کۆتایی دادگای میکۆنۆس، دەوڵەتی ئاڵمان لە بەیاننامەیەکی ڕەسمیدا ڕایگەیاند کە دەخالەتی ڕێبەرانی حکوومەتی ئێران لە تیرۆری میکۆنۆسدا بە ئاشکرا پێشێل کردنی یاساکانی نێونەتەوەیی و نێوخۆیی ئاڵمانە هەر بۆیە دەوڵەتی ئاڵمان ناتوانێ کردەوەی لەو بابەتە قەبووڵ بکا. دوا بە دوای هەڵوێستی ئاڵمان یەکێتی ئورووپا لە ٢٢ی ئاوریلی ١٩٩٧ لە کۆبوونەوەی شورای وەزیراندا هەمان هەڵوێستی ئاڵمانیان گرت و هەرکام لە بەر خۆیانەوە پێوەندی دیپلۆماسیان لە گەڵ ئێران پچراند و تەنانەت ئوستڕالیا و نیوزلەندیش هەمان هەڵوێستی ئاڵمانیان گرت.

هەرچەند دوای ماوەیەک پێوەندیەکان لە نێوان کۆماری ئیسلامی و ئاڵمان و وڵاتانی ئوروپایی دا ئاسایی بووە بەڵام چەندخاڵێکی بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئێران لێ کەوتەوە.

–یەکەم جار بوو لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا کۆدەنگی نێودەوڵەتی بە دژی ماشینی تیرۆری ئەو حکوومەتە دروست ببێ کە ئەوە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لە سەر کێشەکانی ناو دەزگای دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی.

–وڵاتانی ئورووپایی بەو شەرتە لە گەڵ ئێران پێوەندیەکانیان ئاسایی کردەوە کە ئێران چیدیکە لە ناوخاکی ئورووپادا کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام نەدا .

لەدوای دەرچوونی حوکمی دادگای میکونوس بە ئاشکرا دەبینین هیچ کردەوەیەکی تیرۆرێستی بەدژی ئۆپۆزسیونی ئێرانی لە خاکی ئۆرووپا ئەنجام نەدراوە و ئەوە خۆی بەڵگەیەکی زۆر بەهێزە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە کە هەموو تیرۆرەکانی پێش تیرۆری میکۆنۆس دەستی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی تێدابووە.

# کۆڕەوی کۆچبەران بەرەو ڕۆژاوا و پرسیارێکی جیددی!



قادر وریا

دیاردەی کۆچکردنی مرۆڤەکان بە گشتی و بە تایبەتی لاوەکان لە وڵاتانی جیهانی سێهەم و بە تایبەتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئاسیایی بۆ ئورووپا و بە گشتی ڕۆژاوا، نە شتێکی نوێیە و نە تایبەتە بە چەند وڵاتێک. هۆیەکانی ئەم کۆچکردنەش زیاتر لە یەک و دوانن. بەڵام هۆیەک کە وای کردوە لەم چەند ساڵەی دوایی دا خەڵکی هێندێک وڵات بە شێوەی کۆڕەو لە وڵاتەکەیان ڕابکەن و ڕێگای وڵاتانی ڕۆژاوایی بگرنە بەر، شەڕی نێوخۆییە. شەڕی نێوان دەوڵەتی سووریە و خەڵکەکەی و، شەڕی تاقمی دڕندەی داعش لە گەڵ گرووپەکانی دیکە و لە گەڵ دەوڵەتی ئەو وڵاتە، وای کردوە سووریە ببێتە جەهەننەمێک بۆ خەڵکەکەی. لە لایەکی دیکە داعش هەر هەڕەشە بۆ سەر خەڵکی سووریە نەبووە بەڵکوو بووە بە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر بەشێکی گەورە لە خەڵکی عێراقیش. خەڵکی کوردستانیش چ لە خۆراوای نیشتمانەکەیان و چ لە باشوور لە گەڵ شەڕفرۆشیی داعش بەرەوڕوون. ئەو ڕاستییەش لە بیر نەکەین کە کورد هەتا ئێستاش لە باکوور و ڕۆژهەڵات و خۆراوا، هێشتا لە گەڵ سەرکوت و زۆرداریی دەسەڵاتی دژە کورد بەرەوڕوویە و لە سەر خاکەکەی خۆی خۆی بە خاوەنی زۆر شتی خۆی نازانێ.

دیارە وڵاتانی دیکەی ئەو ناوچەیەش وەک یەمەن و لیبی لە گەڵ شەڕی نیوخۆیی بەرەوڕوون. خەڵکی ئەو وڵاتانە ئەو کاتەش کە شەڕی نیوخۆییان لە نێو دا نەبوو هەم لە گەڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆر بەرەورووبوون هەم لە گەڵ هەژاری و بێکاری و بێداهاتوویی. لە بارودۆخێک دا کە هیچ کۆتاییەک بۆ ئەم شەڕە نێوخۆییانە نابینرێ و هومێد بە گەڕانەوەی هێمنی و پەیدابوونی ئاشتی و ئاسایش و باشتر بوونی بارودۆخەکە نییە، خەڵک چی دیکە تەحەممول ناکەن و خۆ بە ئاو و ئاگر دادەن بۆ ئەوەی بگەنە شوێنێکی ئەمنتر کە لانیکەم منداڵەکانیان داهاتوویەکیان هەبێ. کۆچکردن ورۆیستن لەو وڵاتانە بە شێوەی شەپۆلی گەورەی ئینسانی و ئەو کارەساتە دڵتەزێنانەی لێیان دەکەوێتەوە، وای کردوە ڕۆژاوا و بیروڕای گشتی بەرەوڕووی کێشەیەکی گەورە ببنەوە. ناکرێ هەر بە سنوور داخستن لەو خەڵکە، خۆیان دەرباز بکەن. ئەو بایەخدانەی ئەم دوایانەی وڵاتانی ئورووپا بەم کێشەیە، و دروستبوونی هومێد بۆ وەرگیرانی پەنابەر وای کردوە خەڵکێکی زۆری دیکەش لە وڵاتانی ناوچە، ئەم هەلە بقۆزنەوە و بە پەلە پەل بارگە و بنە بپێچنەوە بۆ ئەوەی خۆیان بگەیەننە ئورووپا و لەم دەرفەتە بۆ وەرگیران وەک پەنابەر سوود وەر بگرن.

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش و بە تایبەتی لاوەکان، لەم کاریگەرییە بەدەر نەبوون و بەدەر نین. دیارە لاوانی ئێران بە گشتی و بە تایبەتی لاوانی کوردستان لە مێژساڵە سەرەڕای بێبەشیان لە ماف و ئازادییەکانیان وەک تاکێک، لە گەڵ کۆمەڵێک کێشەی دیکە بەرەو روون. بۆ وێنە بێکاری، نەبوونی توانای پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش، دانەمەزران و زۆر گرفتی دیکە. کە وایە زەمینەکە لە پێشداش بۆ کۆچکردن لە نیویان دا بە هێز بووە. ئێستا کە دەبینن وڵاتانی ئورووپایی لە وەرگرتنی ئەو شەپۆلە ئینسانییە دا کە وەک پەنابەر ڕوویان تێ کردوون خەریکی پێکهێنانی هاسانکارین، بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی پێمان گەیشتوون ڕێژەیەکی بەرچاو لەوانیش هەوڵ دەدەن لەم دەرفەتە سوود وەر بگرن.

لە ڕوانگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە دروست ئەوەیە لاوی کورد لە وڵاتەکەی خۆی و لە نێو نەتەوەکەی خۆیدا بێ. لە گەڵ خەم و ئازارەکانی خەڵکەکەی دا بژی و لە کوردستان بمێنێتەوە و بە ڕێگای جۆراوجۆر دا بۆ نەهێشتنی ستەم و هەڵاواردن لە سەر نەتەوەکەی خەبات بکا . بەڵام دەزانین حیزبی دیموکرات پێی خۆش بێ یان نا، بەشێک لە لاوانی کوردستانیش وەک لاوانی وڵاتانی دیکە، لە جیاتی خەبات بە مەبەستی دابینکردنی ژیانێکی باشتر لە نیشتمانەکەی خۆیان، بە دوای ژیانێکی باشتر لە سووچێکی دیکەی دنیا دا دەگەڕێن. چونکە ئەوەی وڵاتەکەی خۆیان مەعلووم نییە کەی دێتە دی ، لەوانەشە هەتا گەیشتن بەم ئامانجە، تووشی زیندان و کێشە و زۆر گرفتی دیکە ببن. بەڵام پێیان وایە لە دەرەوەی وڵات ئەگەر وەک پەنابەر وەربگیرێن، زۆر زیاتر لە وڵاتەکەی خۆیان هەست بە ئەمنیەت و هەبوونی ماف و ئازادی و ژیانێکی باشتر دەکەن.



بەو ڕەوتەی دەستی پێکردوە زۆر ناخایەنێ هەم وڵاتانی ناوچە تووشی قەیرانێکی ئینسانیی گەورە دەبن – چونکە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر لە خەڵکەکەیان و لاوانیان وڵاتی خۆیان بە جێ دێڵن- هەم وڵاتانی ڕۆژاوا تووشی کێشەی جیددی دەبن، چونکە لە پڕ و بێ ئەوەی پێشتر بەرنامەیان بۆ وەها وەزعێک دانابێ لە نێو وڵاتەکەی خۆیان دا، دەبنە خانەخوێی ڕێژەیەکی زۆر لە پەناخوازان. هەتا کەنگێ ئەم ڕەوتە درێژەی دەبێ؟ و چۆن دەکرێ ئەم ڕەوتە بوەستێندرێ؟و تەنانەت ڕەوتی گەڕانەوەی کۆچبەران بۆ وڵاتی خۆیان دەست پێ بکاتەوە؟ ئەوە پرسیارێکە کە دەبێ لە ئاستی جیهانی دا وڵامی بۆ بدۆزرێتەوە. گومانی تێدا نییە هەتا ئەو کاتەی وڵاتانی ناوچەی ئێمەش و بە گشتی وڵاتانی جیهانی سێهەم لە رووی سیاسی و دەسەڵاتداری و دابین بوونی مافە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان و لە ڕووی ژیان و گوزەران و باری ئابووری و هەست کردنی تاکەکان بە ئەمنیەت و ئاسوودەیی، لە ستانداردەکانی دنیای پێشکەوتووی ئەمرۆ نزیک نەبنەوە، ئەم ڕەوتە هەر بەردەوام دەبێ و ئەو کێشەیە ڕوو لە زیادبوون دەکا. بۆیە دەبێ هەوڵێکی نیودەولەتی دەست پێ بکرێ بۆ ئەوەی ئەو بەشانەی جیهانیش کە بۆ خەڵکەکەیان بوون بە جەهەننەم، ڕووی ئاشتی و ئازادی و ئاسوودەیی بە خۆیانەوە ببینن.

# ئەو دەرفەتانەی لە کیس دەچن



ئارەش لورستانی
و: ئاڵەشین

پارتێکی سیاسی لە کۆمەڵە کەسێک پێکدێ، کە هەوڵ دەدەن شوێن لە سەر هەلومەرجی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە و شیرازەی سیاسی ئارایی دابنێن. هەل ڕەخساندن یا قواستنەوەی ئەو هەل و دەرفەتانەی لە دەرەوەی ئیرادەی ڕەوت و پارتی سیاسییەوە دەخولقێن؛ سەرەکیترین مکانیزمە کە هەموو پارت و ڕەوتێک دەبێ بۆ پێشخستن و دابینبوون و وەدیهێنانی خواست و بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاری بهێنێ. ئەگەر بروانینە مێژوو و کارکردی پارتە سیاسییەکانی کورد، دەبینین هەل و دەرفەتێکی زۆر هەندێک جار ڕەخسان و وەک بەرزەکی هەڵدانی پارتە کوردییەکان بە ئاراستەی پێشخستنی ئامانجەکان بەکار هاتوون، بەڵام کەمیش نین ئەو دەرفەتە بەبایەخانەی کە بە هۆکار و تەنانەت بیانووی جۆراوجۆر پشتگوێ خراون.

دانوستانی ناوکی ئێران و ئەو ڕێککەوتنەی پاش دانوستانەکان کراوە؛ یەکێکە لە باشترین نموونەی ئەو دەرفەتانە. ئەو دانوستان و ڕێککەوتنانەی پارتە کوردییەکان نەیانتوانی بیقۆزنەوە و نەیانکرد بە چالاک بوون لەو بوارەدا و ئەو کەشەی لە ئاکامی دانوستانەکان کەوتەوە ڕۆڵ و دەوری کاریگەری تێدا بگێڕن. پرسیارێکی ژیرانە و بەجێ کە هەموو تاکێکی کۆمەڵگە و یا شرۆڤەکارێکی سیاسی دەتوانێ بیکا ئەوەیە کە؛ هۆکاری کارکردی لاوازی پارتە کوردییەکان لە بابەت پرسی ناوکی کۆماری ئیسلامی ئێراندا چییە؟ بۆچی ئەم چەشنە دەرفەتانەی کە سیستەمی دەسەڵاتداری ئێران و وڵاتانی زلهێزی دنیا دەیانەوێ کەڵکی خۆیانی لێوەرگرن، لەلایان پارتە کوردییەکانەوە کە هەرکامیان رابردووی چەند دەیە خەباتیان هەیە زۆر سووک و ئاسان پشتگوێ دەخرێ و تەنیا وەک هەواڵ و شرۆڤەیەکی ڕووکەش خۆی تێهەڵدەقورتێنن؟

بۆ ڕوونتر بوونەوەی بابەتەکە و دادوەری دروستتر، چاوێک بە شێوازی مامەڵەی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەمریکا و پارت و لایەنە سیاسییە سەراسەرییەکانی ئێران لە پێوەندیی دەگەڵ پرسی ناوکی و پاشهاتەکانیدا دەخشێنن.

دوویەمین خولی سەرکۆماری ئەحمەدینژاد، سەردەمی هەڕەشە و یاخی بوونی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پرسی ناوکی بوو، ئەو قۆناخەی کە لەودا گوشار و گەمارۆ نێونەتەوەییەکان بە سەرکردایەتی ئەمریکا پەسەندکران و داسەپان و کۆماری ئیسلامی و خەڵکی ئێرانی گەیاندە قۆناخیکی قەیراناوی. زاراوەی «محور شرارت» (چەقی ئاژاوەگێڕی ) کە جورج دەبلیۆ بوش، ٢٩ی ژانویەی ٢٠٠٢ بە سێ وڵاتی ئێران، کۆریای باکوور، و عێراقی وت و هۆکارەکەشی پشتیوانی ئەو وڵاتانە لە تیروریزم و هەوڵدان بۆ بەدەست خستنی چەکی کۆکوژ ڕاگەیەندرا، ئەوە لە خولی دوویەمی سەرکۆماری ئەحمەدینژاددا بۆ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بوو بە ڕاستییەک، قەیرانەکە هێند قووڵ بوو کە ئەمریکا و ئیسرائیل زۆر ئاسان هەڕەشەی سەربازییان دەکرد و بژاردەی شەڕی دژی ئێرانییان دەهێناوە بەر باس و ئەزموونی دەسوەردانی سەربازی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە عێڕاق و ڕووخاندنی ڕێژیمی بەعسیش ئەگەری ڕوودانی ئەو سیناریۆیەیان بەهیزتر دەکرد. کێشە نێوخۆییەکانی پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی و ململانێ و رکەبەری ڕەوتە جۆراوجۆر و جێی متمانەی ڕێژیم و هەروەها هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بوون بە هێزێکی گرینگی ناوچەیی، هەموویان لە ژێر چەتری پرسی ناوکی بە فۆرم و شێوەی جۆراوجۆر خۆیان نیشان دەدا.

گوشار و گەمارۆ نێونەتەوەییەکان و پێویستی گۆڕینی هێڵی سیاسی و مامەڵە و هەڵسوکەوت دەگەڵ دنیا بوو بە هۆی ئەوەی کە پرسی ناوکی بتوانێ ببێ بە کارتێکی زێڕین بە دەستی حەسەنی ڕوحانییەوە تا ڕێگەی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریدا بۆ خۆش بکا. پاش هەڵبژێردرانی رووحانی، پرسی ناوکی و هەڵگرتنی گەمارۆکان هەروا سەرەتی کاری دەوڵەتی رووحانی بوون و کەنگەشە و قسە و باسێکی زۆر لە میدیاکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی لەو بوارەدا هاتە گۆڕێ. لە لایەکی دیکەشەوە باسی بە پیت کردنی ئۆرانیوم لە ئێران و تیکنولۆژی ناوکی کۆماری ئیسلامی یەکێکە لەو زاراوە سەرەکییەیانەی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە لایەن سیاسەتوانانی ڕۆژئاواییەوە بەکار هاتوە و میدیا نێونەتەوەییەکان بە چەندین کاتژمێر لەو بابەتە دواون.

زۆربەی وڵاتان و تەنانەت هەندێکی زۆری پارتە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە گوێرەی بەرژەوەندی و پۆزیشینی خۆیان لە سەر ئەو بابەتە ڕای خۆیان دەربڕیوە و سیاسەتی خۆیان دووبارە پێناسە کردۆتەوە، ڕەوت و لایەنە سیاسی و تەنانەت مەدەنییەکی زۆری نێوخۆی ئێرانیش بە ڕوانگەی لەم چەشنەوە لە پێناو پێشخستنی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەوڵیان داوە و بەرنامەیان داڕشتوە و ئەو دەستە ئۆپۆزسیونەی کۆماری ئیسلامیش کە هەڵگری دروشمی سەراسەرین و زۆربەشیان بە جۆرێک پان ئێرانیستین، هەمیشە هەوڵیان داوە لە کاروانی کاریگەری و گۆڕانکارییەکان دوانەکەون و تا ئەو جێیەی بۆیان دەکرێ ئەو دەرفەتە بە خێروبێری خۆیان بقۆزنەوە. ئەو دەستە ئۆپۆزسیونە سیمینار، وتار، فایلی قسەکردن، وتوویژ و ڤیدیۆی فێرکاری زۆریان بە چەندین زمانی زیندووی دنیا ئەنجام داوە و بەڕێوە بردوە و هەروەها هەمیشە هەوڵیان داوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە کۆنگرەی ئەمریکا، یەکیەتیی ئوروووپا، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و زۆر دامەزراوی هەستیارو شوێنداری نێونەتەوەیی دیکە پشتیوان بۆ خۆیان ببیننەوە و ئەو هەلە رەخساوە لە کیس نەدەن و لە پێناو پێشخستنی ئامانجەکانی خۆیان تێبکۆشن. بە تێفکرین لەو بابەتانەی باس کران، ئەگەر بروانینە دژکردەوە و هەڵوێستی پارت و ڕەوتە سیاسییە کوردەکان لە سەر پرسی ناوکی ئێران، باشتر لە خاڵە لاوازەکانی بزوتنەوی نەتەوەیی کورد دەگەین. کۆمەڵگە و نەتەوەی کورد لە پرسی ناوکیدا نەیتوانی خاوەن وێژار و دیسکورسێکی کوردستانی بێ. ویژار و تێکۆشانێک کە نیشاندەری هەڵوێست و خواست و داخوازییە نەتەوەیی-دێموکڕاتیکەکانی کورد بەرابەر قەیرانی ناوکی بێ، پارت و لایانە سیاسییە کوردییەکان دەیانتوانی پرسی ناوکی وەک ئامرازێک بۆ یەکگرتوویی، بەشداری و یەکریزی خۆیان بەکار بێنین و پێوەندییەکی زیندوو و ئەکتیڤ دەگەڵ خەڵکی کوردستان دابمەزرێنن. پارتە کوردییەکان دەیانتوانی کۆمەڵگەی کوردستان بە ڕوانگەیەکی ناسیونالیستییەوە سەبارەت بەو بابەتە گرینگانە ئامادە و وشیار بکەنەوە و هەروەها لە بەرابەر ڕەوتە ناکوردی و ناوەندییەکان و هەروەها سیستمی دەسەڵاتدارانی ئێران وێژاری تایبەتی نەتەوەیی خۆی هەبێ. بە سەرنجدان بەو گرینگییەی کۆمەڵگەی جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە پرسی کوردی دەدا، کوردی ڕۆژهەڵات دەتوانێ ئەو کەش و دەرفەتە بقۆزێتەوە و پشتیوان و دۆستی تازە بۆ بزووتنەوەی کورد پەیدا بکا و گەرموگوڕی و پەرە بە پێوەندییەکانی پێشووی خۆی بدا. پرسی ناوکی و هەڵوێست گرتن و کارکردی دروستی پارت و لایەنە سیاسییەکانی کورد دەیتوانی یارمەتی کەم کردنەوەی مەودای نێوان نەتەوەکانی دیکەی ئێران و پارتە ناکوردییەکان دەگەڵ کورد بدا و ئەو ئەزموونانەی دەست کەوتوون دەیانتوانی وەک پەروەندەی میکۆنووس دوورەدیمەنێکی دۆستایەتی و بەشداری هەمەلایەنە و کۆمەڵگەتەڤەر لە نێوان پارتە کوردی و ناکوردییەکان بێ.




**بە سەرنجدان بەو گرینگییەی کۆمەڵگەی جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە پرسی کوردی دەدا، کوردی ڕۆژهەڵات دەتوانێ ئەو کەش و دەرفەتە بقۆزێتەوە و پشتیوان و دۆستی تازە بۆ بزووتنەوەی کورد پەیدا بکا و گەرموگوڕی و پەرە بە پێوەندییەکانی پێشووی خۆی بدا**

# پەروەردەی سەقەت، لە ژێر دەسەڵاتی سەقەتدا

## بە بیانووی دەسپێکی ساڵێکی نوێی خوێندن



تەهای ڕەحیمی

کۆمەڵگە مرۆییەکان هەموو ساڵێک دەگەڵ لێدرانی زەنگی قوتابخانە و خوێندنگەکان، خوێنێکی گەش و گەرم بە دەماری گەشەی کۆمەڵگە و داهاتووی خۆیاندا دەگێڕن، تەزوویەک کە ئەگەر بە پێی پرنسیپی دروست زانستی و تاقیکراوە، بەرۆژ بکرێتەوە، جەستەیەکی گەش و رووەمەتێکی رووسوور بۆ داهاتووی کۆمەڵگە بنیات دەنێ. هەر بۆیە هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکان، بەردەوام لە هەوڵی داڕشتن و بەرۆژکردنەوەی بەرنامە و پرۆگرامی خوێندنن و وڵاتانی جۆراوجۆر و بە تایبەت پێشکەوتوو، بێ‌پسانەوە بە قرتاندنی هەڵەوپەڵەکانی سیستمی پەروەردە و چارەسەری کێشە و ئاریشە و کردنەوەی گرێوگۆڵی سیستمەکەوەن و هەموو ساڵێک دەگەڵ دەستپێک و کۆتایی‌هاتنی خوێندن، کەسانێکی شارەزا و ناوەند و دامەزراوی جۆراوجۆر کار لە سەر چۆنێتی بەکەڵکهاتوویی سیستمی پەروەردە و گونجاوی و نەگونجاوی بەرنامە و پرۆگرامەکانی دەکەن و بە هەڵسەنگاندنی ئاکام و ئاستی گەیاندنی زانیاری و مەعریفە بە نەوە یەک لە داوای یەکەکانی کۆمەڵگە، بە گشتی سیستمی ئاریایی لە مەحەک دەن.

ئێرانیش وەک کۆمەڵگەیەکی مرۆیی، کە خاوەن حەشیمەتیکی بەرچاو و گەنجە، دەسەڵاتدارانی وڵاتی خەریک هەڵەوپەڵە برینن لە سیستمی پەروەردەییەکەیدا!؟ بەڵام بە پێچەوانەی گشت دنیا و کۆمەڵگەی جیهانی. دیارە دەبێ ئەمەش لەبەرچاو بێ کە هەرکام لە وڵاتان فەلسەفەیەکی دیاریکراوی پەروەدەیی بۆخۆی هەیە. بۆ وێنە وڵاتانی ئوروپایی، ئەمریکا و... فەلسەفەی خوێندنیان بنیاتنانی وڵات و کۆمەڵەیەکی دێموکڕاتیکە، وڵاتێکی وەک کۆریای باکوور ئامانجی بنیاتنانی کۆمەڵگەیی میلیتاریستییە و فەلسەفەی خوێندنی لە سەر ئەم بابەت دەخولێتەوە.

هەر بۆیە ئێرانی بەناوی ئیسلامیش، لە پەنا شەرع و ئایینەوە، هەوڵی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئایینی چەقبەستوو و بەتایبەتیش ئایدیۆلۆژیک دەدا؛ ئایدیۆلۆژییەک کە بە ئاراستەی ویست و داخوازی دەسەڵاتدارانە. هەر لەسەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامییەوە کە بەرهەمی بە تاڵان بردنی شۆڕشی گەلانی ئێران بوو، دەسەڵاتدارە تئوکراتەکانی کۆماری ئیسلامی دەستیان کردن بە دەستکاری سیستمی خوێندن و جۆرێک پاکسازی وانە و مامۆستایانی خوێندنگە و زانکۆکان و لە ژێر ناوی «شۆرشی فەرهەنگی»دا سیستمی سەقەتی خوێندنیان لەو وڵاتە هێندەی دیکە سەقەتتر کرد. دەگەڵ بەردەوام بوون لە سەقەتکردنی خوێندن لە ژێر ئەو ناوەدا کە هەر سەردەمە و بە چەشنێک، سیستمی پەروەردەی خستە بەر تیغی هەڵپاچ و داپاچ، سیستمی پەروەردە بەردەوام دەستەویەخی دەیان کێشەی دیکە بووە. سەرەڕای تاک زمانە بوونی خوێندن لە ئێران، خوێندن بە زمانی زگماکی کراوە و بەندەکانی ١٥ و ١٩ی قانوونی بنەڕەتی باس لەوە دەکەن نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە پاڵ زمانی فارسییەوە کە زمانی فەرمی وڵاتە، دەتوانن بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن، بەڵام ئەوە بۆ زیاتر لە سێ دەیە دەچێ ئەو بەندەی قانوونی بنەڕەتی بە هەڵواسراوی ماوەتەوە و دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی ڕێژیم گوێی خۆیان لێ‌خەواندوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە بە گوێرەی هەموو قانوون و مافی مرۆڤ و لێکۆڵینەوە زانستی و مەیدانییەکان، خوێندن بە زمانی زگماکی یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرکەوتوویی سیستمی پەروەردە و، فێرخوازی بە زمانی زگماکی خۆی باشتر دەتوانێ فێری زانست و زانیاری بێ و ئاسانتر ڕێگە بەرەو مەعریفەی دیاریکراو ببرێ، کە دیارە ئەم بابەتە خۆی هەڵگری نووسینێکی دوورودرێژە.



**کارەساتی سووتان و داتەپین و رووخانی بینا و قوتابی و خوێندنەکان لە ئێران و بە تایبەت ناوچە بێبەشەکانی وەک کوردستان و بلوچستان، بەڵگەیەکن بۆ بێ‌بەرنامەیی و بەهێند نەگرتنی سیستمی پەروەردەیی و بەتایبەت گرینگی نەدان بەو ناوچانەی خەڵکەکەیان بە نامەحرەم دەبیندرێن**

کارەساتی سووتان و داتەپین و رووخانی بینا و قوتابی و خوێندنەکان لە ئێران و بە تایبەت ناوچە بێبەشەکانی وەک کوردستان و بلوچستان، بەڵگەیەکن بۆ بێ‌بەرنامەیی و بەهێند نەگرتنی سیستمی پەروەردەیی و بەتایبەت گرینگی نەدان بەو ناوچانەی خەڵکەکەیان بە نامەحرەم دەبیندرێن، کارەساتی شیناوێ یەکێک لە بەرچاوترینی ئەم کارەساتانە بوو کە لەم چەند ساڵەی دواییدا، سووتانی بە دەیان منداڵی کوردی لە پیرانشار لێکەوتەوە.

خوێندن لە هەموو وڵاتانی دنیا، بە تایبەت خوێندن لە کە وڵاتانێکی فرە نەتەوەیە و ئەوەش راشکاوانە پێشێڵکردنی سەرەتایی‌ترین مافی مرۆڤە، کۆمەڵگەی ئیسلامی بە هۆی سەرقاڵبوون بە دەستوەردان لە وڵاتانی ناوچە و دابینکردنی چەک و جبەخانە و ململانیی بێ جێی دەگەڵ هێندێک وڵات و خۆشکردنی ئاگری شەڕی ئایینی و ئایینزایی، ناپڕژێنە بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵگە و هەر بۆیە سیستمی پەروەردە کە دەبێ زیاترین گرینگی پێ بدرێ لە باری ڕێوشوێن و دابینی پێداویستییەوە، نەک هەر پشتگۆی خراوە، بەڵکو بە ئاراستەی بیر و هزری پاوانخوازانەی دەسەڵاتەوە هەنگاو دەنێ، کە نەک بەرەو پێشەوەیە؛ بەڵکو پێ‌کوتە و تەنانەت پاشڤەڕۆییشە.

ئەگەرچی لە قانوونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیدا ئاماژە بە ئاستەکانی سەرەتایی هەتا زانکۆ خۆڕایی و تەنانەت لە وڵاتی پێشکەوتوو زۆرەملییە. زۆرەملی بوون بەو مانایەی ئەو کۆمەڵگەیانە نایانەوێ بەرەی دوارۆژیان نەخوێندەوار بێ و، بەڵکو ئەوان ئاواتی نەوەیەکی خوێندەوار و تێکنۆکرات بۆ داهاتووی خۆیان دەخوازن، هەتا کۆمەڵگەیەک ساخ و سەلیم و پێشکەوتوو بنیات بنێن. بەڵام لە سیستمی خوێندنی کۆماری ئیسلامیدا ساڵانە بە دەیان و سەدان و بگرە زیاتریش منداڵی هەژار و نەدار بە هۆی خەرج و تێچووی خوێندن لە وڵاتێک کە بە هۆی سیاسەتی چەوتی دەسەڵاتدارانییەوە تووشی دەیان گەمارۆ بووتەوە و، دواجاریش ئەو گەمارۆیانە تەنگیان بە خەڵک هەڵچنیوە، بێبەش دەبن و هەروا بەکرچۆکاڵی دەخرێنە بازاری کارەوە.

سەرەڕای ئەو کێشانەی باس کران و بە دەیان کێشە دیکەش، کۆماری ئیسلامی خۆی تەگەرە بۆ خوێندنی بۆ ئەو کەسانە دروست دەکا، کە جیابیرن و بە ئاراستەی هزر و بیری دڵخوازی پاوانخوازان تێنافکرن، لە سەردەمی دەوڵەتی ئەحمەدینژاد بە سەدان کەس لە زانکۆ و خوێندنگەکان بە بیانووی جۆراوجۆر دەرکران و بە هەزاران مامۆستا و خوێندکار نەک هەر لە خوێندن بێبەش کران بەڵکوو وڵاتیان جێهێشت و سەرەکیترین سەرمایەی وڵات، ڕێگەی ئاوەدان کردنەوە و پێشخستنی هەندەرانیان گرتە بەر.

# ڕۆژەڤی ئێران

## نیگەران لە نۆڕماڵیزاسیۆن



حەسەن شێخانی

کۆماری ئیسلامی لە ئاکامی شۆڕشی ١٣٥٧ دا هاتۆتە سەرکار. هەرچەند نزیک بە ٣٧ ساڵ لە تەمەنی ئەو سیستمە تێپەڕیوە بەڵام هێشتا لە حاڵەتی «شۆڕشگێڕیی» نەهاتۆتە دەر و وەک سیستمێکی باو و ئاسایی مامەڵە لەگەڵ بواری نێوخۆیی و دنیای دەرەوە ناکا. لانیکەم بەشێکی بەهێزی نێو سیستم پێداگریی لە سەر بەردەوامیی شۆڕش و پاراستنی ڕۆحی شۆڕشگێڕیی(بیخوێننەوە توندڕەوی) دەکا.

دوای ڕێککەوتنی ڤییەن باڵی ئوسوولگەرا نیگەرانی ئەوەن کە ئەمریکا لە ڕێگەی ئەو ڕێککەوتنەوە بیەوێ جێ پێیەک لە ئێران دا پەیدا بکا و دواجار ئەو ڕێککەوتنە ببێتە پردێک بۆ ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا. لە سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامییەوە دژایەتی کردنی ئەمریکا بەشێک لە گوتاری ئەو ڕێژیمە پێک دێنێ. دژایەتی کردنێک کە بۆتە سەمبولی شۆڕشگێڕ بوون و وەفادار بوون بە ئارمانجەکانی شۆڕش.

لە روانگەی بەشی ئەمنییەتی-نیزامی و ڕەوتی ئوسوولگەرای توندئاژۆوە ڕێککەوتنی ڤییەن بەشێکە لە پازڵی ئیستراتیژیی ئەمریکا بۆ پەیدا کردنی جێ پێیەک لە ئێران دا. لەو روانگەوە ئەمریکا دەیەوێ لە سەر هاوکێشە سیاسییەکانی نێوخۆی ئێران کاریگەریی دانێ و ڕەفتاری سیاسەتی دەرەوەی ئێران بگۆڕێ و لە درێژماوەدا ئەو گۆڕینی ڕەفتارە بکا بە گۆڕینی پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی. حەمید ڕەزا موقەددەم فەر، ڕاوێژکاری فەرهەنگی سپای پاسدارن لە وتاردانی پێش خوتبەکانی نوێژی هەینی تاران، دەڵێ: ئەو کەسانەی دوای ڕێککەوتن خوازیاری پێوەندیی لەگەڵ ئەمریکان، لە موجاهیدینی خەڵق مەترسیدارترن و ئەو ئامانجە بە گوتەی وی، لاواز کردنی بواری بەڕێوەبەریی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی ڕوخاندنیەتی. ئەو هەروەها دەڵێ: دوژمن دەیەوێ ئەو گریمانەیە جێ بخا کە بە وتووێژ پرسی ناوکی چارەسەر بوو، کەواتە دەکرێ بە وتووێژ پرسەکانی دیکەش چارەسەر بکرێن. بە گوتەی وی هەر کەس وا بیر بکاتەوە ئەوە ڕێگەی نفووزی دوژمن دەکاتەوە(قسەکانی موقەددەم فەر تەواو). ئەگەر سەرنجی ڕاگەیەنەکانی سەر بە ئوسوولگەراکان بدەین بۆمان دەردەکەوێ کە کلیل وشەی وتار و لێکدانەوەکانیان، هۆشداری دانە سەبارەت بە نفووزی سیاسی و فەرهەنگی و ئابووریی ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا لە ئێران دا. ڕۆژنامەی کەیهان دەڵێ: ئامانجی سەرەکیی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ڤییەن، گۆڕینی ئێرانی ئینقلابییە. سادقی لاریجانی دەڵێ: ئامانجی ئەمریکا کردنەوەی دەرگایەکە بۆ نفووز لە ئێران دا و هاتنە سەر کاری هێزگەلێکە کە نێوانیان لەگەڵ ئینقلاب نیە. خامنەیی لە دوو مانگی ڕابردوودا چەندین جار لە بارەی مەترسی نفووزی ئەمریکا و ئەوەی کە دوژمن دەیەوێ لە ڕێگەی بەرجام و وتووێژەوە جێ پێیەک لە ئێران دا پەیدا بکا، وریایی داوە. هۆکاری ئەو قەبارە گەورەیە لە وریایی دان سەبارەت بە نفووزی ئەمریکا لە ئێران دا چیە؟ خۆ ڕێککەوتنی ڤییەن لە سەر پرسی دیاریکراوی ناوکی کراوە! لە وەڵامی ئەوپرسیارەدا دەکرێ ئەو خوێندنەوانە بخرێنە روو:

١)لانیکەم بەشگەلێکی بەهێزی نێو سیستمە ئیدئۆلۆژیکەکان ترسیان لەوەیە کە هەر چەشنە کاڵ بوونەوەی بیروباوەڕە دوگمەکان ببێتە هۆی داڕوخانی سیستم. ناوکی سەرەکی هێز لە کۆماری ئیسلامیدا پێی وایە کە لاواز بوونی بیروباوەڕە شۆڕشگێڕییەکان بەستێنی نفووزی ئەمریکا و داسەپاندنی خواستەکانی ئامادە دەکا. ئەوان دەڵێن نفووزی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا بۆ ئەو ڕۆحی ئینقلابیگەرییە دەگەڕێتەوە کە «ڕەوتی نیفاق و پێداچوونەوەخواز»(بیخوێننەوە بەرەی دەوڵەت و ریفۆرمخواز) بە توندئاژۆیی لە قەڵەمی دەدا و هێرشی دەکاتە سەر.

٢)کۆماری ئیسلامی لە ڕێککەوتنی ڤییەن دا پاشەکشەیەکی زۆری کردووە و دەیانەوێ بە دەمەزەرد کردنەوە و توند کردنەوەی گوتاریی، هاوسەنگی دروست بکەن. لەو روانگەوە ئەگەر پاشەکشە کردن لە بواری ناوکی دا لەگەڵ کاڵبوونەوەی گوتاریی ئاوێتە بێ، لەوانەیە وەک لاوازیی ڕێژیم لێک بدرێتەوە و هەندێک پێشهاتی نەخوازراوی لێ بکەوێتەوە.

٣)پێداگریی لە سەر دژایەتیی لەگەڵ ئەمریکا بۆ داهاتووبینی و لە بەرچاو گرتنی سیناریۆ ناڕوونەکان دەگەڕێتەوە. ئەگەر هاتوو جێبەجێ بوونی ڕێککەوتنی ڤییەن لەگەڵ کۆسپ بەرۆڕوو بوو، کۆماری ئیسلامی قاوغی ئیدئۆلۆژیک و شۆڕشگێڕیی خۆی پاراستبێ و بە پشت بەستن بەوە درێژە بە ژیانی خۆی بدا.

٤) خامنەیی وەک کەسایەتییەکی حقووقی دەرەنجامی کێشمەکێشی باند و هێزگەلی نێو سیستمە و قسەکانیشی نوێنەرایەتی ناوکی سەرەکی دەسەڵات لە ئێران دا دەکا. ئێستا کە بەشگەلی توندئاژۆ نەیانتوانی ڕێگە لە ڕێککەوتنی ناوکی بگرن، دەیانەوێ بە پێداگریی گوتاریی، قەرەبووی ناکامیی خۆیان بکەنەوە.

٥)راستیی توندئاژۆ خوێندنەوەگەلێک بۆ بەرجام دەکەن کە دەرەتانی کەڵک وەرگرتنی سیاسی لە بەرجام لە لایەن بەرەی دەوڵەت و ڕیفۆرمخوازەوە، لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکانی مانگی ڕەشەمەدا، کەم بکەنەوە. ئەوان خۆیان بە پابەندی پرەنسیپەکانی شۆڕش دەزانن و هەر چەشنە هەوڵدانێک بۆ کەم بوونەوەی گرژییەکان لەگەڵ ئەمریکا و وتووێژی گشتگیر لەگەڵ ئەمریکا وەک ڕێگەخۆشکەری تەسلیم بوون لەبەرامبەر ئەو وڵاتەدا لێک دەدەنەوە. راستیی توندئاژۆ بە نیگەرانییەوە چاو لە هاتنی وەفدگەلی سیاسی-بازرگانی ئورووپایی بۆ ئێران دەکا و بە جادەخۆشکەری نفووزی ئەمریکای دەزانێ.

کێشەکە ئەوەیە کە ڕەوتی توندئاژۆ و نیزامی-ئەمنییەتیی نێو سیستم لە سەر بەردەوامیی شۆڕش و ڕۆح و دوگما شۆڕشگێڕییەکان پێداگریی دەکا و وەک خاڵی جیاواز و بەهێزی سیستمی دەبینێ. لە حاڵێک دا ڕەوتی بەرامبەر خوازیاری هاوئاهەنگ کردنی دەوڵەت و سیستمە لەگەڵ سیاسەتە باوەکانی جیهانی. دەوڵەتێکی نۆڕمال کە لەگەڵ سیستمی نێونەتەوەیی ئاشتی بکا و بە گرتنەبەری گوتاری ژێئۆئیکۆنۆمیک کار بۆ ئاسوودەیی و خوشبژێویی خەڵکی خۆی بکا. نۆڕمالیزاسیۆنێک کە ڕەوتی توندئاژۆ بە کۆتایی ئینقلاب و بە کۆدی روخانی سیستمی لە قەڵەم دەدا.

# پێوەندی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی، داهاتووی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات



خالید حەسەنپوور

پاش ئـەوەی رێژیمی سـەدام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣ دا بەهۆی هێرشی نیزامیی ئەمریکا رووخا، بۆشاییەکی ئەمنی و سیاسی کەموێنە لە عێراق پێکهات. کۆماری ئیسلامیی ئێران کە پێشتر بۆ ئەگەرێکی ئەوتۆ خۆی ئامادە کردبوو، بێ سـێودوو ئـەو بـارودۆخـەی قـۆزتـەوە و هەوڵیدا هەرچی زیاتر نفوزی خۆی لەو وڵاتەدا پەرەپێبدا. هاتنە سەرکاری شیعەکان لە عێراق، ئەوەندەی دیکە یارمەتیدا بە نفوزی ئێران لەو وڵاتەدا. ئامانجی کۆماری ئیسلامی کە پێکهێنانی پشتێنێکی ئەمنییەتی و پاراستنی تەواوییەتی ئەرزی خاکی عیراق بوو، لە ساڵانی دواییدا بە هۆی سیاسەتی لاگیرانەی لە پێکهاتەی شیعە و قۆزتنەوەی و ئەو بارودۆخە لەلایەن داعشەوە، شکستی هێنا. کۆماری ئیسلامی کە لەکردەوەدا بۆی دەرکەوت دوو پێکهاتە سەرەکیەکەی عێراق کە بریتین لە شێعە و سونی، چیدیکە خەتی یەکتر ناخوێننەوە و هەتادێ زیاتر لێک دەترازێن، هەوڵی خۆی چڕکردەوە سەر کورد وشیعە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەمجار بەو دوو پێکهاتە هەرچۆنێک بێ یەکیەتیی خاکی عێراق بپارێزی . شایانی باسە کە لەنێوان ئەودوو پێکهاتەشدا، زۆرترین قورسایی کاری خۆی خستەسەرکورد. چونکە لەلایەک شیعەکان لەژێر کاریگەری راستوخۆی رێژیی ئێران دان و لەلایەکی دیکەوە کورد تەنیا پێکهاتەی عێراقە کە مەیلی زیاتری بۆ جودابوونەوە لە عێراق تێدامەوجودە .

لـەبـەر روونـاکـی ئـەو راستییـە دایـە کە ستراتیژی کـۆمـاری ئیسلامی سـەبـارەت بە هەرێمی کوردستان، هێشتنەوە و مانەوەی ئەو هەرێمەیە بەهەر نرخێک لە چوارچیوەی عێراقدایە. بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەش لەلایەک لە ئاستی سەرانسەری عێراقدا کۆسپ و تەگەرە دەخاتە سەر رێگای حکوومەتی هەرێم، بۆئەوەی هەرێم هەمیشە چاولەدەستی حکوومەتی ناوەندیی عێراق بمێنێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە بەدەستێوەردان و هاتنە ناوکێشەی لایەنەسیاسیەکانی باشوور، هەوڵ دەدا لە کاتی هەستیاردا پێشی کۆدەنگی سیاسیی لایەنەکان لەسەر پرسە گرینگەکان بگرێ. ئامانجی لەوکارە ئەویە کە لایەنەکان بەکێشەکانی نێوخۆیەوە سەرقاڵبن و بیر لە جیابوونەوە لە عێراق نەکەنەوە. دیارە رەکەبەرایەتی توندوتیژ و لەمێژینەی لایەنە سەرەکیەکانی باشووری کوردستان هەمیشە فاکتۆرێکی لەباربووە بۆ بردنە پێشی سیاسەتەکانی رێژیمی ئێران و توانیویەتی بەسوودی خۆی کەڵکیان لێوەرگرێ .

کۆماری ئیسلامی کە بەردی بەرگری کورد و عـەرەب لـە سینگی خۆی دەدا و بـەردەوام فرمێسکی حەرامیان بۆ هەڵدەرێژی، لەمەیدانی کـردەوەدا نـە رێـزی لـە ئـیـرادەی عێراقیەکان بەگشتی گرتوە و نە بایەخی بۆ بیرورای گشتی کوردی باشوور داناوە . سیستەمی فیدڕالی کە لەیاسای بنەرەتی عێراقدا هاتوە و عێراقیەکان بە گشتی لەرێگای رێفراندۆمەوە پەسەندیان کردوە، بەرەسمی نەناسیوە و دانی پێدا نەناوە . هەر لە درێژەی ئەوسیاسەتەدا هیچکات ئەو هێما و هەیکەلەی کە پێی دەگوترێ «حکومەتی هەرێمی کوردستان»، بەرەسمی نەناسیوە و بەشێوەیەکی راستگۆیانە دەگـەڵی نەکەوتۆتە مامەڵەوە. دامەزراندنی دووکۆنسولگەری ئەو رێژیمە لە سلێمانی و هەولێر، بێجگە لـەوەی کە ئەو ئیدیعایە دەسەلمێنێ، پـەردەش لەسەر نیازەکانی رێژیمی ئێران سەبارەت بەداهاتوو و چارەنووسی هەرێمی کوردستان لادەدا.

ستراتیژی سیاسیی کـۆمـاری ئیسلامی لە عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، پازدانە بەسەر شکڵ و فۆرمە فەرمیەکان کە لە یاسای بنەرەتی عێراقدا هاتوون. هەربۆیە ئەولەویەتی سـیـاسـی کـۆمـاری ئـیـسـلامـی لـەبـاشـووری کـوردسـتـان، گرینگیدان و سەرمایەگوزارییە لەسەر ئەحزاب نەک حکوومەت. هەربۆیە پاش ئـەوەی لەساڵی ١٩٩٢دا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەدەنگی گشتی خەڵک هەڵبژێردرا، چاوەروان دەکرا کە پێوەندی کۆمای ئیسلامی دەگەڵ لایەنە سیاسییەکان، جێگای خۆی بدا بە پێوەندی نێوان حکوومەتەکانی هەرێم و کۆماری ئیسلامی. بەڵام بەپێچەوانە هەڵسوکەوتی لایەنە سیاسییەکانی هەرێم بەشێویەکی گەرموگورتر لەرابردوو دەگەڵ رێژیمی تاران بەردەوامبوو و هاتنە کایەی حکوومەتی هەرێم نەیتوانی سێبەر بخاتە سەر ئاستی پێوەندی لایەنە سیاسییەکانی باشوور دەگەڵ رێژیمی تاران . هۆکاری ئەوەش بۆخواستو ئیرادەی دوولایـەنـە، واتـا کۆماری ئیسلامی و لایـەنـە سیاسییـەکانی بـاشـوور دەگـەرایـەوە، کە یەکەمیان رەچاوی ستراتیژی کۆماری ئیسلامی سەبارەت یەکپارچەیی خاکی عێراق، دووهەمیان رەچاوی بەرژەوەندیی باڵای حیزبی لەسەر بناغەی رەکەبەرایەتی سیاسی.

هەربۆیە لەسەرەتای دامەزرانی حکوومەتی هەرێم، پێوەندیی سیاسی، ئابووری و تەنانەت کولتورییەکانی نێوان هەرێم و کۆماری ئیسلامی بە شێویەکی سەقەت و لاسەنگ لەدایک بوو. بەومانایە ئەوەندەی ئەوپێوەندییانە سوودیان بۆکۆماری ئیسلامی هەبوو، یەک لەسەدی ئەوە، بنەرەتی پلۆرالیزمی سیاسی پێرەوی دەکات، و لەلایەکی دیکەوە دەسەڵاتی حیزبی لەسەرووی پارلمان و حکوومەتەویە، یارمەتی زۆری داوە بـەو ناهاوسەنگیە سیاسییەی نێوان هەرێم و دەوڵەتانی دەوروبـەر بەتایبەت ئێران . ئەو ناتەباییە سیاسی و یاساییە دەورێکی تاقانەی داوە بەحیزب و دەستی ئاواڵە کردوە کە بەکەیفی خۆی، نەک خەڵک دەگەڵ دەوروبـەری خۆی _ کە هەموویان بەدوای ئامانجێکی روونـەوەن _ مامەلە بکات .

ئەزموونی هەڵچوون و داچوونی پێوەندیی لایـەنـە سیاسییەکانی بـاشـووری کوردستان دەگەڵ کۆماری ئیسلامی، دەریدەخا کە نەزەخت و زۆری جاروبارەی رێژیم بۆ سەرلایەن یان لایەنەکانی باشوور بۆ هەمیشە بەردەوام دەبێ و نە هەڵوێستی لایـەن یان لایەنەکانی کوردی باشوور بەرامبەر بەئێران هەتا سەر درێژەی دەبێ. گوشاری رێژیمی ئێران بۆسەر لایەنە سیاسی‌یەکان زۆرتـر بەمەبەستی ئیمتیاز وەرگـرتـن لـەولایـەنـانـەیـە کـە پێیەی وایـە لە سیاسەتی ئەو لایانداوە و لە بازنەی دەسەڵاتی ئەو دەرچوون. بەڵام ئەو زەخت و گوشارانە هەتا ئێستا نەگەیشتونەتە ئەو جێگایەی کە هەم لایەنی ئێرانی و هەم لایەنی کوردی پردی پاشەسەری خۆیان بەرامبەر بە یەکتر بڕووخێنن.



**ئەو ناهاوسەنگییە سیاسییەی کە لە ئاکامی چۆنیەتی هەڵسوکەوتی لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان و کۆماری ئیسلامی هاتۆتەدی، هەر بە تەنیا بە زیانی هەرێمی کوردستان نەشکاوەتەوە، بەڵکوو بەزیانی جووڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش تەواو بووە**

خزمەتی هەرێمیان نەکردوە. لەبواری سیاسی و ئەمنییەتیەوە کە مەبەستی ئەو نووسراویە، هەرێم لـەمـاوەی تەمەنی خۆیدا بەئەرکی سەرشانی کە بریتی‌یە لەسنوردارکردنی تێکۆسانی هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هەستاوە و تـا ئێستا نەیهێشتوە لـەسـەر سنوورەکانی هەرێمەوە مەترسێکی ئەوتۆ بۆ لایەنی ئێرانی پێک بێ. ئەو لە حالێکدایە کە لایەنی ئێرانی نەک هەر رێزی بەرامبەری لە هەرێم نەگرتوە، تەنانەت لەرێگای جۆراوجۆرەوە ئەوەندەی بۆی کراوە دەستی لەکاروباری نێوخۆیی هەرێمش وەرداوە و ژانەسەری بۆ لایەنەکانی نێو دەسەڵات دروس تکردوە.

زۆر کەس و لایەنی سیاسی لە باشووری کوردسـتـان هـۆکـاری ئەولاسەنگیە سیاسی و دیپلۆماتیکەی نێوان هەرێم و رێژێمی ئێران بۆ جـۆری حکوومەتی هەرێم کە سیستمێکی فیدڕالییە، دەگـێـرنـەوە نـەک سـەربـەخـۆ. ئەوە ئەگەرچی پرینسیپەن دروستە، بەڵام لەکردەوەدا دەرکەوتوە کە چوارچێوە و دەسەڵاتی هەرێمی کـوردسـتـان زۆر جـارلـە نـاوچـەیـکـی فـیـدڕاڵ بەولاوەتر چووە. حکوومەتی هەرێم لە گەڵێک پرسـی گرینگی وەک مـەسـەلـەی شـەڕلـەگـەڵ داعش و ناردنی نەوت بۆدەرەوە، تەنانەت وەک حکوومەتێکی سـەربـەخـۆش مامەلەی کـردوە. دونیای دەرەوەش ئەگەر بە رواڵەت وەک بەشێک لە عێراق دەروانێتە هەرێمی کوردستان، بەڵام لەکردەوەدا وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەگەڵ هەرێمی کوردستان هەڵسوکەوت دەکات. لەو نیوەدا تەنیا دیواری هەرێم بۆئەو حکوومەتانەی کە بۆخۆیان خاوەنی پرسی کوردن کە کۆماری ئیسلامی یەک لەوانەیە، زۆر نەوییە . بۆیە ئەوەی بۆتە هـۆی ئەویکە تـای تـەراوزووی سیاسی نـێـوان هـەرێـم و ئـەو دەوڵـەتـانـەی کـە خـاوەن پرسی کوردن و یەک لەوان کۆماری ئیسلامی بە زیانی هەرێم بێتەخوارێ، هەبوونی پێوەندی نـادروسـت و نـاهـاوسـەنـگ و هـەڵـسـوکـەوتـی لایـەنـە سیاسییەکانی بـاشـووری کوردستانە. دیـارە سیستەمی هەتا ئێستا شکڵ گرتووی هەرێم، کە لەلایەک لە نیزامێکی پارلمانی لەسەر

ئەو ناهاوسەنگییە سیاسییەی کە لە ئاکامی چۆنیەتی هەڵسوکەوتی لایـەنـە سیاسییەکانی بـاشـووری کوردسـتـان و کـۆمـاری ئیسلامی هـاتـۆتـەدی، هـەر بـە تەنیا بـە زیـانـی هەرێمی کـوردسـتـان نـەشـکـاوەتـەوە، بـەڵـکـوو بەزیانی جووڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش تەواو بووە. ئەگەر حکوومەتی هەرێم بەو ئاستە لە پێوەندییەکانی دەگـەڵ ئێران لـەو٢٣ ساڵەدا نەهاتبایە سـەر گـۆرەپـانی سیاسی، فاکتۆرە نەرێنیەکانی نێوخۆیی جـووڵـانـەوەی کـورد لە رۆژهــەڵات، هـەرچـەنـدەش کاریگەربان هێشتا نـەیـانـدەتـوانـی ببنە هـۆکـاری پاشەکشەیەکی لەمچەشنە کە زیاتر لە دوو دەیـەیـە بەرۆکی بزووتـنـەوەی کـوردی ئـەو بەشەی گرتۆتەوە. ئەوەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئاکامە کە جووڵانەوەی کـورد لـە رۆژهـەڵاتـی کـوردسـتـان بەگشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی، لەنێوان دووڕێیانێکدان. رێگای یەکەم ئەویە کە درێژە بە سیاسەتی هەتا ئێستامان بدین، کەبە نرخی لاوازبوونی جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران تەواو بووە و خولانەویە لە نێوو بازنەیکی داخراوو. رێگای دووهەم ئەویە کە لەسەر بناغەی رۆژهەڵاتتەوەری گیانێکی نوێ بە بەر بزوتونەوەی کـورد لـەو بـەش‌دا بکەینەوە و هەنگاوەکانمان بەکردەوە بۆ نیڵدانی کورەی خەبات و تێکۆشان توندوتیژتر بکەین . ئەگەر لێبراوین کە رێگای دووهـەم هەڵبژێرین، بەسەرنجدان بە دیاردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی سیاسی، پێویستە لـەدەرفـەت و کەلەبەرەکانی نێوان هەرێم و کۆماری ئیسلامی بەباشی کەڵک کەڵک وەرگرین_ بەڵام بەبێ ئەوەی پشتی پێ ببەستین _ و بەرەبەرە وازلە مێتۆدە کۆنەکان بهێنین کە نرخی زۆریان بۆ جووڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵات تێدەچێ .

## لە رۆژهەڵاتەوە...

# ئۆپۆزیسیۆنی ئێستا و ئۆپۆزیسیۆنی جاران!



خالید محەممەدزادە

لە ئێستا فۆرمێک لە ئۆپۆزیسیون (کۆ و تاک) شکڵی گرتووە، ئەگەرچی وەک ئۆپۆزیسیون دەردەکەوێ، بەڵام کارکردو کاریگەریی ئۆپۆزیسیون بوونی روو بە حکوومەتو کۆمەڵگا پێوە نیە، ئەم فۆرمە لە ئۆپۆزیسیون ئەگەرچی لە کارکرد ئەوەندە خەریکی ئیدارەی بنکەو بارەگاو رێکخستنی ژیانی خۆیەتی، بە قەد ئەوەش مەشغوڵی حکوومەتو رێکخستنەوەی کۆمەڵگا نیە.

هەر پێناسەیەکمان بۆ ئۆپۆزیسیۆنبوون هەبێ، کە بێگۆمان سەرەتاییترین پێناسەی لای ئێمە ریسواکردنی حکوومەتە، بێگۆمان هەڵکوتانە سەر کۆمەڵگاو جیاوازییەکانی و چالاکییەکانی، کاری ئۆپۆزیسیۆن نیە، ئەویش ئۆپۆزیسیونێک کە خوی تور دراوەتـە دەرێـی کۆمەڵگاو بە پلەی یەکەم باجی سیستمێکی توتالیتەر دەدا، نەک کۆمەڵگایەکی پڕ لە جیاوازی.

لە بیرمان نەچێ ئەرکی هێزێکی ئۆپۆزیسیون لە وڵاتی ئێمە، تەنیا دژایەتی حکوومەت نیە، بەڵکوو رێکخستنەوەی کۆمەڵگاشە لە سەر بنەمای فۆرمێکی هاوبەش لە پێناو زیندوهێشتنەوەی، لە گەڵ ئـەوەش نەک لە غیابی هێزیکی دژ بە حکوومەت دەژین، بەڵکوو ئەم ئۆپۆزیسیۆنە خەرێکە دەبێتە ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی‌و رووبەرووبونەوە لە گەڵ دەسـەڵات بگوازێتەوە بۆ رووبـەروو بوونەوەی هەر بەرنامەیەک لە کۆمەڵگا ئەو لە گەلی نەبێ، یا تێی دا بەشدار نەبێ.

ئەگەر ئۆپۆزیسیون ناتوانێ ئەم حکوومەتە بڕووخێنێ، ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن تواناییو مەجالی مانۆری ئـەوەی نیە حکوومەت بخاتە سووچێکەوە، خۆ ئەم ئەم ئۆپۆزیسیۆنە دەتوانێ کار لە سەر دروستکردنی فۆرمێکی پڕ لە چالاکی لە کۆمەڵگا بکات، تەنانەت با ئەو فەرزییەش قبوڵ بکەین کە ئەم هێزانە هێزی دژبەری کۆماری ئیسلامین، بـەڵام هێزی زیندووهێشتنەوەی کۆمەڵگاو هێزی پێراگەیشتنو ئیدارەی سیاسەت لە کۆمەڵگا نین.

ئیمە چـەنـدە پێویستمان بـە هـێـزێـک هـەیـە، حکـوومـەت بڕووخێنێ، لەوە زیاتریش پێویستمان بە هێزێکە بەر بە پرۆسەی ئاسیملاسیۆنکردنی کۆمەڵگا بگرێت لە رێگای زیندووهێشتنەوەی نەک مردارکرنەوەی کۆمەڵگا بەوەی تا ئەم سیستمە هەبێ هیچ ناکرێتو هـەر کـەس لە ماڵی خـۆی دانیشێ. کۆمەڵگایەک کە چالاک نەبوو، واتە ئەم کۆمەڵگایە هێزی چالاکی نیە. ناچالاکی ئۆپۆزیسیونی کـوردی نابێ بگوازرێتەوە بۆ ناچالاکترکردنی کۆمەڵگا، کۆمەڵگایەک لە چالاکی خرا، رەوتی بەرەو فەنا بوونی خێراتر دەپێوی‌و ئەوکاتیش دەبێ ئۆپۆزیسیۆن باجەکەی بدات، وەک چۆن هێزەکانی ئیمە چەندە باجی هەڵەکانی خۆیان دەدەن، بە قەد ئەوەش باجی کۆمەڵگایەکی ناکاراش دەدەن!

هێزێک دەیەوێ بە دەسەڵات بگات، هێزیک دەیەوێ سیستمی سیاسی بروخێنێ، پێش هەموو هەنگاوێک دەبێ لە نێو کۆمەڵگا بوونی هەیەو ئەو متمانە لە کۆمەڵگا دروست بکات کە چەترێکە بۆ پاراستنی یان، نەک مەقەسیک بۆ هەڵپاچینی جیاوازییەکانیان.

لـە ئێستادا هیچ جیاوازییـەک نـاتـوانـێ مەترسی بـۆ سـەر ئۆپۆزیسیونی کـوردی دروسـت بـکـات، بـەڵـکـوو فـرەدەنگی‌و فرەپیکهاتەیی‌و زیـاد لـە چالاکییەک، بەشێک لـە ئامانجەکانی ئۆپۆزیسیونی دورخراوە جێبەجێ دەکات.

ئیمە تەنیا لە نەبوونی ئۆپۆزیسیونێکی کارا روو بە حکوومەت رەنج نابەین، بەڵکوو لە بوونی ئۆپۆزیسیونیک رەنج دەبەین کە خۆی بە خاوەنی ئەم کۆمەڵگایە نازانێو روو بە کۆمەلگا نەک هەڵگری هیچ دیسکۆرسو بەرنامەیەک نیە، بەڵکوو لە رێگای بەشێک لە ئەندامانو تریبونەکانی سێبەریەوە پەلاماری کۆی چالاکییەکانی نێو کۆمەڵگا دەداتو هەر زوو مۆرکی حکوومەتی بـوونو جاشبوون بـەم چالاکیانە دەبەخشیتەوەو وەک چۆن حکوومەتیش مۆرکی دژە شۆرش لەم چالاکیانەو چالاکوانانی دەدات!

ئەو گۆتەیەی کە لەم سیستمە هیچ ناکرێت، ئەوەی کە حکوومەت دژبەرانی کیش مات کردوە، هۆکار نیە بۆ ئەوەی هیچ نەکەیو ئەوانەشی بە ئۆمیدی گۆڕان، دەجولێن نە دەیانەوێ مەشروعییەت بەم سیستمە بدەنو نە بەشێکن لە حکوومەتیش، ناکرێت کۆی کۆمەڵگاش لە چاوی سیستمەوە سەیر بکەی، چون بە سیستم بێ وا پیشان دەدات کۆی کۆمەڵگای لە گەڵەو ئەمەش هەمان ئەو وێنەیە کە ئۆپۆزیسیونی پێ فریوێندراوە.

نائۆمیدی لە گۆڕینی سیستمو نەبوونی چالاکی، نابێ تەبدیل بێ بە نائۆمیدی بڵاوکردنەوە روو بە کۆمەلگاو هەڵشاخان بە رووی ئەم وزەیە دەیەوێ بە سەهمی خوی تەعبیر لەم کۆمەڵگایە بکات. ئەمەی ئەم فۆرمە لە ئۆپۆزیسیون دەیکات نە متمانەبوون بە تواناکانو سوودوەرگرتن لە هەموو زەرفییەتەکانیەتیو نە گێرانەوەی متمانەیە بە کۆمەڵگا کە دەکرێت بێ دەنگ نەبن.

باشتر وایە حیزبی کوردی ئامۆژگاری ئەندامانی بکات کە پەلاماردان بۆ سەر چالاکییەکانی کۆمەڵگاو چالاکوانانی بگوازنەوە بۆ پەلاماردانی سیستمیک کە دەیـەوێ کۆمەڵگای قەبرستانی لە کوردستان بەرهەم بهێنێو ئەرکی ئەم هێزانەیە کە فەزای گۆرستانی بگۆڕنەوە بە فەزای مانەوەو بەرەنگاروبونەوەو بە زیندووهێشتنەوەی کۆی چالاکیەکان لەم قوناغە لە پێناو پاراستنی هەمووان.

# زانکۆ وەک شوێنی فێربوون



ڕێبوار مەعروفزادە

لەگەڵ تەواوبوونی وەرزی هاوین، زانکۆکان دەکرێنەوە و ژمارەیەکی تازە لە خوێندکار دەچنە زانکۆ. چوون بۆ زانکۆ بۆ بەشی زۆری خەڵک وەک پێویستییەک بۆ دەستەبەرکردنی پیشە و ژیانێکی تاکەکەسی باشتر لە داهاتوودا سەیر دەکرێ. زانکۆ ئەو شوێنەیە کە لەودا تاکەکان لە بوارێکی تایبەتدا، پسپۆری پەیدا دەکەن. لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسانەش، زانکۆ شوێنی کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆری گەنجە بۆ ئەوەی قۆناخێکی دیکە لە بە کۆمەڵایەتی بوون- سەقامگیری زیاتری پێگەی هزری و پیشەیی، تێپەر بکەن. زانکۆ بۆ پۆزسیۆن و ئۆپۆزسیۆنیش شوێنێکی گرینگە چونکە هێزی مرۆیی نێو زانکۆکان- خوێندکاران و ماموستایانی زانکۆ- لە ڕێگەی ئایدیا و کردەوەکانیان دەتوانن دەسەڵات بەهێزتر یا لاوازتر بکەن. زانکۆی بەهێز لە وڵاتێک یان ناوچەکەیەک نیشانەی ئەوەیە خۆدی ئەو وڵاتە یا ناوچەیەش بەهێزە. زانکۆی هاروارد، پرینستۆن، ستەنفۆرد، ماساچوست و ... کە لە باشترین زانکۆکاکانی جیهانن، لە وڵاتی ئەمریکا دان. لە ئێرانیش باشترین زانکۆکان- وەک زانکۆی تاران، زانکۆی سەنعەتی شەریف و زانکۆی پۆلی تەکنیکی ئەمیر کەبیر- لە تاران هەڵکەوتوون. ئەو پارێزگانەی زۆربەی دانیشتوانن فارسن- وەک پارێزگای ئیسفەهان و شیراز- باشترین زانکۆکانی ئێرانیان هەیە. کەوایە زانکۆ دەکرێ لە زۆر ڕەهەندەوە سەیر بکرێ. لەو وتارەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە بۆ دامەزراوەی زانکۆ لە ڕەوتی مێژوودا هێندێک وڵاتی پێشخست بەڵام لە هێندێک وڵاتی دیکە نەیتوانی ڕۆڵێکی گەورە بگێڕی و ببێتەوە مایەی بەرهەمهێنانی زانست و سەرمایەی مرۆیی و ماددی.

**زانکۆ و شۆڕشی پێشەسازی لە ئوروپا**

لە سەدەی شانزدە هەتا سەدەی هەژدە، ئورووپای ڕۆژئاوا و بە تایبەتی بریتانیا پێشکەوتنێکی فیکری، زانستی و ئابووری گەورەی کرد. زانست لە دەرەوەی ئینجیل و بیرکردنەوەی کۆن، بە بەرهەمی بەدواداچوونی ورد، ئەنجامی تاقی کردنەوە و کەڵک وەرگرتن لە بیرکاری بۆ پێناسەکردنی جیهان لە قەڵەم درا. کۆپێرنیک لە لەهستان، گالیلە لە ئیتالیا، دیکارت لە فەڕانسە و نیۆتۆن لە بریتانیا بەشێک لەو زانایانە بوون کە کاریگەری گەورەیان لە سەرخستنی شۆڕشی زانستیدا هەبوو. یەکێک لەو فاکتەرە سەرەکییانەی هێژمونی ئورووپای لە ئاستی جیهانیدا بەرهەم هێنا، ڕوودانی شۆڕشی زانستی لەو بەشە لە جیهان بوو.

**سەربەخۆیی زانکۆکان**

زۆربەی کەسایەتییە زانستییەکانی کە لە شۆڕشی پیشەسازیدا ڕۆلی گەورەیان گێڕا، لە زانکۆکانی ئورووپا خوێندبوویان و وانەیان دەکۆتەوە. سەربەخۆیی زانکۆکانی ئورووپا لە دەوڵەت و سیستمی سیاسی، ئەو دەرفەتەی ڕەخساند کە بتوانن گەشەیەکی بەردەوام بە زانست بدەن. بۆ نموونە لە ساڵی ١٢١٥، زانکۆی پاریس دەیتوانی خوێندکار وەرگرێ، خوێندکار دەربکا، مەدرەکی وانە وتنەوە بە کەسانێک بدا و تەنانەت ئەو زانکۆیە دەیتوانی بەشی تازە دابمەزرێنێ. کۆمەڵێک زانکۆ لە ئورووپا وەک زانکۆی پاریس، ئاکسفورد، کەمبریج و سالامانس توانیان فەزایەکی ڕێژەیی ئازاد بۆ لێکۆڵەران بڕەخسێنن کە بەدوور لە هێژمۆنی کلێسا و دەوڵەت پەرە بە بیرۆکە و تاقی کردنەوەکانی خۆیان بدەن. یەکێک لەو کارە گرینگانەی ئەو زانکۆیان کردیان ئەوە بوو کە بەرەبەرە بەشی زانستیان لە بەشی فەلسەفە و ئایین جیا کردەوە. لە ساڵی ١٥٤٣ کتێبێکی نیکۆلاس کۆپێرنیک بڵاو کرایەوە کە لەودا نیشانی دا کە زەوی لە نێوەڕاستی جیهاندا نیە، بەڵکوو هەتاو لە نێوەڕاستی جیهان دایە. هەروەها کۆپێرنیک نیشانی دا کە زەوی و هەسارەکانی دیکە بە دەوری هەتاودا دەسووڕێنەوە نەک ئەوەی هەسارەکان بە دەوری زەویدا بسورێنەوە. کاری کۆپێرنیک ڕێک پێچەوانەی ڕوانگەی ئاریستۆتل و کلیسای کاتۆلیک بوو کە جەختیان لە سەر ئەوە دەکردەوە کە لە جیهانێک دا کە خودا دروستی کردوە، زەوی کە مرۆڤی لێ دەژێ، لە نێوەڕاستی جیهاندا جێی گرتووە. دواتر گالیلە تێلێسکۆپی دروست کرد و لە ڕێگەی ئەو ئامرازە توانی بە کردەوە دروستی ڕوانگەی کۆپێرنیک نیشان بدا. بەمشێوەیە زانست بەرەبەرە بووە بە سەرچاوە و ڕێگەی تێگەیشتن لە جیهان و کلیسای کاتۆلیک ڕەوایی زانستی خۆی لەدەست دا. کارەکانی ئیسحاق نیوتۆن بە تایبەتی قانوونەکانی فیزیکی ئەو، کۆتایی بە هێژمۆنی کلیسا هێنا و ئورووپا بۆ تێگەیشتن و ژیان لە جیهاندا پشتی بە زانستەکانی بیرکاری، فیزیک، شیمی و ... بەست. شۆڕشی زانستی نەتەنیا بوو بە سەرچاوەی تێگەیشتن لە جیهانی ماتریال بەڵکوو بووە بە سەرچاوەی تێگەیشتن لە کۆمەڵگەی مرۆییش. بۆ نموونە ئادام سمیت کۆمەڵێک قانوونی بۆ ئابووری داهێنا و باسی ئەوەی دەکرد کە ئەگەر پشت بەو قانوونە ببەستری، کۆمەڵگە لە بواری ئابووریدا پێش دەکەوێ.

بەڵام لە وڵاتانی ئیسلامی زانکۆ لە ژێر هێژمونی خوێندنی ئایینیدا بوو و بە چاوی گومانەوە تەماشای فەلسەفە و بەشی زانستی یان دەکرد. زۆرێک لە زانایانی ئیسلامی بروایان وابوو کە زانست، سەرلێشێواوی و ناڕوونی بەرهەم دێنێ. چین کە یەکێک لە بەهێزترین هێزەکان لە دەیەی ١٥و ١٦ دا بوو، کۆنترۆلی زانکۆکانی دەکرد و ئەرکی زانکۆ لەوێدا تەنیا ئەوە بوو کە هێزی بۆرۆکراتیکی ئیمپراتۆری چین دابین بکا. خوێندنی زانکۆ لە چین لەسەر بنەمای فەلسەفەی کۆنفۆسیوس بوو کە جەختی لە سەر داهێنان و زانستەکانی فیزیک، شیمی، بیرکاری و ... نەدەکرد.

بۆ بریتانیا بوو بە ناوەندی شۆڕشی زانستی و پیشە سازی ؟

بریتانیا یەکەم وڵات بوو کە کۆمەڵگەی شاهانەی لەندەنی لە ساڵی ١٦٦٠ دامەزراند. ئەو دامەزراوەیە کە لە لەندەن بوو و بریتانیا پشتگیری دەکرد، تایبەت بەو زانا و لێکۆڵەرانە بوو کە توانیبوویان شتی تازە و بیرۆکەی تازە بەرهەم بێنن. کاری ئەو دامەزراوەیە ئەوە بوو کە پەرە بە «زانستی بەسوود» بدا. مەبەستی لە زانستی بەسوود ئەوە بوو کە پێوەندییەکی بەرفراوان لە نێوان بازار و زانایان دروست بێ و زانست بتوانێ خزمەت بە پێشکەوتنی ئابووری بکا. هەر بۆیە لە بریتانیا زۆرتر جەختیان لەسەر داهێنان دەکردەوە هەتا کاری فەلسەفی و تیۆریکی ڕووت. بۆ نموونە دروستکردنی ماشێنی هەڵمی بە دەستی جەیمز وات یەکێک لەو دەسکەوتانەی پێوەندی زانست و بازار لە بریتانیا بوو. ماشێنی هەڵمی لە پاپۆڕ، شەمەندەفەر و کارخانەکانی دروستکردنی پارچە کەڵکی لێ وەرگیرا. هەروەها لە بریتانیا قانوونی پەتێنت (Patent Law) هەبوو، ئەو قانوونە باسی لەوە دەکرد کە هەر کەس ئایدیا یان شتێکی تازە بەرهەم بێنێ، ئەو کارەی بە ناوی ئەو تۆمار دەکرێ و ئەو کەسە دەتوانێ بەرهەمی زانستی خۆی بە سەرمایەداران بفرۆشێ. بریتانیا لە ڕێگەی قانوونی پەتێنت پارێزگاری لە بەرهەمی زانستی تاکەکان دەکرد و دەوڵەت سزای بە سەر ئەو کەس و لایەنانە دەسەپاند کە بەرهەمی زانستی کەسێک بە بێ ئیزنی ئەو بەکار بێنن. لە ڕوانگەی بریتانیا دزینی ئایدیا و بەرهەمی زانستی هەر وەک دزینی ماڵ و سەرمایەی خەڵک بوو. ئەو یاسایە و ئەو ڕوانینەی دەسەڵات بۆ کاری زانستی، هەرچی زیاتر زانایان و تەنانەت خەڵکی پیشەسازی هان دا بۆ ئەوەی شتی نوێ بەرهەم بێنن و لەو ڕێگەیەوە هەم خۆیان دەوڵەمەند بن و هەم خزمەتی کۆمەڵگەی خۆیان بکەن.



**ئاکام**

یەکێک لەو فاکتەرە گرینگانە بووە هۆی ئەوەی کە شۆڕشی زانستی و شۆڕشی پیشەسازی لە ئوروپا ڕوو بدا، هەبوونی کۆمەڵێک زانکۆی سەربەخۆ بوو. بەپێچەوانە زانکۆ لە جیهانی ئیسلام و چین، لە ژێر هێژمۆنی دەوڵەت و ئاییندا بوو و هەر بۆیە دەرەتانی داهێنان کەمتر بوو. دواتر هەر ئەو پێشکەوتنانەی لە بواری زانستی لە زانکۆکان پێکهات، بووە هۆی ئەوەی ئورووپا لە سەدەی هەژدە بەملاوە هەم لە ڕێگەی چەکی پێشکەوتوو و هەم لە ڕێگەی ئابوورییەکی بەهێز هێژمۆنی خۆی بە سەر جیهاندا تا دوای شەڕی دووهەمی جیهانی درێژە پێ بدا. ئەرکی خوێندکاریش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان فێربوون، کاری زانستی و لێکۆلینەوەیە. خوێندکار پێویستە لە زانکۆ فێرە سیاسەت، ئابووری، موهەندسی و ... بێ و دواتر لە ڕێگەی شارەزایی خۆی خزمەتی کۆمەڵگە و نەتەوەکەی بکا.

**سەرچاوە:**

Ways of the World by Robert W. Strayer, published in 2012, chapters 15& 17

# ٨ ساڵ بەرگری لە ئامانجەکانی ڕێبەرێکی کورتبین و خەیاڵاوی



موختار نەقشبەندی
وەرگێڕان بۆ کوردی:
مەسعود ڕەواندوست

ڕۆژی ٣١ی خەرمانان، ساڵڕۆژی دەسپێکی درێژترین شەڕی سەدەی رابردوو دوای شەڕی ڤییەتنامە. وەهم و خەیاڵی زێدەخوازانە و دوژمنایەتیی نێوان خومەینی و سەددام حوسێن وێڕای ناکۆکییە سنوورییەکان بواری شەڕێکی ٨ ساڵەیان ڕەخساند، کە جگە لە ماڵوێرانی و کوژران و برینداربوونی زیاتر لە یەک میلیۆن ئینسان هیچ دەسکەوتێکی دیکەی نەبوو. بێگومان ئەگەر ڕێبەرانی ئێران و عێراق مرۆڤی ئاشتیخواز و دوور لە وەهم و خەیاڵ و ئیدئۆلۆژی بوایەن، دەیانتوانی کێشەکانیان لە ڕێگەی ئاشتیخوازانە چارەسەر بکەن. سەددام حوسێن خولیای دەسبەسەرداگرتنی تەواوی جیهانی عەرەب و دواتریش دەوری زلهێزگێڕانی لەسەردا بوو و خومەینیش خولیای حکوومەتی ئیسلامیی لە سەرانسەری جیهانی هەبوو.

لە مێژوودا کەم نیە نموونەی ئەو کەسانەی لە پلانە بەرزەفڕانەکانیاندا ئەوەندە لە خۆبایی دەبن کە لە لێکدانەوەکانیاندا تووشی هەڵە بوون، وەک هێرشی هیتلێر بۆسەر یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو، بێ وەبەرچاوگرتنی ئەگەری یەکگرتنی یەکیەتیی سۆڤییەت و ئەمریکا و بریتانیا ، هەروەها بە کەمزانینی سپای گەورەی یەکیەتیی سۆڤییەت و هەستی نیشتمانپەروەریی خەڵکەکەی. سەددام حوسێنیش بەجۆرێک تینووی دەسەڵات و دەستبەرداگرتنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهانی عەرەبدا بوو کە سپای بەهێزی ئێران و هەستی مەزهەبیی شوێنکەوتوانی دەمارگرژی خومەینی و بە کەمزانیی کە تازە وەجۆش هاتبوون و ئامادەبوون بۆ پەرەپێدانی ئیدئۆلۆژیی خومەینی گیانی خۆیان فیدا بکەن. دوای ئەوەی هێزەکانی ئێران توانیان سپای عێراق لە خوڕڕەمشار وەدەرنێن، عەرەبستان پێشنیاری ئاگربەس و دانی غەرامەتی بە ئێران دا، بەڵام ئێران قەبووڵی نەکرد! داخوا خومەینی دوای لێکدانەوەیەکی ورد و دروست ئەم بڕیارەی دا؟

سەددام حوسێن دوای تێکشکانی هێزەکانی لە خوڕڕەمشار تێگەیشتبوو کە شەڕ سەرەنجامێکی باشی نیە و ناتوانێ بە خولیاکانی بگا، لە لایەکی دیکەوە وڵاتانی عەرەبی بە تایبەت عەرەبستان ئەم شەڕە ماڵوێرانکەرەی نێوان ئێران و عێراقیان تەنیا بە قازانجی ئیسرائیل دەزانی و هەر بۆیە وێڕای ئەوەی یارمەتیی عێراقیان دەدا، خوازیاری کۆتایی هێنان بە شەڕ بوون، بەڵام خومەینی جۆرێکی دیکەی بیر دەکردەوە. ئەوەیکە داخوا بڕیارەکانی خومەینی بە پێی لێکدانەوەی وردی سیاسی، ئابووری و نیزامی بوون یان نا، لەم وتارەدا بە کورتی تاووتوێی دەکەین.



دوای شکستی عەمەلیاتی بەدر، وڵاتی عێراق وێڕای پاشەکشەی هێزەکانی دوولایەن بۆ سەر سنوورە نێونەتەوەییەکان داوای ئاگربەسی کرد، بەڵام خومەینی دیسانیش ڕەتی کردەوە! ئەگەرچی ئێران بۆ ڕەت کردنەوەی داوای ئاگربەس بە ڕواڵەت هۆکارێکی مەعقووڵی هەبوو کە ئەویش بە ڕەسمی ناسینی دەستدرێژیکەر بوو، بەڵام لە دنیای سیاسەت و پێکهاتەی سیاسیی جیهاندا شتێک بەناوی دادپەروەری بوونی نیە و ئەوە هێزی (ئابووری، نیزامی، سیاسی و فەرهەنگی)ە کە قسەی یەکەم و کۆتایی دەکا نەک هەست و سۆز! هەرچەند وتارەکانی خومەینی و بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران لەو سەردەمدا نیشان دەدەن کە ئێران خولیای گەیشتن بە کەربەلای لەسەردا بوو نەک دوورخستنەوەی دەستدرێژییەکەی عێراق و بە ڕەسمی ناساندنی دەستدرێژیکەر لە ئاستی جیهاندا!

**خومەینی و ستراتیژی:**

هەر کەسایەتییەکی سیاسی کە شارەزای پێکهاتەی سیاسیی جیهان بێ باش دەزانێ کە گۆڕینی نەخشەی وڵاتان یان داگیرکردنی وڵاتێک لە لایەن وڵاتێکی دیکەوە بێ پشتیوانی یان هەماهەنگیی یەکێک لە زلهێزەکان بە تایبەت ئەمریکا و ڕووسیە مەیسەل نابێ و ئەگەر بەرژەوەندی زلهێزەکان بکەوێتە مەترسییەوە بە دەرکردنی بڕیارنامەیەک لە ئەنجومەنی ئاسایش بۆ پاشەکشە بە دەستدرێژیکەر تەنانەت کەڵک لە هێزی نیزامی وەردەگرن، هەر ئەوجۆرەی لە هێرشی عێراق بۆسەر کوەیت بینرا! خومەینی هەر لە سەرەتای بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات، دروشمی ناردنەدەرەوەی شۆڕشی بۆ جیهان دا و شەڕی ئێران و عێراقی بە دەرفەتێک دەزانی بۆ دەستبەسەرداگرتنی وڵاتی عێراق، جیا لەوەکە داخوا ئیمکاناتی ئابووری، نیزامی، تەکنۆلۆژی و سیاسیی ئێران ئیمکانی داگیرکرانی عێراقی بە ڕێبەرانی ئێران دەدا یان نا، دەبوایە خومەینی ئەم مەسەلەی تاووتوێ کردبا کە دژکردەوەی وڵاتانی جیهان و بە تایبەت ئەمریکا و یەکیەتیی سۆڤییەت و وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە لە بەرامبەر نزیکبوونەوەی هێزەکانی ئێران لە بەغدا چ دەبێ، بەداخەوە خومەینی نە خۆی توانا و زانستی لێکدانەوەی ئەم مەسەلانەی هەبوو و نە بە قسەی کەسی دەکرد. بێگومان ئەگەر بڕیاربوایە ئێران سپای عێراق تێکبشکێنێ و لە بەغدا نزیک بێتەوە، لەگەڵ دەستێوەردان و دژکردەوەی ڕاستەوخۆی وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە بە تایبەت عەرەبستان ڕووبەڕوو دەبۆوە و تەنانەت ئەمریکا و یەکیەتیی سۆڤییەتیش ڕێگەی داگیرکردنی بەغدایان بە ئێران نەدەدا چونکە هاوسەنگیی ناوچەکە تێک دەچوو. تێگەیشتنی هەڵە و خەیاڵەکانی خومەینی بووە هۆی ئەوەی شەڕی ئێران و عێراق دوای عەمەلیاتی سەرکەوتوانەی بەیتولموقەدەس و پێشنیاری ئاگربەس و دانی غەرامەت لە لایەن وڵاتانی عەرەب بە ئێران بۆ ٦ ساڵی خوێناویی دیکە درێژەی کێشا و سەرەنجام لە خراپترین دۆخدا ئاگربڕ قەبووڵ بکا و بە وتەی خۆی جامی ژەهر بخواتەوە.

**ئەو نامەیە ڕایچڵەکاند:**

دوای ئەوەی موحسین ڕەزایی فەرماندەی سپا لە نامەیەکدا پێداویستییەکانی پێنج ساڵی داهاتووی هێزە چەکدارەکانی بۆ تێکشکاندنی سپای عێراق بۆ خومەینی نارد کە ئەو نامەیە خومەینیی ڕاچڵەکاند! داچڵەکینی

ل ٩

# یازدەی سێپتامبر و ئاکامی شەڕ لەگەڵ تێرۆریزم



ڕەزا محەممەدئەمینی

ڕۆژی یازدەی سێپتامبری ٢٠٠١ی زایینی(٢٠ی خەرمانانی ١٣٨٠)، سێ فڕۆکەی مسافیر هەڵگر کە لە لایەن تێرۆریستەکانی ڕێکخراوی تێرۆریستی ئەلقاعیدەوە ڕفێندرابوون، خۆیان بە دوو تاوەری ناوەندی بازرگانی جیهانی لە شاری نیۆیۆرک و ناوەندی فەرماندەیی وەزارەتی بەرگری ئامریکا «پێنتاگۆن»دا کێشا و بەمجۆرە، گەورەترین و کارەساتبارترین کردەوەی تێرۆریستییان لە ناو وڵاتی ئامریکا و لە ئاست جیهاندا خوڵقاند. لە ئاکامی ئەو کردەوە تێرۆریستییە، جگە لە ١٩ تێرۆریستەکە، ٢٩٧٤ کەس لە خەڵکی بێتاوان کوژران و بە دەیان میلیارد دۆلار زەرەرو زیانیماڵیی لێکەوتەوە. دوابەدوای ئەو کردەوە ترۆریستییە، سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئامریکا، جۆرج واکێر بوش، شەڕی دژ بە تێرۆری لە ئاستی جیهانیدا ڕاگەیاند و لەیەکەم هەنگاودا، هاوڕێ لەگەڵ هاوپەیمانەکانی، هێرشی بەربڵاوی بۆسەر ئەفغانستان دەستپێکرد و ڕێژیمی کۆنەپەرست و دژی گەلیی تالیبانی کە ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی لەو وڵاتەدا داڵدە دابوو، بە هاوکاری لایەنە ئیسلامییەکانی دیکەی ئەفغانستان، ڕووخاند.

هەر چەند بەر لە یازدەی سێپتامبریش زۆر کردەوەی تێرۆریستی لە لایەن دەستەو تاقمە توندڕەوە ئیسلامییەکان لە جیهان دا ڕووی داوە، بەڵام هێرش بۆ سەر گەورەترین ناوەندە سەربازیی و بازرگانییەکانی ئەمریکا لە ناو دڵی ئەو وڵاتە، لە لایەک کردەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو و زۆر سەرسوڕهێنەر بۆ هەموو خەڵکی جیهان بوو و لە لایەکی دیکەش، کاردانەوەیەکی زۆری سیاسیی و نیزامیی و ئابووری و ئەمنییەتی لە ئاستی جیهان دا لێکەوتەوە. ئامریکا و وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان تووشی کێشە و شەڕێک بوون کە تا ئێستاش بە سەدان میلیون کەس لەگەڵی بەرەوروون و بە شێوەیەک لە شێوەکان پێوەی دەناڵێنن. لە ماوەی ١٤ساڵی ڕابردوو دا گرووپ و دەستەو تاقمە سەلەفی و بناژۆ ئیسلامییەکان لە تەواوی وڵاتە عەرەب و موسوڵماننشینەکان بوونی خۆیان سەلماندوەو نیشانیان داوە کە لە شەڕ بە دژی دێمۆکراسی و بنەماکانی شارستانیەت و وڵاتانی ڕۆژئاوایی و لەسەرووی هەموویانەوە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئامریکا دا، چەندە مکوورن. بەوحاڵەش ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ، ئایا ئەلقاعیدە و تالیبان و بە گشتی دەستە و تاقمە توندڕەوە ئیسلامییەکان کە هەتا دێ زیاتر خەڵکی وڵاتە هەژار و بن دەستەکانی ئەفغانستان، پاکستان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوور و شاخی ئەفریقا، بەرەو شەڕو ماڵوێرانی و دواکەوتوویی دەبەن، لە دوای یازدەی سێپتامبر بەملاوە سەریان هەڵداوە؟

لەپاش داگیرکرانی وڵاتی ئەفغانستان لە لایەن هێزەکانی سۆڤیەتی پێشوو لە ساڵی ١٩٧٩دا، ئامریکا و وڵاتانی عەرەبی کەنداو و چین و پاکستان ...... بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ پەرەسەندنی نفووزی سۆڤیەت، دەستیان کرد بە چەکدار کردنی دەستەو تاقمە ئیسلامییە ئەفغانییەکان و ئەو سەلەفییانە کە لە وڵاتانی دیکە را بۆ بە ناو جیهاد بە دژی داگیرکەران و دەوڵەتی سەر بە سۆڤییەت، ڕژابوونە ئەفغانستان. لەو پێوەندییەدا ئامریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ ئەو مەبەستە بیریان لە پێکهێنانی هێڵێک کردبۆوە لە وڵاتانی ئیسلامی کە بە «کەمەربەندی سەوز»ناسرابوو؛ بەو واتایە کە، بۆ بەرگری کردن لە تەشەنەسەندنی بیری چەپ و کومۆنیستی، نیزامە دیکتاتۆر و سەرەڕۆکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەگشتی وڵاتانی ئیسلامی، بە دژی نفووزی یەکێتیی سۆڤییەت هان بدەن. هەر بۆیەش بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئاکامە مەترسیدارەکانی ئەو سیاسەتە، بە ڕژدی کەوتبوونە بەهێز کردنی دەوڵەتە عەرەبییەکان و دەستەو تاقمە توندرەوە ئیسلامییەکانی ناوچە و ڕێخۆشکەر بوون بۆ بڵاو بوونەوەی بیروبۆچوونی سەلەفی و ئیسلامی سیاسی لە جیهاندا.

ڕاستە لە دوای هێرشەکانی یازدەی سێپتامبر، ئامریکا و هاوپەیمانەکانی توانیان ڕێژیمی تالیبان لە ئەفغانستان ڕامالن، بەڵام هەروەک دەبینین سەرەڕای تێپەربوونی نیزیکەی ١٤ ساڵ لەو ڕووداوە، تالیبان لە ناو چووە و ئارامیی و ئاسایشیش نەگەڕاوەتەوە ئەو وڵاتە. لەوماوەیەدا هەزاران سەربازی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی لە ئەفغانستان کوژران و بریندار بوون و ئەو شەڕە و نۆژەن کردنەوەی ژێرخانی ئابووری ئەو وڵاتە، بە دەیان و بگرە سەدان میلیارد دۆلاری تێچووی بۆ ئەمریکا هەبووە. هێزە ئامریکاییەکان توانیان لە ساڵی ٢٠١١ ئۆسامە بین لادەن، دامەزرێنەری ڕێکخراوی تێرۆریستی ئەلقاعیدە بکوژن، بەڵام نەیانتوانی بەر بە پەرەسەندن و بەرفراوان بوونی ئەو ڕێکخراوە لە جیهاندا بگرن. هەروەک دەبینین، هەر لە ڕێکخراوی ئیسلامی ئەبوو سەیياف لە فیلیپینەوەڕا بگرە کە لە ئەلقاعیدە نیزیکە، هەتا تاقمی»جەماعەتی ئیسلامی» لە ئەندۆنیزی کە لە ساڵی ٢٠٠٥لە دوورگەی «بالی»، لە تەقینەوەیەکدا زیاتر لە ٢٠٠ کەسیان کوشت و هەروەها لە پاکستان، دەستەو تاقمی وەک»لەشکەری تەیبە» و «لەشکەری جەنگوی» و «تالیبانی پاکستان» هەر هەموویان یان دەسکردی ئەلقاعیدەن و یان هاو فکرو هاوکارن لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە.

جگەلەوەش ئەلقاعیدە لە ئاسیای ناوەند و بەتایبەت لە ئۆزبەکستان و هەروەها لە یەمەن، عێراق، ئۆردۆن و بەگشتی لەهەموو وڵاتانی عەرەب و ئیسلامی چالاکی هەبووە و ڕێکخستنی بەهێزی لە ژێر ناوی بزووتنەوەی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامیی و....پێک هێناوە و هەر ئێستاش بە توندترین و تۆقێنەرترین شێوەکان لەو وڵات و ناوچانەی ژێر دەسەڵاتیان، خەریکی داسەپاندنی بە ناو شەریعەت و کوشت و بڕ و ئازارو ئەشکەنجەی خەڵکی بێتاوانن. لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی لە درێژەی شەڕ لەگەڵ تێرۆڕ لە جیهاندا، هێرشیان کردە سەر عێراق و لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا ڕێژیمی »سەددام حوسێن» یان ڕووخاند و کەسێک بە ناوی «پۆل بریمێر»یان وەک حاکمی نیزامی بۆ ئەو وڵاتە دیاری کرد. شەڕ و نائارمییەکانی ئەو وڵاتە و بەتایبەت نارەزایەتی کەمینەی عەرەبی سووننە، کە لەسەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی عێراقەوە هەتا ڕووخانی ڕێژێمی بەعس، هەمیشە دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە، بەستێن و هەلومەرجێکی لەباری بۆ ئەلقاعیدە ئامادە کرد کە نفووزی خۆی لەو وڵاتە برەو پێبداو بە کردەوە شەرێکی خوێناوی لەدژی هێزە ئامریکاییەکان و میلیشیا شیعەکان دەست پێبکات. دیارە هەر لە دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ی کوردەکانی باشوور بە دژی دەوڵەتی عێراق، دەستە و تاقمە سەلەفی و توندڕەوە ئیسلامییەکان لەو بەشە لە کوردستان لە ژێر ناوی بزووتنەوەی ئیسلامی و حیزبوڵلا و جوندئەلاسلام و ئەنسارئەلاسلام، کە لە سەرەتا دا بە»کوردە ئەفغانییەکان» ناویان دەرکردبوو، بوونیان هەبووە و تەنانەت بو چەند ساڵێکیش لەگەڵ دەسەڵاتی خۆجێی کوردەکان لەشەر دابوون. لە ساڵی ٢٠٠٤دا»کۆمەڵەی تەوحید و جیهاد» بە سەرۆکایەتیی ئەبو مەسعەب زەرقاوی، پێوەست بوونی خۆیان بە ئەلقاعیدە ڕاگەیاندو لە ناوچە سووننە نشینەکانی عێراق شەرێکی خوێناوییان بە دژی هێزەکانی ئامریکا و دەوڵەتی زۆرینەی شیعە لەو وڵاتە دەستپێکرد. هەر چەند ئامریکاییەکان توانیان زەرقاوی بکوژن، بەڵام کوشتنی ناوبراو نەیتوانی ئاگری شەر و پێکدادان لەو وڵاتە کز بکاتەوە.

لە ساڵی ٢٠١٠نائارامییەکانی بەناو «بەهاری عەرەبی» لە باکووری ئافریقا و لە وڵاتی توونس را دەستی پێکردو زۆربەی وڵاتانی عەرەبی گرتەوە. ئەو توندوتیژییانە نەک هەر جێگە و پێگەی ئەلقاعیدەی بەرفراوانتر و سەقامگیرتر کرد، بەڵکوو بوو بەهۆی لەدایک بوون و سەرهەڵدانی «سەرەتانی داعەش» لە عێراق و سووریە. ئەو تاقمە لەڕادە بەدەر هار و دژی مرۆڤایەتییە، لە ساڵی ٢٠١٣بە سەرۆکایەتی «ئەبووبەکر بەغدادی» لە ئەلقاعیدە جودا بوونەوە و پاش نائارامییەکانی سووریە، ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە بەڵالێدراوەیان خستە ژێر ڕکێفی خۆیان و دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام «داعەش» یان دامەزراند و ساڵێک دواتر هێرشیان کردە سەر پارێزگای موسڵ و گەورەترین سەرکەوتنی مێژووی خۆیان تۆمار کرد. هەر ئێستا داعەش لە عێراق و سووریە لەگەڵ هەموو لایەنەکان، بە کوردەکانیشەوە و تەنانەت لەگەڵ»بەرەی نووسرەی»سەر بە ئەلقاعیدەش، لەشەڕ دایەو سەرەڕای بۆمبارانی خەستی فڕۆکە جەنگییەکانی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی، توانیویەتی بەهاوکاری سەلەفی و جیهادییەکانی سەرانسەری جیهان کە بە لێشاو ڕووی تێدەکەن، زۆر پتەوتر لە پێشوو لەهەموو بەرەکاندا شەڕ بکات.

ئامریکاو هاوپەیمانەکانی وەک دەڵێن، ئەوەی چاندویانە، ئێستا دەیدروونەوە. بێگومان تاوانباری سەرەکی لە سەرهەڵدانی ئەلقاعیدە و داعەش و ئەو دەستەو تاقمە کۆنەپەرستانەی کە ئەوڕۆکە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوور و شاخی ئافریقایان کردۆتە مەیدانی ڕمبازێنی خۆیان، ئامریکا و هاوپەیمانەکانی بەتایبەت بریتانیایە. ئەوان بوون کە بەبێ گوێدان بە ناوەرۆکی ئیسلامی سیاسیی و ئەو مەترسییانەی کە لە سەرهەڵدانی دەستەو تاقمە جیهادییەکان دا بەرەورووی کۆمەڵگای بەشەریی و شارستانیەت و پێشکەوتن و دێمۆکراسیدا دەبێتەوە، بۆ دژایەتی لەگەڵ ئۆردووگای بەرەی سۆڤییەت، بەستێن و بەستەری سەرهەڵدان و تەشەنەسەندنی ئەو بیرو و باوەرە چەوتەیان ڕەخساند. هەر ئامریکا و هاوپەیمانەکانی بوون کە بە بێ لەبەرچاو گرتنی ڕەوایی و نارەوایی کێشە ئاڵۆزەکانی وەک، کێشەی لەمێژینەی ئیسرایيل و فەلەستینییەکان، تاک لایەنانە بڕیاریان بە قازانج و بەرژەوەندی ئیسراییلیەکان دەر دەکرد و هەموو بڕیارەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانیان کە بە سوودی لایەنی عەرەب و فەلەستینی بوو، ڤیتۆ دەکرد. لە دوای شەڕی شەش ڕۆژەی ١٩٦٧بەم لاوە بە دەیان جار ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان داوای لە ئیسراییل کردوە بگەڕێتەوە سنوورەکانی پێش ئەو شەڕە و ناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستین و سووریە و ئۆردۆن چۆل بکات، بەڵام ئیسراییل وەپشت گوێی خستوە و ئامریکا و بریتانیا و باقی زلهێزەڕۆژئاواییەکان، بێدەنگیيان نواندوە. ئەمانە و زۆر نموونەی دیکە هەموو بوون بەهەوێنی نارەزایەتی کۆمەڵگای عەرەبی و موسڵمانەکانی دونیایە و لەڕاستیدا یارمەتیدەربوون بۆ پەرەسەندنی دەستەو تاقمە توندرەوە ئیسلامییەکان. تەنانەت هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیش کە هەڵگریی سەلەفییەت و بناژۆگەری ئیسلامیی لەڕوانگەی مەزهەبی شیعەیە، هەر بەرهەمی ئیسلامی سیاسییە و بەشێوەیەک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بزووتنەوەیە کە سواری شەپۆلی نارەزایەتی ناوچەیی لە سیاسەتەکانی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی بووە. لەبیرمان نەچێ کۆماری ئیسلامی بارتەقای ئەلقاعیدە و دەستە و تاقمە توندرەوە ئیسلامییەکان دەستی هەیە لە خوڵقاندنی ئاژاوە و توندوتیژی و لە زۆربەی وڵاتانی ناوچە و تەنانەت ڕێکخراوی تێرۆریستی حیزبوڵلای لوبنانیش هەر دەسکردی ئەو ڕێژیمەیە.

هەرئێستا ئەگەر بڕوانینە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەگشتی وڵاتانی ئیسلامی و تەنانەت وڵاتە ڕۆژئاواییەکانیش، دەبینین داعەش و ئەلقاعیدە و دەستە و تاقمە توندرەوە ئیسلامییەکان، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە پەرەسەندن دان و جگە لە دەست بەسەرداگرتنی ڕووبەرێکی بەرفراوان لە خاکی وڵاتانی وەک عێراق و سوورییە و لیبی و نیجێریە و ئەفغانستان و یەمەن، کێشەی گەورەی وەک ئاوارە بوون و هەڵاتنی بەکۆمەڵی خەڵکی، بەرەو وڵاتانی ئۆرووپاییشیان خوڵقاندوە. ئەوە نیشان دەدات ئەو شەڕەی کە ئامریکا لە دوای یازدەی سێپتامبر بە دژی تیرۆر دەستی داوەتێ، سەرکەوتوو نەبووە و مەترسی گرووپە تێرۆریستییەکان زۆر لەوە گەورەترە کە ئامریکا لە سەرەتا دا لێیدەڕوانی. بەدڵنیاییەوە ئەگەر ئامریکا و هاوپەیمانەکانی بە هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەرچی زووتر چارەسەرییەکی گونجاو بۆ داعەش و ئەلقاعیدە نەبیننەوە، نەک هەر شەڕ بە دژی تێرۆریسم بەئاکامی دڵخواز ناگاو سەرناکەوێ، بەڵکوو ئەو ئەگەرە مەترسیدارەش دێتە ئاراوە کە داعەش و ئەلقاعیدە و دەستەو تاقمە ئیسلامییەکان بە کەڵک وەرگرتن لە پسپۆران و شارەزایانی ناو ریزەکانیان، دەستیان بە چەکی شیمیایی و تەنانەت چەکی ئەتۆمییش ڕابگات.

لەکۆتاییدا وێرای دەربڕینی نیگەرانی لە پەرەسەندنی ئەو «سەرەتانە بەدخیمە»، جێی وەبیرهێنانەوەیە، ئەگەر پێمان وابێ تەنیا لەڕێگەی شەڕەوە دەتوانین مرۆڤایەتی لە چەنگی ئەو بەڵایە ڕزگار بکەین، لە هەڵەداین؛ بۆ سەرکەوتن لەو شەڕەدا و دووبارە نەبوونەوەی کارەساتی وەک یازدەی سێپتامبر، دەبێ لەلایەک لە هەموو بوارەکانی ئابووری و فەرهەنگی و دینی لەگەڵی خەبات بکەین و لەلایەکی دیکە ئامریکاو هاوپەیمانەکانی تێبکۆشن کێشە و گرفتە نەتەوەیی و دینییەکان بەشێوەی پێوست و عادیلانە چارەسەر بکەن. ئەو کێشانەی کە بۆخۆیان بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو دەستیان هەبووە لە خوڵقاندنی و ئێستاش دەستەو تاقمە سەلەفی و تێروریستەکان بۆ نیشاندانی ڕەوایی بوونی ئاکار و کردەوە دژی ئینسانییەکانیان، کەڵکی لێوەردەگرن.







**ئامریکا و هاوپەیمانەکانی وەک دەڵێن، ئەوەی چاندویانە، ئێستا دەیدروونەوە. بێگومان تاوانباری سەرەکی لە سەرهەڵدانی ئەلقاعیدە و داعەش و ئەو دەستە و تاقمە کۆنەپەرستانەی کە ئەوڕۆکە، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکوور و شاخی ئافریقایان کردۆتە مەیدانی ڕمبازێنی خۆیان، ئامریکا و هاوپەیمانەکانی بەتایبەت بریتانیایە**

---

دریژەی:

## ٨ ساڵ بەرگری لە ئامانجەکانی ڕێبەرێکی کورتبین و خەیاڵاوی

خومەینی لە نامەکەی ڕەزایی نیشاندەری بێ ئاگایی ڕێبەری ئێران لە مەسەلە نیزامی و ئابوورییەکانی ئێران بووە، چونکە لەو نامەیەدا هیچ شتێکی سەیر و سەمەرە باس نەکراوە و تەنانەت لیستی پێداویستییەکانی هێزە چەکدارەکان کە لەو نامەیەدا نووسرابوو بۆ داگیرکردنی عێراق زۆر کەم بوو و، چونکە ئێران توانای ئابووری و سیاسیی کڕینی ئەم کەلوپەلانەی نەبوو ناچار بوو ئاگربڕ قەبووڵ بکا. بۆ وێنە لە کۆتایی شەڕدا عێراق ٤٠٠٠ تانکی هەبوو لە حاڵێکدا کە ئێران ١٠٠٠ تانکی هەبوو و، ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە موحسین ڕەزایی لە نامەکەیدا گوتبووی کە تا پێنج ساڵی داهاتوو بۆ گرتنی عێراق پێویستمان بە ٢٥٠٠ تانک هەیە. هەروەها ئێران لە کۆتایی شەڕدا ٥٠ فڕۆکەی شەڕکەری ئامادەی هەبوو کە توانای شەڕکردنیان هەبوو لە حاڵێکدا کە عێراق ٦٠٠ فڕۆکەی شەڕکەری هەبوو و، ڕەزایی لە نامەکەیدا داوای کردبوو تا ٥٠ ساڵی داهاتوو ٣٠٠ فڕۆکەی شەڕکەریان پێویستە بۆ ئەوەی بتوانن عەمەلیاتی سەرتاسەری بەڕێوەبەرن. سەرنجڕاکێشتر ئەوەبوو کە ڕەزایی چەند ساڵ پێشتریش لە نامەیەکدا داوای وەرگرتنی کەلوپەل و ئیمکاناتی نیزامیی کردبوو بۆ درێژەدان بە شەڕ، بەڵام چونکە لە نامەکەدا هیچ ژمارە و ڕێژەیەک دیاری نەکرابوو، خومەینی کە ڕێبەری وڵات بوو توانای تێگەیشتن لە نامەکەی نەبوو چ بگا بە لێکدانەوە و تاوتوێ کردنی!

موحسین ڕەزایی چەند ساڵ لەوەپێش لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی ڕێژیم لەبارەی نهێنییەکانی شەڕ و نامەی ئاماژەپێکراو لە وڵامی یەکێک لە میوانانی بەرنامەکەدا کە چۆن دەتانویست پێداویستییەکانی شەڕ دابین بکەن، وڵامێکی دایەوە کە نیشاندەری ئاستی نزمی تێگەیشتنی لە تەکنۆلۆژیی و زانستی بەرهەمهێنانی کەلوپەلی نیزامی بوو و، دەبێ پرسیار بکەین بە وەبەرچاوگرتنی ئاستی زانستی ئێستای ناوبراو و تێگەیشتنی لە مەسەلە نیزامییەکان لە ٣٠ ساڵ لەوەپێشدا کە فەرماندەی سپا بوو لە چ ئاستێکدا بووە؟ ڕەزایی لە وڵامی پرسیارەکەدا وتی کە هەر ئەوجۆرەی ئاڵمانییەکان لە شەڕی جیهانی لە ماوەیەکی کەمدا چەند هێندەی ئەم کەلوپەلانەیان بەرهەمهێنا، ئێمەش دەمانتوانی لە پێنج ساڵی داهاتوودا پێداویستییەکانمان دابین بکەین. ئەوە لە حاڵێکدایە کە کەلوپەلی پێشکەوتووی دەیەی ٨٠ی زایینی و بەرهەمهێنانی پێچەڵاوپووچییان لە دەیەی ٤٠دا زۆر جیاوازبووە. پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە عێران دوای تێپەڕینی ٣ دەیە لە کۆتایی شەڕ هێشتا توانای بەرهەمهێنان و کڕینی کەلوپەلی نیزامی لەو ئاستەدا نیە کە لە نامەکەی موحسین ڕەزاییدا نووسرابوو!!!

بە لێکدانەوەی قسە و بڕیارەکانی خومەینی و بەرپرسانی دیکەی ڕێژیم بە تەواوی دەردەکەوێ کە زانست و زانیاریی زۆر کەمتریان لە ئاستی بەرپرسایەتی و پۆستەکانیان هەبووە و بە وەهم و خەیاڵ بوونە هۆی وێرانیی ئێران و ڕژانی خوێنی سەدان هەزار مرۆڤ. داخوا باشتر نەبوو خومەینی لە قوم خەریکی گوتنەوەی وانە دینییەکان بوایە نەک ڕێبەریی وڵات؟!

# دژایەتیی رۆشنبیرانەی ژن



شەهابەدین شێخی

سێکسیزم یان دژایەتیی سیستماتیکی ژن لە کۆمەڵگەدا یەکێک لەو هەڵسوکەوتە سەرەکیانەیە کە لەسەر هەڵاواردنی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە بناخەرێژ کراوە. ئەگەر رەیسیزم هەڵدانەوەی بنەما کولتووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی هەڵاواردنی رەگەزییە لە کۆمەڵگەدا، ئەوا فێمێنیزم بزووتنەوە و قوتابخانەیەکە بۆ دەرخستنی بنەما و ژێرخانە ئاشکرا و داپۆشراوەکانی هەڵاواردنی رەگەزی. واتە لە رەیسیزمدا لە سەر ئەو بنامایانە کار دەکرێت کە مرۆڤ بە شێوەیەکی سیستماتیک لە رێگەی کولتوور، ئایین، یاسا و دابونەریتەوە دژایەتی تاقم و گرووپێک لە کۆمەڵگە دەکات تەنیا بەهۆی رەنگی پێست، یان نەتەوە یان زمان و رەنگە لە بەر ئایینێکی تایبەت کە لەو کۆمەڵگەدا بە خراپ، ناشیرین، یان جاری وا هەیە نایاسایی و دژ بە ئایین ناسراوە.

سێکسیزم رێک هەر ئەو شێوە هەڵاواردنەیە بەڵام دژ بە تاقمێک یان گرووپێک لە مرۆڤ، تەنیا لە بەر ئەوەی کە جنسەکەی ژنە. واتە دەبێ لەبەرچاو بگرین کە فێمێنیزم بە بەرجەستەکردنەوەی چەمکی «سێکسیزم» نایەوێت کە لە توندوتیژی پیاوێک بەرانبەر بە ژنێک یان جەور و جەفای باوکێک، برایەک، شوویەک یان یارێک، دژ بە کچەکەی یان ژنەکەی یان خۆشکەکەی یان دڵدارکەی قسە بکات. بەڵکو فێمێنیزم ئەو بزووتنەوە و قوتابخانەیەیە کە بنەماکانی پیاوسالاری لە کۆمەڵگەدا دەر دەخات و هەوڵ دەدات بەرانبەری بوەستێت.

ئەگەر مارکسیستەکان بنەمای هەموو هەڵاواردنەکانی کۆمەڵگە دەگەرێننەوە بۆ «هەڵاواردن و شەڕی چینایەتی»، فێمێنیستەکان هەڵاواردنی رەگەزی بە دێرینەترین و گلۆبالترین سیستەم و بنەمای هەڵاواردنی مرۆڤ دژ بە مرۆڤ دیاری دەکەن.

دەبێ ئاماژەش بەوە بکرێت کە قوتابخانە و بزووتنەوەی فێمێنیزم تا ئێستاش کەس نەیتوانیوە لە یەک رستە یان تەنانەت لە یەک کتێبیشدا پێناسەیەکی یەکسانی بۆ بدۆزێتەوە. فێمێنیزم دەتوانین بڵێین وەک چەندین و چەند رووباری جۆراوجۆرە کە هەموو لە دەریایەکی گەورەدا بە یەک دەگەن و ئەو دەریایەش لە دەوری یەک چەمک و بنەمای گشتی کۆ دەبێتەوە. دەتوانین بڵێین «فێمێنیستەکان ئەو کەسانەن کە بڕوایان بەوە هەیە کە هەڵاواردن و ستەمێکی سیستماتیک لە کۆمەڵگەدا بوونی هەیە و لەلایەن گرووپێک لە جنسیەتێکی تایبەت، یان حەزێکی سێکسیی تایبەت بە ناوی هێترۆسێکشوالیسم کار دەکات. هەروەها بڕوایان هەیە و تێدەکۆشن بۆ ئەوەی خۆیان و کۆمەڵگەکەیان لەو هەڵاواردنە دوور بخەنەوە و پاک بکەنەوە».

رەنگە بکرێ ئەم روانینە وەکوو فێمێنیستەکانی «شەپۆلی یەکەم» کە روانگەیەکی لیبرالی هەیە و داوای مافە یەکسانەکان دەکات بۆ ژنان، پێناسە بکرێ. لەم روانینەدا بڕوا لە سەر ئەوە بوو کە کۆمەڵگە بە سیستەم و دەوڵەت و دیسکۆرس و یاسا، پشتگیری لە پیاوان دەکات و رکابەری ژنانە. بۆیە دەبێت ژنان هەمان ئەو مافانەیان ببێت کە پیاوان هەیانە. گەورەترین رەخنە لە فێمێنیستە لیبرالەکان، جیا لەوەی کە بنەماکانی نایەکسانی چینایەتی و ئابووری و.. هەروەها دەروونناسی و «بە کۆمەڵگەیی کردن (سۆسیالیزەیشن) لە بەر چاو ناگرن، ئەوەیە کە لەم روانگەدا هەمدیسان «پیاو»تەوەرەی شوناسی مرۆڤە و ئەوانیش وەک پیاو دەروانن ژیان و چەمکەکانی: دەبێت مرۆڤ بە پێوانەی پیاو بنرخێنین و ئەوە کە پیاو هەیەتی بۆ ژنیشی دەستەبەر بکەین.

«شەپۆلی دووهەم»ی فێمێنیستەکان دەتوانین بە شەپۆلی مارکسیستی ناو ببەین کە دوای سەقامگیربوون و گلۆبالبوونی گوتاری مارکسیستی، لە زێدەی بوارەکاندا هاتە ئاراوە. روانین و خوێندنەوەی خۆیان بۆ هەڵاواردنی جنسیەتیش خستە ئاراوە، کە هەروەک دەزانین ئەم روانگەیە بنەمای هەڵاواردنەکان دەگەرێنێتەوە بۆ کۆیلەتیی چینایەتی و لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە بە لابردنی هەڵاواردنی چینایەتی، ئۆتۆماتیک هەڵاواردنی جنسیەتیش لا دەچێت، چونکە توانای پیاو لە سیستەمی پیاوسالاریدا دەگەرێتەوە بە خاوەنداریەتی «ئامرازەکانی بەرهەمهێنان». هانا ئارێنت وتەنی، «پیاوی کارێکار کۆیلەی سەرمایەدارە و ژنیش کۆیلەی ئەو کۆیلەیە». ...

ئەوەی کە فێمێنیستە مارکسیستەکانی خستە بەر رەخنە ئەوە بوو کە ئەوان تەنیا هەڵاواردنی چینایەتییان لە بەرچاو دەگرت. ئەدی ئەو پیاوە کارێکارە کە کۆمەڵگە و سیستەم و یاسا ئیزن و هانی دەدات کە ژن بچەوسێنێتەوە لە کام گوتاردا دەگونجێت؟ هەروەها ئەوان بە گلۆباڵکردن و گشتیکردنی کێشەکان، کێشە تایبەتییەکانی ژنانیان لە بەرچاو نەدەگرت، یان پشتگوێیان دەخست.

قۆناخی دووهەمی شەپۆلی دووهەم، واتە فێمێنیستە سۆسیالیستەکان، بەڵام روانینێکی تێروتەسەلتر و قووڵتریان بوو. ئەوان لە سەر ئەو بڕوایە بوون کە کۆمەڵگە لە کۆمەڵێک سیستەمی هەڵاواردنی جۆراجۆر و هەمەرەنگ پێکهاتووە و ناتوانین تەنیا لە یەک سیستەمی هەڵاواردن ناو ببەین. بە بڕوای فێمێنیستە سۆسیالیستەکان فێمێنزم دژ بە هەموو بنەما و ژێرخانەکانی هەڵاواردنە، وەکوو هەڵاواردنی جنسیەتی، چینایەتی، زمانی، نەتەوەیی، سێکسی و تەنانەت ئایینیش.

شەپۆلی سێی فێمێنیزم ناوی فراوانی لەخۆی گرتەوە، چونکە تەنیا یەک روانگەی نییە. هەندێ بە شەپۆلی پۆستمۆدێرن ناوی دەبەن، هەندێ بە شەپۆلی «فێمێنیزمی رەش»، هەندێکیش بە شەپۆلی فێمێنیزمی فەرانسەیی یانیش دەروونناسانە.

یەکەم رەخنە کە لە ناو خودی گوتاری فێمێنیزمەوە لە فێمێنیزم گیرا، لە لایەن فێمێنیستە رەشپێستەکانەوە بوو. بە بڕوای ئەوان، ئەوەی کە تا ئەوکاتە بە ناوی فێمێنیزم تاووتوێ دەکرا، هەموو رەنج و دەرد و ستەم و خەون و دەغدەغەی «ژنی سپییپێستی چینی ناوەندیی کۆمەڵگەی ئەورووپی» بوو. واتە لەم روانگەیانەدا وەکوو نموونە هیچ ئاماژەیەک بە تایبەتمەندییەکانی ژنانی رەشپێست نەدەکرا کە جیا لە چەوسانەوە و هەڵاواردنی چینایەتی و زمانی و جنسیەتی، رووبەرووی هەڵاواردنی رەگەزی و راسیستیش دەبوونەوە. وەک نموونە پرسیار ئەوەیە داخوا بۆ ئەو ژنەی کە تەنیا لە بەرئەوەی کە رەشپێستە کۆیلە کراوە، چ خوێندنەوەیەک لە فێمێنزمدا هەیە کە مافەکانی ئەو لەبەرچاو بگرێت. ئەرێ وەک نموونە بۆ وەها ژنێک مافی خاوەنداریەتی بە سەر پێوەندیی جنسیدا گرینگە یان مافی منال لەبار بردن یان مافی خوێندن یان شۆرش دژ بە کۆیەلەتیی رەشپێستەکان؟ هەروەها وەک نموونەیەکی ئاشنا بۆ خۆمان: ئەدی بۆ ژنێکی کورد کە کێشەی نەتەوەیی، جنسیەتی و تەنانەت کولتووریشی هەیە فێمێنیزمی شەپۆلی لیبراڵ یان مارکسیست وەڵامی کام یەک لە پرسیارەکانی دەداتەوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا بوو کە ئەو شەپۆل و خوێندنەوانەی تری فێمێنیزم هاتنە ئاراوە کە گرنگی بە کێشە جیاوازەکانی ژنانی جیاوازتر لە ژنی سپییپێستی ئەورووپیی چینی ناوەندی دەدات.

بەڵام ئەم وتارە نایەوێت لێردا مێژووی بزووتنەوەی فێمێنیستی بخاتە بەرچاو. ئەم پێشەکییە تەنیا بۆ دەستپێکردنی ئەوە بوو کە ئەوەی ئەمرۆ ئێمە بە ناوی بزاڤ و چالاکیی ژنان دەیناسین، هەمووی لە خانەیەکدا کۆدەبێتەوە بە ناوی فێمێنیزم.

لام وایە لەم رۆژگارەدا کەس لە ناو کۆمەڵگەی رۆشنبیری، سیاسی و کولتووریدا ـ واتە هیچکام لە چالاکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری، بە راشکاوی دژایەتیی مافی ژنان هیچ کە ناکەن، بەڵکوو زۆریش خۆیان بە ئازادیخواز و پیشڕەو و تەنانەت دلسۆزتر لە ژنانیش دەردەخەن.

پرسیار ئەوەیە دوای زیاتر لە یەک سەدە لە شۆرشی ئازادیخوزانەی کورد و لەگەڵ ئەوەی کە هەموو ئەم شۆرشانە بەشێک لە بنەمای بڕوای سیاسی و دروشمەکانیان مافی ژنان بووە، ئەدی بۆچی هێشتا رێژەی خۆسووتاندنی ژنانی کورد، رێژەی قەتڵی نامووسی، توندوتیژیی جەستەیی و دەرونی، توندوتیژیی بنەماڵەیی و سەرشەقام لە ئاستێکی هەرە بەرزدایە و بەشداریی سیاسیی ژنان لە پۆستە بەرزەکانی حکوومەت، حیزب، پارلەمان و بەشداریی لە چاکییە رۆشنبیری و کولتوورییەکاندا هەر لە ئاستی خوارەوە دایە؟ ئەدی جیا لە هەموو ئەمانە بۆچی دوای ئەم چەندین سەدەیە هەر پیاوی کورد، لە هەر پلەیەکی خوێندەواری، سیاسەت، رۆشنبیری و...هتددا بێت، هەر کە توورە دەبێت و هەڵدەچیت یەکسەر ئەندام و جەستەی ژن دەکات بە ئامانجی هەموو کۆمپلێکسە جنسییەکانی سەردەمی منداڵی هەتا ئێستەی خۆی؟

هەر بۆیە دەبێ ئاورێک بدەینەوە لەو شێوازانەی کە تێیدا گوتاری رۆشنبیری پیاوسالار دژ بە ژن دەوەستێت و شێوازەکەی زۆر ئاراستەتر و رازاوەترە لە گوتارێک کە راستەوخۆ و بە راشکاوی دژایەتی ژنان دەکات. لە دابەشکردنێکی گشتیی نێوان گوتارە رۆشنبیری و سیاسییەکانی کوردەواریدا، دەتوانین ئەم چوار گوتارە بەرجەستەتر لە هەموان ببینین. هەر بۆیە دەبێ ئاورێک بدەینەوە لەو شێوازانەی کە تێیدا گوتاری رۆشنبیری پیاوسالار دژ بە ژن دەوەستێت و شێوازەکەی زۆر ئاراستەتر و رازاوەترە لە گوتارێک کە راستەوخۆ و بە راشکاوی دژایەتی ژنان دەکات. لە دابەشکردنێکی گشتیی نێوان گوتارە رۆشنبیری و سیاسییەکانی کوردەواریدا، دەتوانین ئەم چوار گوتارە بەرجەستەتر لە هەموان ببینین:

## گوتاری ناسیۆنالیستیی کوردی

لەم گوتارەدا کێشەی کورد کێشەیەکی نەتەوەیی و وڵاتپارێزانەیە. واتە کورد لەبەر کوردبوون دژی هەڵاواردنێک بووەتەوە کە لە لایەن ئەویترەکانەوە کراوە ـ وەک عەرەب و فارس و تورک. هەروەها وڵاتەکەی هێشتا لە رۆژگاری کۆلۆنیالیزمی پاشماوەی ئیمپراتۆرییەکاندا ماوەتەوە و تا ئێستا نە کورد خۆی توانیویەتی مافە رەواکانی خۆی وەربگرێت و نە بەرانبەرکانیشی وەها شێوازێکی دێمۆکراتیکیان پێڕەوە کردووە کە ببێت بە هۆی گەڕانەوەی مافەکان بۆ کورد و پاراستنیان.

لە پێناسەی گوتاری ناسیۆنالیستیی کوردیدا، مرۆڤی کورد کەسێکە کە پارێزەر و تێکۆشەری رێگەی بەدیهێنان و تێکۆشانی ناسنامەی کوردییە. واتە وڵاتپارێزی و نەتەوە و زمان پارێزی و ئیتر بەمجۆرە ... لەم گوتارەدا جیاوازییەکی ئەوتۆ بۆ ناسنامەی رەگەزی لەبەرچاو ناگیردرێت و وەکوو هەموو گوتارە ناسیۆنالیستییەکانی تری دونیا، مرۆڤ بە پێوەری «پیاوێکی هێترۆسێکشواڵ» دەنرخێنرێت. تەنانەت ئەگەر ناسیۆنالیزمی کوردی ئەو رەواییە بدا بە خۆی کە ناسیۆنالیزمێکی هەرەشەکەر نییە، بەڵکوو ناسیۆنالیزمێکی بەرگریکارە، لە شێوەکانی رووبەروبوونەوەی لەگەڵ ناسنامەکانی دیکەی کۆمەڵگە ـ وەک ژنان، هۆمۆسێکشواڵەکان، چین و توێژە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت ئایین و مەزهەب و دیالێکتە جیاوازەکاندا هەر هەمان شێوەی ناسیۆنالیزمە داگیرکەرکانی خۆی گرتووەتە بەر.

وەک نموونە ئەگەر لە ئێراندا زمانی فارسی و دیالێکتی فارسی تارانی و ئایینی شێعە، ئەویش بە پەیڕەویکردنی هەموو بایەخە پیاوسالارییەکانیەوە، وەکو ناوەندی ناسیۆنالیزمی ئێرانی دەناسرێ، ئەوا لە رۆژهەڵاتی کوردستانیشدا زمان کوردی سۆرانییە و ئایین مەزهەبی سوننەیە، بۆیە بۆ نموونە لە تەلەفیزیۆنی حیزبی دێمۆکراتدا لەوانەیە پیرۆزبایی جەژنی قوربان و رەمەزان لە بینەرانیان بکرێت بەڵام قەت پیرۆزبایی «جەشنی غەدیر» لە شێعەکان نەکرێت! بۆیە لەم گوتارەدا نەتەنیا زاراوەی کەڵهوری بە کوردی نەدەناسران، بەڵکوو خەڵکی سنەش زۆرکات لە قسەی ژێرزمانی خەڵکدا بە کورد قەبووڵ نەدەکران و ئێساش دەستەواژەی «کوردی لاستیکی» کە بە کوردەکانی ئەردەڵانی و کەڵهوری و ئیلامی دەوترا، هێشتا لە ناو نەچووە.

جا کە وایە ئەگەر گوتارێک وەک یەکسانیی ژنان بێتە ئاراوە، ئەوا تەنیا بەو مەرجە رەوایە کە ئامانجەکانی ناسیۆنالیزمی پیاوسالاری هێترۆسێکشواڵی سوننەمەزهەبیسۆرانی[موکریانی] ئاخێوی بەرجەستە بکاتەوە ... ئەگەر گوتارێکی ژنانە بێتە ئاراوە کە بۆنی ئەوەی لێ بێ «کێشە رەواکانی کورد» بباتە ژێر پرسیار و «ئێمە لە پرۆسەی خەباتی رزگاریخوازیمان بخاتە دواوە»، ئەوا ئەم گوتارە ناسیۆنالیستییە سۆرانیئاخێوە سوننە مەزهەبە ... بە تەواوی توانای خۆیەوە دژی دەوەستێتەوە. رەنگە توندوتیژتر لە دوژمنیش بەرانبەری بوەستین، چونکە وەکوو خائین لە بەرچاو دەگیرێن و بەو کەسانە ناو دەبرێن کە ئێمەی کورد لە رێگای رزگاریخوازیی نەتەوەیی دوور دەخەنەوە...

لەم گوتاری ناسیۆنالیزمەدا ژن بە شوناسی خۆی، وەک تاکێکی ئازاد بوونی نییە، بەڵکوو ژن یان دایکی نیشتمانە، یان خوشکی نیشتمانە، یان کچی نیشتمانە، یان ژنی پیاوێکی نیشتمانپەروەرە، دەنا لە باشترین حاڵەتدا دایکی شەهید و خوشکی شەهید و هاوسەری شەهیدە! ئەگەریش بێتو وەک خۆی بریار بێت قەبوول بکرێت، ئەوا تەنیا کاتێکە کە «جلی پیاوانەی شەڕ» لە بەر بکات و ببێتە «شێرەژن». لەم گوتارەدا ئەگەر کۆڕ و کۆمەڵێک بە ناو ژنانەوە دابمەزرێت، رەنگە ناوی بنرێت « کۆڕی ئافرەتان»!

ژن لەم گوتارەدا، ئەگەر بوونەوەرێکە کە پەیڕەوەی بایەخ و نۆرمەکانی کۆمەڵگەی رزگاریخوازی نەتەوەپەوەروە، ئامادەیە هەمیشە خزمەتی پێشمەرگە پیاوەکانی وڵاتەکەی بکات، ئەوا ژن بوونەوەرێکی جێگەی رێزە. ئەگینا ئەگەر لە ئەنجامدانی ئەمانە سەرپێچی بکات خائینە و دوژمنی خەباتی رزگاریخوازی گەل و نیشتمانەکەیەتی و لە خزمەت دوژمنان و بیانییەکان دایە، بۆیە خەریکە نەتەوە و گەل لە ئامانجە رەواکانی (کە پیاوان مافی دیاریکردنی ئەو رەواییانەیان هەیە)، خۆی دوور دەکاتەوە..

ماویەتی



**لەم گوتاری ناسیۆنالیزمەدا ژن بە شوناسی خۆی، وەک تاکێکی ئازاد بوونی نییە، بەڵکوو ژن یان دایکی نیشتمانە، یان خوشکی نیشتمانە، یان کچی نیشتمانە، یان ژنی پیاوێکی نیشتمانپەروەرە، دەنا لە باشترین حاڵەتدا دایکی شەهید و خوشکی شەهید و هاوسەری شەهیدە! ئەگەریش بێتو وەک خۆی بڕیار بێ قەبووڵ بکرێ، ئەوا تەنیا کاتێکە کە «جلی پیاوانەی شەڕ» لە بەر بکا و ببێتە «شێرەژن»**

کوردستان
ئەدەب و هونەر
ژمارە: ٦٦٤
٣١ی خەرمانانی ١٣٩٤
٢٢ی سێپتامبری ٢٠١٥

# شوالیەی ئاوازو هەوڵی وەلاخستنی..



عەلی لەیلاخ

بە بیانووی ڕێگەنەدان بە بەڕێوەچوونی کۆنسیرتی «مامۆستا شارام نازری و عەلی ئەکبەر مورادی»

شارامی نازری ناوێکی ئاشنا و ناسراوە لە بیاڤی ئاواز و مۆسیقی ئێران و، کرماشانی بوونی ئەم کەڵەهونەرمەندە لەمێژە بۆ هەر تاکێکی کورد بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە لە بواری فەرهەنگ و هونەردا سەرقاڵن غرووریکی نەتەوەیی بەخشیوە و هەتا لە دوایین کونسێرتی؛ کە لە زێدی خۆی واتە کرماشان بەڕێوەچوو بە گوتنی ئەو گۆرانییە بەناوبانگە، کە بە هۆکارگەلی مێژوویی و سیاسی، هەژێنەری هەست و ویستی خەڵکی کرماشان و ئەو دەڤەرە بوو، ناو و نازناوی بوو بە ڕۆژەڤی فەزای فەرهەنگی و سیاسیی ئێران و سەرنجی هۆگرانی هونەر و خەڵکی کوردی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا. هەرچەند هەر زوو دەست و پێوەندییەکانی حاکمیەت کەوتنە دژایەتی کردنی ئەم هونەرمەندە کوردە، چونکە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە شاگەشکەبوونی خەڵکی کوردستان و بووژانەوەی هەستی کوردایەتیی خەڵکی کرماشان، وەک شارێکی مێژوویی و هەستیار خۆی بە دۆڕاو زانی بەتایبەتی کە ئەم هەژاندنە لە لایەن کەڵە گۆرانیبێژی ئێران و لە کونسیرتێکی گرینگ هاتە ئاراوە.

شارام نازری ئاوازدانەر و مۆزیسین و دەنگخۆشی بەناوبانگی کورد، لە ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی لە شاری کرماشان و لە بنەماڵەیەکی هونەرمەند لە دایک دەبێ و هەر بە مێرمندالییەوە سیحری خرینگەی ئامێری سێ تارەکەی باوکی، سەرنجی ڕادەکێشێ و دەست دەکا بە فێربوونی ئامێرە موسیقاییەکان و لە تەمەنی ٩ ساڵەی لە ڕادیۆ کرماشان یەکەم ئاوازی بڵاو دەبێتەوە.

ئەم هونەرمەندە کە «شوالیەی ئاواز» نازناویەتی، دوای ٣٠ساڵ خۆ ماندووکردن توانی سەبکێکی نوێ لە مۆسیقا، کە تێکڵاوێکە لە ئەدەبیاتی حەماسی و عیرفانی دابهێنێ و هەر بەو شێوە ئاوازە «شانامە کوردی» چری، کە زۆر کەس لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە «شانامەی فیردەوسی» کۆنترە.

ئەم هونەرمەندە تاکوو ئێستا ٤٠ کاسێت و ئەلبوومی بڵاوکردوتەوە و لە نێوخۆ و لە سەرانسەری جیهان کۆنسیرتی بەڕێوە بردوە، مامۆستا نازری لە ڕێگەی کوڕە مامی واتە «کەیخوسرەو پوورنازری» زیاتر لەگەڵ ئاوازە کۆنەکانی موسیقای کوردی بەتایبەتی هی ناوچەی کرماشان ئاشنا دەبێ.

شارام نازری لەو دەستە هونەرمەندانەیە کە دوای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی لە ئێران ئەگەرچەی فەزای کاروباری هونەرییان تەسک و نالەبار بینی، بەڵام سەرەڕای گشت گۆشار و فشاری مەزهەبی و سیاسی بەسەر هونەر، وڵاتیان جێنەهێشت و مانەوە. هەر لە ڕێگەی کاسێتی بە ناوبانگی «گوڵی سەد پەڕ»ی ئەم هونەرمەندە بە ژەنیاری بیژەن کامکار یەکەمجار ئامێری «دەف» دێتە نێو مۆسیقی ئێران و جێگەی خۆی دەکاتەوە. لە گۆرانییە کوردییەکانی دەتوانن «واران واران، شیرین شیرین، کابۆکێ،.... ناو ببەین کە بە ئیستایل و شێوەی تایبەت بەخۆی خوێندوویەتی.

ئەم مەزنە هونەرمەندە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و کوردستانیش ناسراوییەکی بەرزی هەیە و، لە ساڵی ٢٠٠٧زایینی لە لایەن دەوڵەتی فەڕانسە بانترین نیشانی ئەو وڵاتە، واتە «لۆژیۆن دنۆ»و هەروەها نیشانی «شوالیەی ئەدەب و هونەری» پێبەخشرا و، هەروەها ڕۆژی ٢٥ی فورییە ساڵی ٢٠٠٦ لە لایەن شارەوانی شاری «سن دیەگۆ»ی ئەیالاتی کالیفورنیا، بە ڕۆژی «شارام نازری» ناوزەد کرا... ئەم هونەرمەندە سەرکەوتووە دەیان شانازیی نێونەتەوەیی دیکەی تاکوو ئێستا بە دەست هێناوە. ئێستا پرسیار ئەمەیە هونەرمەندێک ئەم هەموو شانازییە بۆ وڵاتەکەی بەدەست هێناوە و ئاستی کولتوور و فەرهەنگی وڵاتەکەی بە جیهان ناساندوە؛ بۆ دەبێ لە وڵاتی خۆی ئیزنی بەڕێوەبردنی کۆنیسرتی پێ نەدرێ؟ بۆ ئەم پرسیارە دەبێ سەرەتا یەک شت لە پێش چاو بگرین کە دوابەدوای ئەوەی شەهرام نازری بە جۆریک بە نیشانەی نارەزایەتی بە سیاسەتەکانی ڕێژیم بە نیسبەت خەڵک و بەتایبەت کۆمەڵگەی هونەر، بە شێوەی فەرمی لە نامەیکدا نووسی «کە ناوەندی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی چیتر مافی بڵاوکردنی ئاوازەکانی منی نیە«. ئەمە یانی جیاکردنەوەی ڕێگەی خۆی لە ڕێژیمێک کە زۆر هەوڵی ئەوەی داوە لە ڕێگەی ئەم هونەرمەندانە مەشرووعییەتی خۆی بەدەست بهێنێ و بە جۆریک نا گوتن بە ئەو دەسەڵاتە نەگریستەیە، بەڵام لەمە گرینگتر هۆکاری ڕێگە نەدان بە هونەرمەندانێک وەکوو شارام نازری و عەلی ئەکبەر موردای «بۆ گرتنی کۆنسێرت و چالاکی هونەری بێ شک دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم هونەرمەندانە کەسایەتێکی خۆشناو و جێگای ڕێزن لە کۆمەڵگادا و، لە زیندوو هێشتنەوە و پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی بە تایبەتی لە ناوچەی گرینگی کرماشان کاریگەرییان هەبووە و هەیە، دەسەڵاتی پاوانخواز زۆری هەوڵ دا هەتا لە ژێر ناوی ئێران «فارس بوون بکا بە کلتوور و زمان و نەتەوەی زاڵ و، نەتەوەکانی دیکە زیاتر لە پەراوێز بخا». ریشەی ئەم ڕوانینە لە مێژووی ئاسمیلاسیۆنی کرماشان وەکوو گەورەترین شاری کوردان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕەزاخان، بەڵام دوای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە بەهێزکردنی فاکتی مەزهەب و هەروەها «تفریسی» فەرهەنگی، هەوڵی کۆیلەکردنی خەڵک و بیری کوردستانیی کرماشان و ئیلام و ئەو ناوچانەیان دا.


بەڵام هەبوونی کاسانێکی هونەرمەند و بەهێز، بوونی ئەم ڕەهەندە

و شوێندانەریی بەسەر جڤاک و جماندنی هەستی نەتەوەیی و، بە دەنگی بەرز دەنگدانەوەی ئەم گۆرانییە :»خۆم کرماشانی فارسی نیەزانم ... وەزوان کوردی قەزات لە گیانم»، بە ئاسانی سەهۆڵبەندانی بێدەنگی و سڕینەوەی تواندەوە.

کەواتە بۆ دەسەڵاتێک کە هەر چەشنە جموجۆڵی فەرهەنگی و نەتەوەیی گەلان بە مەترسی دەزانێ و تۆقیویی دەنگی وشیاریی گەلە، گەلێک پێیان ناخۆشە و ئاساییە ناوچاوانیان لە گەورەهونەرمەندانێکی وەکوو نازری تێک بدەن و خۆشیان نەوێ. تا ئاستێک کە لە وڵات و نیشتمانی خۆی ڕێگە نەدەن ئاواز بۆ خەڵکی خۆی بچڕێ و بە ئاوازی ئەهوورایی هەست بەو ئازارە بکەن بە چرای چریکەی بناری زاگرۆس.

ئەم ڕێگە نەدانە و هێرش کردنی بەشێکی زۆر لە میدیاکانی سەر بە دەسەڵات بۆ سەر «شارام نازری» دوای کۆنسیرتی شاری کرماشان و تاوانبار کردنی بەمە کە «وحدت ملی» تێکداوە زیاتر جێگای ڕامان و تێفکرینە. کە ئاخۆ «وەحدەتی میللی» چ مانایەکی هەیە، کاتێک کوردبوونی کرماشان و زمانەکەی نکۆڵی لێدەکرێ و هەر حەرەکەتێکی فەرهەنگی/ کوردی دەکەوێتە بەر هەڕەشە. کەواتە گەل و میللەت لە لای ئەوان تەنیا «فارس»ە و بەس. ئەمە سەرەکیترین نیشانەی پاوانخوازییە کە مەحکووم بە شکست و لە ناوچوونە.

بۆیە ئەم دوو ڕووداوە واتە یەکەم بێ ڕێزی و هێرشی میدیاکانی سەر بە دەسەڵات بە «شارام نازری» و دووهەم ڕێگەنەدان بە بەڕێوەبردنی کونسیرت نیشاندەری ئەمەیە کە هەم دەسەڵات هەستی بە دۆڕاوی سیاسەتەکانی خۆی کردوە بەرانبەر بە نەتەوەکانی نێو ئێران، هەم هونەرمەندانێک وەکوو»نازری» باشتر دەزانن کە باشترین و بەرزترین پێگەیان؛ پێگەی گەل و نیشتمانی خۆیانە. چ چاکتر زیاتر بڕوایان بەمە هەبێ کە «کوردستان گەر تۆ نەبی گیان و ژینم بۆچییە«...





................
ژێدەر:
ماڵپەڕی»: پیک ایران»
ماڵپەڕی کوردستان وکورد

ژوانگەی خۆر

# ئەنجومەنە ئەدەبییەکان شادەماری کۆمەڵگایەکی زیندوو



ئەرسەلان چەڵەبی

کۆڕ و کۆبوونەوەی فەرهەنگی و ئەدەبی نیشانەی شار و شەقام و کۆمەڵگای زیندوویە، هەر چەشنە جم و جۆڵێکی فەرهەنگی هەواڵی نەتەوەیەک و کۆمەڵگایەکی روو لە گەشەمان پێ دەدا کە بەردەوام لە هەوڵی نوێگەری و نوێخوازی و بیری نوێ دایە.

ئەنجومەنە ئەدەبییەکان لە هەر شارێکی کوردستان مەکۆیەکی کاریگەر و بە سوودە، هەم بۆ گەشە و نەشەی زمان و ئەدەبی کوردی، هەمیش وەکوو پێویستییەکی رووناکبیری و فەرهەنگی بەردەوام لە ریزی پێشەوەی هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگا دایە.

ئەنجومەنی ئەدەبی بۆکان لە درێژەی کار و چالاکییەکانی خۆی لە هاوێنی ئەوساڵدا باشترین سێمینار و کۆڕە ئەدەبییەکانی خۆی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە برد. کۆمەڵە دانیشتنێکی زانستی و بە سوود لە سەر زمان و ئەدەبی کوردی کە بوو بە هەوێنێک بۆ چینی نوێی شاعیران و نووسەران، لەو لاشەوە بوو بە ئەزموونێکی بە کەڵک و بەپێز بۆ داهاتوو.

ئەم دانیشتنانە هەم وەکوو کارگایەکی ئەدەبی یارمەتییەکی باشی چینی نوێی نووسەران و شاعیرانی دا، هەمیش هەڵگری رەوتێکی رەخنەیی بەهێز بوو لە سەر هەموو تەوەرەکانی ئەدەبیات. هەر جارەی تەوەرێکی زمان و ئەدەبیاتی کورد دەکەوتە بەر باس و شیکاری کە لە لایەن باشترین پسپۆڕان باسەکە لێدوانی لە سەر دەدرا.

جێی ئاماژەیە کە بەشداربووانی ئەو کۆڕە تەنیا لە ناو شاری بۆکان دا بەرتەسک نەدەبۆوە و زۆر جاران لە زۆربەی شارەکانی دەور و تەنیشت بە دەنگ ئەو کۆڕانەوە دەهاتن.

ئەم دانیشتنە ئەدەبیانە لە ١٠کۆڕ پێک هاتبوو کە بریتین لە: رەوتەکانی شێعری کلاسیکی کوردی، رەوتەکانی ئەدەبیاتی داستانی لە کوردستان، ئەزموونی شکست لە شێعری کوردی، خەسار ناسی رەوتی چیرۆکنووسی لە کوردستان، ئەدەبیاتی فۆلکلۆریکی کوردی، چۆنییەتی نوێبوونەوەی ئەندێشەی شێعری لە رۆژهەڵاتی کوردستان، سیستمی بەرهەمهێنانی مانا لە دەقی کوردیدا، ئوستوورە و ئەفسانە لە ئەدەبیاتی منداڵان دا، کۆمەڵناسی ئەدەبیات و نیشانە ناسی، لە هەر کۆڕیکدا مژارەکان لە لایەن پسپۆر و میوانی ئەو کۆڕە تاو و توێ دەکرا و باسی خۆی پێشکەش دەکرد، لە پاشان بە پرسیار و وەڵامی بەشداربووانی کۆڕەکە دانیشتنەکە کۆتایی دەهات.

لە پاش بێدەنگییەک کە لە چەند ساڵی رابردوو زۆرینەی ئەنجومەن و رێکخراوە فەرهەنگییەکانی داگرتبوو، ئەو کۆڕانە هەنگاوێکی پتەو و بەپێز بوو کە جارێکی تر گیانی وەبەر چالاکانی ئەو بوارە هێنا، هەمیش خوێنێکی تری لە ناو دەمارەکانی کۆمەڵگا و شارستانییەت وەگەڕ خست. لە گەڵ هەموو جۆرە بەربەست و کیشە گەلێک کە چالاکان و ئەو مەکۆیانە هەیانە، هەنگاوەکانییان لە جووڵە نەکەوت و درێژەیان بە چالاکییەکانی خۆیان دا.

جێی ئاماژەیە ئەو چالاکییانە تەنیا لە ناو ئەدەبیات دا بەرتەسک نەبۆتەوە، دەتوانین بڵێین ئەدەبیات و ئەنجومەن ئەدەبی دەورێکی کاراتر و بەرچاوتری هەبوو. لە بوارەکانی شانۆ، پێشانگای شێوەکاری، پێشانگای پەیکەرە، کۆنسێرتی مۆسیقای کوردی و هتد، بەردەوام چالاکی بووە و هەمووی ئەوانە وەکوو زنجیرەیەکی لێک گرێدراو لە خزمەت کلتوور و هزری نوێی کۆمەڵگا دابوون.

جێی خۆیەتی کە ئەو چالاکییانە دەبێ لە لایەن هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگا، هەموو ریکخراوە مەدەنییەکان و دەوڵەتییەکان پشتگیری بکرێن و ببنە یارمەتیدەریان لەو بوارە، وەها کە هاوئاهەنگ و هاوهەنگاو بن لە گەڵیان. هاوکاری و هاوبیری هەموو ئەو لایەنانە دەتوانێ ببێتە پردێکی پەیوەندیدار لە نێوانیان بۆ پەرە پێدانی زمان و ئەدەبی کوردی، هەروەها سەرەتایەک بێ بۆ گەڕانەوەی هێما هونەرییەکان بۆ ناو شەقام و کۆمەڵگای کوردی. شار و شەقامێک کە هونەر و ئەدەبیات تێیدا لە زاو و زێ دا نەبێ، شار و شەقامێکی نوقسانە.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:664 septamber 2015

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## ڕێزگرتن لە محەممەد هەوراز لە ساڵیادی لە دایکبوونیدا



٢٧ی خەرمانان بەبەشداریی بەشێکی زۆر لە شاخەوانەکانی کوردستان کە لە شارەکانی پاوە، سەقز، مەهاباد، پیرانشار، شنۆ، بۆکان، سنە، هەورامانەوە گەیشتبوونە نەغەدە، کۆڕیادی لەدایکبوونی قارەمانی شاخەوانیی کوردستان محەممەد ئەوراز لە زێدەکەی خۆی بەڕێوەچوو.

لەو کۆڕیادەدا ڕەحیم حەلاج، عەلیرەزا مەعرووفی، مارف هەوراز قسەیان کرد. پاشان دوو پارچە موسیقی لە لایەن گرووپی هونەری شەونەمی نەغەدە پێشکەش کرا و چەند کۆپلە شێعر لەلایەن شاعیرانی بەشداری ڕێوڕەسمەکە چەند برگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕیادە بوون. هەروەها پێشانگایەکیش لە جلوبەرگ و کەلوپەلە شاخەوانییەکانی محەممەد ئەوراز لە شوێنی بەڕێوەچوونی کۆڕیادەکە خرابووە بەرچاوی خەڵک.

ئەو کۆڕیادە لەسەر مەزاری نەمر محەممەد هەوراز لەلایەن گرووپی شاخەوانی و ژینگەپارێزی سامرەندی نەغەدە بەڕێوەچوو، بەڵام هیچ یەک لە بەرپرسانی شار بەشدارییان تێدا نەکرد.

## سمیناری سەردار عەزیزخان موکری لە شاری بۆکان



لە سمیناری سەردار عەزیزخانی موکریدا کە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە بۆکان و بۆ باس لە سەر ئەو کەسایەتییە بەڕێوەچوو، مستەفا ئیلخانیزادە، عومەر فاروقی، ناسر عەلیار، دوکتور محەممەد ساڵح ئیبراهیمی، فەرەیدوون حەکیمزادە، سەعید نەجاری، دوکتور عەبدولی، شەهرام حەسەنزادە، ئەحمەد ئەحمەدیان، محەممەد ئەحمەدیان و محەممەد دوکاندار بابەت و وتارەکانیان پێشکێش کرد و لەسەر جێگەوپێگەی مێژوویی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەردار عەزیزخان موکری بۆ بەشدارانی سمینارەکە دوان.

هەروەها لەو سمینارەدا داوای کردنەوەی ناوەندی موکریانناسی و دانانی خەڵاتی ڕێزنانی سەردار عەزیزخان بۆ پێشکێشکردنی بە چالاکانی بواری ئەدەبو مێژووی موکریان هاتە بەرباس.

## فرۆشتنەوەی باری کاسبکارانی کورد لەلایەن سپای پاسدارانەوە

سپای پاسداران لە مەهاباد ئەو بارو کاڵاو شمەکانەی بەناوی کاڵای قاچاغ دەستی بەسەردا دەگیرێ، لە نێو شارەکانی کوردستاندا بە ماڵکرانی خۆی دەفرۆشێتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی پەیامنێری کوردستانو کورد دلاوەر ڕەنجبەرزادە، فەرماندەی سپای پاسداران لە مەهاباد بە هاوکاریی دەستو پێوەندییەکانی، باری تاناکۆڕاو مەشرووبو ئەو کاڵاو شمەکانەی لەلایەن ناوندەی نیزامیو ئەمنیەتییەکانی ئەو شارەوە لە کاسبکاران دەگیرێن، دەبرێنەوە سەردەشتو دەیانفرۆشنەوە.



بەپێی ئەو ڕاپۆرتە دەستبەسەرداگرتنی باری کاسبکارانو دوایەش بردنەوەی بۆ سەردەشتو فرۆشتنەوەیو لەبازاڕکردنەوەی بە هاوکاریی بەرپرسانی سپای پاسدارانی مەهابادو سەردەشتو بە شێوەی زۆر نهێنی دەکرێ.

لەلایەکی دیکەوە هەر ئەو فەرماندەیەی سپا بە وەرگرتنی پووڵو بەرتیلێکی زۆر لە کاسبکارانو ئەو کەسانەی بە تۆمەتی هێنانو بردنی بەناو کاڵای قاچاغ دەگیرێن، لە ژێر ناوی نێوبژیوانی لە زیندان ئازادیان دەکا، بۆ ئەوەی دیسانەکەش لە کارەکەیان بەردەوام بنو ئەویش پوڵو سامانی زیاتر لەو ڕێگەیەوە لەسەر یەک هەڵچنێ.

شایانی باسە مامەڵەی سپای پاسدارانو کاربەدەستانی ڕێژیم لە کوردستان بە ماڵو سامانی خەڵک لە حاڵێک دایە کە هەر لە ماوەی ئەمساڵدا زیاتر لە ٢٦ کاسبکارو کۆڵبەری کورد بە تاوانی هێنانو بردنی کاڵای بەناو قاچاغ کە دوایە لەلایەن فەرماندەکانی سپاوە لە بازاڕ وردەکرێنەوە، کوژراونو بریندار بوون.




منداڵان قوربانییانی سەرەکی شەڕ!

## بەر لە ماڵاوایی

## سیمبولەکانی کورد لە چوارچێوەی حیزب‌دا!



کوێستان فتوحی

نەتەوەی کورد خاوەن خسڵەتێکی دەروونی تایبەت بە خۆیەتی. یەکێک لەو خسلەتانە وەفاداری و ریزگرتن و دڵسۆزییە بۆ خەباتکارانی کۆچکردوو و شەهیدان و رێبوارانی ڕێگای ئازادی، کە دەکرێ وەک خسڵەتێکی جوان و پۆزێتیڤ چاوی لێ بکرێ. بەڵام ئەم هەستی وەفاداری و دڵسۆزییە هەروەک چۆن خەبات و غەمەکانمان، بیرکردنەوە و پرۆژەکانمان و.... هەموو شتێکمان دابەش کراوە بەسەر حیزب‌دا پرش و بڵاو و بەش بەش کراوە !

لە نێو حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا زۆر کەسایەتی هەڵکوتوو و بلیمەت و ڕێبەر هەبوون کاتێک لەدەستچوون، نەک هەر بۆ حیزبەکەیان بەڵکوو بۆ نەتەوەکەشیان خەسارێکی گەورە و قەرەبوونەکراو بوون، بەڵام دەبینین تەنیا لە چوارچیوەی «حیزب»دا رێزیان لێگیراوە و یادیان کراوەوتەوە و خاوەندارێتی لە کەیسەکەیان کراوە . بۆ نموونە دوکتور سادقی شەرەفکەندی یان کاک فوادی موستەفا سوڵتانی، هەریەک لەوان کەسایەتیی تێکۆشەر و بلیمەت و هەڵکەوتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون، بەڵام دەبینین تەنیا لە چوارچیوەی ئەو حیزبەدا یادیان لێ دەکرێتەوە و خەباتەکەیان هەڵدەسەنگێندرێ، کە خەباتی نەتەوەیی و ئینسانییان تێیدا بەرەوپێش بردوە. بۆ نموونە دیموکرات کەمتر باسی کەسێکی وەک کاک فوادی مستەفا سوڵتانی و کاریگەریی خەباتەکەی لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی دەکا، یان کۆمەڵە زۆر بە کەمی باسی کەسایەتیی و تایبەتمەندییە بەرزەکانی وەک دوکتور شەرەفکەندی دەکا. راستە ئەوانە هەریەک لە حیزبێک‌دا بوون و بیروبۆچوونیان جیاواز بووە، بەڵام چوارچێوەی کارو تێکۆشان و خەباتەکەیان بۆ کوردستان، سنووری حیزبایەتیی بڕیوە. یا بۆ نموونە ئەگەر باسی کەیسی تیرۆری دوکتور قاسملوو دەکرێ، تەنیا حیزبی دیموکرات خۆ بە خاوەنی ئەو کەیسە دەزانێ، لە حاڵێک‌دا قاسملوو زۆر لەوە گەورەتر و کاریگەرتر بووە بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان کە تەنیا حیزبی دیموکرات خۆ بەخاوەنی کەیسەکەی بزانێ.

ئەوە لە کاتێک دایە دوژمنی نەتەوەی کورد یەک لەوان کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەو جیاوازییەی دانانەناوە و هەوڵی داوە بژاردەکانی ئەم نەتەوەیە بەهەرشێوەیەک بووە لەناو بەرێ یان بایەخیان کەم بکاتەوە. قەزیەی تیرۆرە سیاسییەکانی رێبەرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە نموونەی ئاشکرای ئەم ئەو هەوڵانە بووە دژی ئەم نەتەوەیە. ڕێژیمێک بە مەبەستی بەهێز بوونی خۆی لە کوردستان، گەورەترین جینایەتی خوڵقاندوە و بە تیرۆر کردنی کەسایەتیی و لەناوبردنی بژاردە سیاسی‌یەکانی ئەم گەلە، نیشانی داوە کە لە لای ئەو دوژمن یەکێکە، ئەویش گەلی خەباتکار و ئازادیخواز ی کوردە. بەڵام ئەم گەلە بە هۆی حیزب حیزبێن و بەرژەوەندییی تەسکی حیزبایەتییەوە، پێگە و هەلومەرجی خۆی لاواز کردوە و لە ئاکام‌دا دەسکەوتە مێژوویەکانی زۆر جار لەبار براوە. لە راستی‌دا بەرژەوەندی حیزب و ئەم بەحیزبیکردنەی کۆمەڵگەی کوردستان بەگشتی، زیانی گەورەی لەمێژووی ئەم گەلە چەوساوەیە داوە و تەنانەت لاپەرە و تابلۆی مێژووی خەباتی کەسایەتییە ناودارەکانی کوردستانیش وەک خۆیان و بە ئەندازەی قورسایی خۆیان نەڕازاونەتەوە.

چونکە هەر حیزبەی لە راستای سیاسەتی حیزبەکەی خۆیدا باس لە کاریگەریی و ڕۆڵی ئەم کەسایەتییانە دەکا، نەک لە راستای قورسایی و گەورەیی و کاریگەربوونی ئەوان . واتە چوارچێوەی تەنگەبەری حیزبایەتیی سیمبولەکانیشی سنووردار یان سانسۆر کردوە. بێگومان ئەوە زیانی گەورەی لە پێگە و ئێعتباری سیاسیی نەتەوەیی کورد داوە .

ئایا ئەم سەکۆی دژایەتی کردنەی حیزبەکان لەگەڵ یەکتر کەی دەرووخێندرێ؟ کورد کەی دەگات بەو قۆناغە کە حیزبایەتی نەخاتە سەرەوەی هەموو بەرژەوەندییەکی نەتەوەییەوە؟ ئەم چارەسەرە لە کوێوە دەست پێ دەکا؟

کاتی ئەوە هاتووە روحی نەتەوەیی بوون بکرێتە هەوێنی یەکگرتوویی و نیشاندانی هەڵوێستی نەتەوەیی و ئازادیخوازنەی حیزبەکان و، بۆ ڕێزگرتن و یادکردنەوەی ئەو شەهیدانەی کوردستان بەتایبەتی ئەم کاسایەتییە کاریگەر و ناودارانە کە بیر و ئەندیشەیان موڵکی نەتەوەیەکە، باشترە ئەم هێڵەحیزبایەتییە لاببرێن و گەورەتر لەوە چاویان لێ بکرێ کە حیزب دەیکات. کارکردی ئەحزابە دەتوانی پێگەی کورد لە جیهان‌دا بەرز بکاتەوە و بە پێچەوانەکەشی دەکرێ لاوازیشی بکا!

ئایا دەکرێ لەناو ئەو هەموو کوشتن و تیرۆر و وێرانکارییەدا کە چواردەوری کوردستانیان داوە، ئومێدێک هەبێ کە حیزبەکان بیر لە بەرژەوەندییەکی گەورەتر بکەنەوە و ناکۆکی و دڕدۆنگییەکان وەلا بنێن؟ بە ململانێی حیزبایەتی قسەکردن لە بەرژەوەندیی نەتەوە، خەوێکی وەدیی نەهاتووە.